







# چل ساڵەی شۆڕشی گەلانی ئێران

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێرست

١- ئێران: ڕۆحی جیهانێکی بێ ڕۆح ....... گفتوگۆ لەگەڵ میشێل فوکوی .......... و: بروا عەلادین ........... ٣
٢- شۆڕشی ئێران وەک تاقیگەیەک بۆ فەلسەفەکەی میشێل فۆکۆ ................. ماڵپەڕی کولتور مەگەزین ... ٢١
٣- نامەی کراوەی میشل فۆکۆ بۆ مەهدی بازرگان سەرۆک وەزیرانی ئێران ......... و: ئەسعەد عەلی .......... ٢٧
٤- بەستینی کۆمەڵایەتی شۆڕشی ١٣٥٧ای ئێران ١ - ٤) ............................. ماڵپەڕی پەیام ........... ٣٢
٥- دەوری ئامریکا لە بە دەسەڵات گەیاندنی ڕەوتی ئیسلامی لە ئیران ............ ماڵپەڕی پەیام ........... ٥١
٦- ئەمریکا و شۆڕشی ١٩٧٩ای ئێران ............................................ نوچە نێت ............... ٥٥
٧- شۆڕشی ئێران؛ لەنێوان دوو قۆناغی جیاوازدا ................................. ئاوا تودەی .............. ٦٧
٨- چارەنوسی کەسایەتییە نزیکەکانی خومەینی دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران ........ درەو میدیا ............... ٧٣
٩- ژنانی ئێران لە پێش و لە پاش شۆڕش ........................................ ئین ئار تی .............. ٧٧
١٠- گوزەرێک بەنێو سەرەتاکانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران دا ......................... ئەرسەلان تۆفیق ......... ٨٦
١١- شۆڕشی گەلانی ئێران چۆن دزرا ............................................... ڕۆژ نیوز ................ ٩٣
١٢- دەرسێک کە ئێمەی کورد لە شۆڕشی ١٣٥٧ وەرمان نەگرتوە! ...................... قادر وریا ............... ٩٨
١٣- کورد و چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ................................. کەماڵ کەریمی .......... ١٠١
١٤- با ئامانجمان ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ ................................... سەید خدر میرسەیدی ........ ١٠٤
١٥- بەرگری و بەگژداچوونەوەیەکی ڕەوا ........................................ سمایل شەرەفی ......... ١٠٦
١٦- کورد و مێژووی کۆماری ئیسلامی ........................................ ڕەزا محەممەدئەمینی ........ ١١١
١٧- دەسەڵاتی تاج و مەندیل لە قانوونی ئەساسیی ئێراندا ......................... عومەر باڵەکی .......... ١١٤
١٨- ڕەوتی ڕووداوەکان و کاریگەری ئیمام خومەینی لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی .... میللەت پریس ..... ١١٩
١٩- شۆڕشی ١٣٥٧ و ڕووحانییەتی شیعە ............................................. سمایل بازیار ........ ١٤٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئێران: ڕۆحی جیهانێکی بێ ڕۆح



**گفتوگۆ لەگەڵ میشێل فوکوی (فۆکۆ دەربارەی شۆڕشی گەلانی ئێران)**

**وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە: بڕوا عەلادین**

*میشێل فوکو لەم دیالۆگەدا ستایشی شۆڕشی ئێرانی دەکات و وەک سیما و گوزارشتێکی نمونەیی لە ئیرادە و ویستی کۆگەلی لێی دەڕوانێت. بەڕای ئەو، ئەم شۆڕشە بە هیچ شێوەیەک پەیوەست و هەڵقوڵاوی چەمک و زاراوەکانی وەک ململانێی چینایەتی و چەوساندنەوەی ئابوریی نیە. فۆکۆ ڕای وایە بۆ ئەوەی لە ئێراندا شۆڕش دژی شا لە ڕوی سیاسیەوە کاریگەر بوایە و کاری پێبکرایە، ئۆپۆزسیۆنی شیعە ناچار بووە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و رادیکاڵی لە سوبێکت و خودێتی خەڵکەکەدا بکات. ئەوەشی کە یارمەتیدەر بووە و ڕێگای بۆ ئەم گۆرانکارییە خۆشکردوە سیاسەتی ڕۆحیی ئیسلام بووە، وەک بەدیهێنانی ئەو بەڵگەنەویستە مارکسیەی پێی وایە ئایین لە ڕوکەشدا هیچ نیە جگە لە ڕۆحی جیهانێکی بێ ڕۆح.*

*ئەم چاوپێکەوتنەش (ڕۆحی جیهانێکی بێ ڕۆح) ساڵی ١٩٧٩ لە لایەن کلایر بریێر و بیار بلانشێوە سازکراوە و ئالان شێریدان کردویەتی بە ئینگلیزی.*

***کلایر بریێر:** دەتوانین بە ئاسانترین پرسیار دەستپێبکەین؟ منیش وەک زۆر کەسی تر، وەکو تۆ، سەرسام بووم بەو*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕوداوانەی لەئێران ڕویاندا. بۆچی؟

**فوکـو:** دەمـەوێت بگەڕێمـەوە بـۆ پرسـیارێکی تـر کـە ڕەنگـە گرنگی و بایـەخێکی کـەمتری هـەبێت، بـەڵام دەشـێت ڕێخۆشکەر بێت بۆ تێگەیشتن لە هەندێک بابەتی وەک ئەوەی کە: ئایا چی بـاس لـە چی دەکـات، ئایـا ئـەوەی لـە ئێران ڕویدا، بۆتە مایەی تـوڕەیی و بێزاری بـۆ ئـەو کەسـانەی سـەر بـە بـاڵ و بـەرەی چەپ و ڕاستن؟ لەڕاستیدا کێشەی ئێران بەو شێوەیەی کە ڕویدا، بە هەمان شێوەی پورتوگاڵ بۆ نمونە یان نیکاراگوا نەبووە مایەی سەرنج و هاوسۆزیی. ئەڵبەتە مەبەستم لەو نیکاراگوایەی ناوەڕاستی هاوین نیە کاتێک خەڵکی خۆیان لەبەر گەرمیی خۆردا هەڵخسـتوە، کـەچی هـەر بایـەخ و گرنگیـەکی زۆریشـی پێـدرا. بـەڵام لـەدۆخی ئێرانـدا هـەر زوو هەسـتم بـە کاردانەوەیەکی مرۆیی بچوک کرد، کاردانەوەیەک کە زادە و دەرەنجامی هاوسۆزییەکی دەستبەجێ و ڕاستەوخۆ نەبوو. با نمونەیەک بهێنمەوە، لەویَ ئەو خانمە رۆژنامەنوسە هەبوو کە تۆ باش دەیناسیت. ئـەو لـە تارانـەوە بابـەتێکی نوسی کە لە پاریس بڵاوکرایەوە، لە دوا ڕستەی وتارەکەیدا کە باسی شۆڕشی ئیسلامی دەکات، سیفەتی (دەمارگیر ـ فەنەتیک)ی بەکارهێنابوو، ئەگەرچی خۆی وتبووی کە گوایە ئەو وای نەنوسیوە و لەلایەن ڕۆژنامەکەوە بـۆی زیـاد کراوە، بەڵام ئەو دەستەواژەیە وای لە من کرد هەستبکەم کە بزوتنـەوەی ئێرانـی بەڕاستی بۆتـە مایـەی وروژانـدنی جۆرێک لە توڕەیی و بێزاری.



میشیل فۆکۆ بەشداری دەکات لەخۆپیشاندانەکانی سەر شەقامەکانی پاریس لەدژی کۆلۆنیالیزەکردن و جەنگی خۆر ئاوا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

***بیار بلانشێ:*** *دیارە چەندین هەڵوێست و تێڕوانینی کراوە و شیاو بۆ ئێران هەن. لە لایەکەوە هەڵوێستی چەپە توندڕەوە کلاسیک و ئەرتەدۆکسەکان، بۆ نمونە ڕێکخراوی کۆمۆنیست کە پاڵپشتی لە ئێران دەکات و هەموو چەپە توندڕەوەکان و کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینییش پشتگیریی لێدەکەن. ئەمانە ئەو گروپانەن کە دەڵێن: ڕاستە ئەوانە یاخیگەری ئایینین، بەڵام ئەوە گرنگ نیە، ئایینەکە بەتەنها قەڵغانێکە و هیچی تر، هەر بۆیە دەکرێت بێ هیچ دوودڵیەک پشگیرییان بکەین، ئەوە بەتەنها خەباتێکی کلاسیکییە دژ بە ئیمپریالیزم بە ڕابەرایەتی پیاوێکی ئایینی کە ناوی خومەینی یە و دەشێت کەسێکی مارکسی ـ لینینییش بێت، تەواو هاوشێوەی ئەوەی کە لە ڤێتنام هەیە، تۆ ئەگەر ڕۆژنامەی (L' Humanite) بخوێنیتەوە، دەبینیت هەر دوو پارتەکانی سۆشیالیست و کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕییش هەمان هەڵوێستیان هەیە. بە دیوێکی تریشدا، هەڵوێستی میانڕەوترین چەپ، هەروەها پارتی سۆشیالیست و چەپی توندڕەو لە چواردەوەری ڕۆژنامەی (Libération) یش لەسەرەتاوە هەر بەو بێزارییانە ئەژمار دەکرێن. ئەوان دەیانەوێت بەتەنها دوو شت بڵێن، یەکەم: ئایین بەتەنها بریتیە لە پەچە، لە شتێکی کۆن و سواو، جۆرێکە لە پاشەکشێ کە لانیکەم پەیوەندی بە حەز و ویستی ژنان خۆیانەوە هەیە و بەس، دووەم: ئەگەر ئایین دەسەڵاتی گرتە دەست و فەرمانڕەوایەتی کرد، پێویست ناکات لە ئەگەری دروستبوونی هیچ جۆرە دیکتاتۆریەتێکی نوێ بترسین؟*

*فوکو:* دەکرێت بڵێین لەپشتی ئەم دو چەشنە بێزارییەوە چەندین جۆری دیکە لە تووڕەیی هەن، یان ڕەنگە سەرسوڕمان هەبێت، جۆرێک لە پشێویی و نائارامی لەوەی ڕوبەڕوی دیاردەیەک دەبینەوە کە بەلای ئەقڵیەتی سیاسی ئێمەوە زۆر سەیر و نامۆیە. دەشێت ئەو دیاردەیە بە شۆڕشگێڕییبوون ـ بە مانا بەرفراوانەکەی زاراوەکە ـ ناو ببەین، چونکە پەیوەندی بە یاخیبوون و ڕاپەڕینی نەتەوەیەکەوە هەیە لەدژی دەسەڵاتێکی چەوسێنەر و داپڵۆسێنەر. ئێمە ئەو کاتە دەرک بە شۆڕش دەکەین کە دەتوانین تێبینی دوو دینامیک بکەین:

*یەکەمیان* ئەو ناکۆکیەیە کە لە کۆمەڵگەکەدایە، ئەوەی لەململانێی چینایەتیدایە یان لە ڕوبەڕوبوونەوە کۆمەڵایەتیەکاندا هەیە.

*دووەمیشیان* ئەو دینامیکە سیاسیەیە کە بەمانای بوون و ئامادەگی حیزبێکی پێشڕەو، چینێک، حیزبێک یان ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی دێت. بەکورتی، ئەو سەری مارەی کە هەموو میللەت و نەتەوەکە لەگەڵ خۆیدا دەبات. من وای دەبینم ئەوەی ئێستا لە ئێراندا ڕوودەدات هیچ کام لەم دوو خاسیەتە دینامیکیەی تێدا نیە کە بەلای ئێمەوە خاڵی جیاکەرەوە و ناسەرەوەی هەر دیاردەیەکی شۆڕشگێڕانەن. ئەوەی بەلای ئێمەوە بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناتوانێت ناکۆکییە ناوەکیەکانی کۆمەڵگە دیاریبکات، وەکچۆن نایشتوانێت ئاماژە بێت بۆ هێزێکی پێشڕەو.


***بیار بلانشێ**: لە زانکۆی تاران بڕێک مارکسیست هەبوون ـ کە من بۆ خۆم بەشێکیانم بینیوە ـ وایان هەستدەکرد لەناو شۆڕشێکی زۆر قەشەنگ و بێوێنەدا دەژین، شۆڕشێک کە زۆر گەورەتر بوو لەوەی بیریان لێکردبۆوە، لەوەی ئومێدیان بۆ خواستبوو یا خەونیان پێوە بینیبوو. کە پرسیاریشیان لێکرا داخۆ چۆن بیریان لێکردۆتەوە، وەڵامەکەیان ئەمە بوو: ((ئەمە دۆخێکی شۆڕشگێڕانەیە، بەڵام بەبێ پێشڕەو)).*

***کلایر برییێر**: ئەوەی کە من دەربارەی کاردانەوەی خەڵکی ئێران بەرامبەر شۆڕشەکە بیستومە زیاتر ئەوەیە کە خەڵک تێیناگات. کاتێک باس لە بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە دەکرێت، خەڵکی لە خۆرئاوادا ـ تەنانەت بە ئێمەشەوە ـ ڕاستەوخۆ خەیاڵیان بۆ چەمکی پێشکەوتن دەچێت، بۆ شتێک کە ئامانجەکەی گۆڕانە بە دیوی گەشەکردن و پەرەسەندندا. هەموو ئەمانەش لەدۆخی دیاردەیەکی ئایینیدا دەخرێنە ژێر پرسیارەوە. بەڵام لەڕاستیدا شەپۆلی ڕوبەڕوبوونەوەی ئایینی لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بۆچوون دامەزراوە کە دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی سیانزەیەم, هەر بەم بۆچونانەشەوە دژایەتی شا کرا، لەکاتێکدا باس لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکرا کە وا دیار بوو تەریب و هاوشانی بیرکردنەوە و کرداری پێشکەوتن بێت. ئەمێستا من نازانم ئایا کە تۆ لە ئێران بوویت توانیوتە دەستنیشانی سروشت و مۆرکی ئەو ڕوبەڕوبوونەوە ئایینیە بکەیت، چونکە بەلای منەوە کارێکی قورسە. بەڕای من هێشتا ئێرانیەکانیش لە ناو ئەو ئاڵۆزی و گێژاوە دان، ئەمە جگە لەوەی خاوەنی چەندین شێوە و ئاستی جیاواز لە گوتار و زمان و دەربڕینن. لە لایەکەوە کوڕێک دەبینیت هاواردەکات: ((بژی خومەینی)) کە تەواو باوەڕی بە ئاینەکەیەتی، کوڕێکی تر دەبینیت دەقیژێنێت: ((بژی خومەینی)) کە دەڵێت من هیچ تایبەتمەندێتیەکی ئاینیم نیە و خومەینی تەنها وەک سیمبولێک دەبینم، لەو لاشەوە کەسێکی تر دەبینیت دەڵێت: من کەسێکی تاڕادەیەک باوەڕدار و ئاینییم، خومەینیم خۆشدەوێت، بەڵام ((شەریعەت مەداری)) یم پێ باشترە کە فیگورێکی سیاسی و ئاینیی تەواو جیاوازە لە خومەینی. کچێک دەبینیت پەچەیەکی داوە بە سەریدا تا نیشانی بدات دژی ڕژێمەکەی شایە، کچێکی تریش دەبینیت (نیمچە سێکیولار و نیمچە موسوڵمان) هیچ پەچەیەکی نەپۆشیوە، کەچی دەڵێت: ((من موسوڵمانم، بژی خومەینی))... وەک دەبینیت لەناو ئەم هەموو خەڵکەدا، ئاستی جیاوازجیاواز لە بیرکردنەوە هەن، کەچی هاوکات هەموویان یەک دەنگ و بە کەفوکوڵێکی زۆرەوە هاوار دەکەن و دەقیژێنن: ((بژی خومەینی)). دیارە پاشتر هەموو ئەو ئاستە جیاوازانەش لە یەکتری دوردەکەونەوە.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**فوکو**: نازانم تۆ کتێبەکەی فرانسوا فورێت دەربارەی شۆڕشی فەرەنسی خوێندبێتەوە، بەلای منەوە کتێبێکی زۆر گرنگ و زیرەکانەیە و ڕەنگە یارمەتیمان بدات تا بتوانین لەم گێژاوی جیاکردنەوە و دەستنیشانکردنەی چەشنەکان دەربچین. فوریێ جیاکارییەک دەکات لەنێوان سەرجەمی پرۆسە ئابوریەکان و ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتیەی بەر لەشۆڕشی ١٧٨٩ زۆر بە باشی دەستپێدەکەن و پاش شۆڕشەکەش، زۆر بە باشی کۆتاییان دێت، وەکچۆن باسی خاسیەتە تایبەتیەکانی ڕوداوی شۆڕشگێڕانەشمان بۆ دەکات. ئەو دەیەوێت باس لە تایبەتمەندێتی ئەو شتانە بکات کە خەڵکی لە ناوەوە، قوڵ وەک ئەزمون دەیگوزەرێنن و دەیژێنن، بەڵام مەبەستیشیەتی باسی ئەوە بکات کە داخۆ لەسەر ئەو جۆر شانۆیە چیان گوزەراندوە، شانۆیەک کە ڕۆژ بەڕۆژ پێکەوە دروستیانکردوە و کۆی شۆڕشەکەی پێکهێناوە. پرسیارەکەی من ئەوەیە کە ئایا ئەمە بۆ



سەرپەڕاندنی لویسی شازدە بەگیلۆتی .

گرافیک؛ Georg Heinrich Sieveking, 1793

ئێرانیش ناشێت؟ ڕاستە کۆمەڵگەی ئێرانی لەیەک کاتدا بە هەموو ناکۆکیە ناوەکیەکانی ناو خۆیەوە دەستی داوەتە چەک، ئەڵبەتە ئەمەش بۆ خۆی ڕاستیەکە و کەسمان ناتوانین نکۆڵی لێ بکەین، بەڵام ئەوەی کە لێی دڵنیاین ئەوەیە هێشتا ساڵێکە ئەو ڕوداوە شۆڕشگێڕانەیە ڕویداوە و هاوکات ئەزمونێکی ناوخۆیی ئێرانییشە، چەشنێک سروتی پیرۆزی سەربەخۆیە، ئەزمونی کۆمەڵگەیەکە... هتد. بەدڵنیاییەوە هەموو ئەزمون و ڕوداوەکان بەرەو ئەوە دەچوون بگەنە ململانێیەکی چینایەتیی: بەڵام بەو مانایە نا کە خۆی لە گوزارشتێکی ڕون و ڕاستەوخۆدا ببینێتەوە. ئەی کەواتە ئایین بە حوکمی ئەوەی کاریگەریەکی زۆری لەسەر خەڵکی هەیە و تا بینەقاقایان هاتوە، چ ڕۆڵێکی هەیە؟ مەبەستم لەوەیە کە ئایین هەمیشە لە پەیوەندیدا بووە بە دەسەڵاتی سیاسی و ناوەرۆکەکەیەوە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەردەوامیش کردویەتیە ئایینی جەنگ و قوربانیدان و... هتد، ئایا ئەم ئایینە چ ڕۆڵێکی هەیە؟ دیارە لێرەدا وەک ئەو ئایدیۆلۆژیایە باسی ئایین ناکەم کە ناکۆکیەکان دەشارێتەوە، ئایدیۆلۆژیایەک کە چەشنێک یەکگرتنی پیرۆز لەنێوان کۆمەڵێک خواست و بەرژەوەندی جیاوازدا دروستدەکات. من مەبەستم لە ئایینە کە بەڕاستی بووە بە تفاق و کەرەستە، بە جۆرێک لە ئاهەنگ و بۆنەسازیی، بە درامایەکی نەمر کە میللەتێک توانی وەک درامایەکی مێژوویی زۆر بە باشی لە پێناوی دنەدان و تیژکردنەوەی ئینتیما و لایەنگیریی بۆ بوونی خۆی، لەدژی ئەوانە بە کاری بهێنێت کە سەروەر و باڵادەستی بوون (شا).


***بیار بلانشێ**: ئەوەی بە لای منەوە سەیر بوو، ڕاپەڕینی سەرجەم خەڵک و دانیشتوانی ئێران بوو! دەڵێم هەموو دانیشتوان. گەر تۆ خۆپیشاندانی عاشورا بە نمونە وەربگریت، دەبینیت ژمارەکان هەر لە زیاد بووندان: تۆ باسی مناڵان، کەسانی پیر و پەککەوتە و تەنانەت ئەو ئافرەتانەش مەکە کە لە ماڵەوە ماونەتەوە. چونکە دوای هەموو ئەوانەش هێشتا هەر دەبینیت هەموو تاران لەسەر شەقام بوون و هاواریان دەکرد: ((مەرگ بۆ شا))، دیارە جگە لە هەندێک مشەخۆر کە لە دەرەوەی ڕژێمەکە بوون، تەنانەت ئەوانەشی کە زۆر لە مێژ بوو لەگەڵ ڕژێمەکە و ئەو فەرمانڕەوایەتیە مۆنارکیەدا بوون، هاواریان دەکرد: ((بڕوخێ شا، مەرگ بۆ شا)). بەڕاستی ئەمە مایەی سەرسوڕمان و جۆرێک لە حەپەسانە، چرکەساتێکی دەگمەنە کە نابێت فەرامۆشی بکەین. ئاشکراشە کە دوای ئەوەی دۆخەکە ئارام دەبێتەوە و شتەکان دەچنەوە شوێنی خۆیان، چین و توێژی تر دەردەکەون.*

**فوکو**: یەکێک لەو تایبەتمەندێتیانەی کە ئەو شۆڕشە لە زۆر ڕوداوی تر جیادەکاتەوە و کەم خەڵک لە مێژوودا خاوەنی بوون، بوونی ویست و ئیرادەیەکی کۆگەلیی ڕەهایە. ئیرادەی کۆگەلیی بریتیە لە ئەفسانە و خورافەتێکی سیاسی کە یاساناس و فەیلەسوفەکان هەوڵدەدەن شیکاری بکەن و وەک پاساو بۆ دەزگاکانی بهێننەوە. ئیرادەی کۆگەلیی بریتیە لە ئامرازێکی تیۆری: ئەڵبەتە هەرگیز هیچ کەسێک نەیتوانیوە ئیرادەی کۆگەلیی وەک بینین ببینێت، لێ من وەک خۆم، هەمیشە پێم وا بووە کە دەشێت ئەو کۆگەلییبوونە خودا بێت، ڕۆح بێت ، شتێک بێت کە هەرگیز مرۆڤ دەستی لێنادات و بەری ناکەوێت. نازانم ئێوە تا چەند لەگەڵمدا تەبا دێنەوە، بەڵام ئێمە لە تاران و سەرتاسەری ئێراندا بینیمان ئەو ئیرادە کۆگەلییە زادەی خەڵکە و هەر لە خەڵکەکەیشەوە سەرچاوە دەگرێت. باشە، بەڵام نابێت ئەوەشت لەیاد بچێت کە ئەوە هەموو ڕۆژێک ڕونادات. هەر بۆیە دەبینین ئەو ئیرادە کۆگەلییە (لێرەدا دەبێت باسی مانا سیاسیەکەی خومەینی بکەین) بەتەنها یەک بابەت و یەک ئامانجی هەیە کە ئەویش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بریتیە لەڕۆیشتن و نەمانی شا. ئەو ویستە کۆگەلییە کە لە تیۆرەکانی ئێمەدا هەمیشە شتێکی گشتیە، لەئێراندا ئامانجێکی زۆر تایبەتی و ڕون و ئاشکرای بۆ خۆی دۆزیەوە، هەر بەو شێوەیەش لەمێژوودا تەقیەوە. دیارە بێگومان دەشێت لە شێوەی خەباتی ڕزگاریخوازی و سەربەخۆیی یان ململانێ و جەنگی دژە کۆلۆنیالیزم و دیاردەگەلی دیکەی لەو جۆرەشدا، گوزارشت لە خۆی بکات و ببینرێت. لە ئێراندا هەستی نەتەوەیی زۆر بەهێز بوو: ئێرانیەکان ڕەتیانکردەوە و قەبوڵیان نەکرد کۆمەک لە بێگانە وەربگرن، نەکەوتنە گیانی سەرچاوە نەتەوەییەکانیان، تەنها پشتیان بە سیاسەتی دەرەوە نەبەست، نەیانهێشت ئەمریکا دەستوەربداتە کاروبارەکانیان، لەکاتێکدا کاریگەری و دەسەڵاتەکانی ئەمریکا لە هەموو جێگەیەک دەبینران. دیارە بەبێ ئەوەی لەیادمان بچێت کە هەموو ئەو شتانەی سەرەوە لە سیستمە سیاسیەکەی شادا هەبوون، شایەک کە بە دەستێکی خۆرئاوایی دەزانر و دادەنرا. دەمەویت بڵێم هەستی نەتەوەیی یەکێک بوو لەو چەندین چەشنە لە ڕەتکردنەوەی ڕادیکاڵی کە لەئێراندا هەبوو: واتە ڕەتکردنەوەی خەڵکی ئێران بۆ بێگانەکان نا بەتەنها، بەڵکو بۆ هەموو ئەو شتانەیش کە چەندین ساڵ و سەدە بوو چارەنوسی سیاسی ئەوانی پێکهێنابوو.



خومەینی بەفڕۆکەی فەڕەنسیەکان دەگاتە تاران ١٩٧٩

***بیار بلانشێ: ئێمە ساڵی ١٩٦٧، لەهەرەتی قۆناغی دەسەڵاتی (لین پییاو) دا چوین بۆ چیین، لەو کاتەشدا هەستمان بە هەمان چەشن لە ویست و ئیرادەی کۆگەلیی کرد. بە هەر حاڵ، شتێکی زۆر بەهێز ڕویدا، ئارەزوویەکی***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

***زۆر قوڵ لە تەواوی خەڵکی چییندا دەبینرا، بەتایبەتی لەو ڕووەوە کە پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان شار و گوند، ڕۆشنبیر و کرێکارەوە، مەبەستم لە هەموو ئەو پرسیارانەیە کە لە ئێستای چییندا بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی و ترادسیۆنالی دەکرێن و دەخرێنە بەر باس. لە یەکین وامان هەست دەکرد چینییەکان میللەتێکن لەدۆخی توانەوەدا، پاشتر بۆمان دەرکەوت کە دەبێت خەسڵەتی چیینییش لەبەرچاو بگرین. ڕەنگە تا ڕادەیەکی زۆر چوبینە ناو بابەتی شۆڕشەکەی چیینەوە، بەڵام ئەم کارەمان بە مەبەستی ڕونکردنەوەی هەندێک لایەنی شۆڕشەکەی ئێرانە! خۆی لە هەردوو حاڵەتەکەدا جۆرێک لەهاوشێوەیی لەنێوان کاریزمای ماو زی تۆنگ و کاریزمای خومەینیدا هەیە، وەکچۆن لێکچونێکیش هەیە لەنێوان ئەوەی لاوە چەکدارە موسوڵمانەکان چۆن باسی خومەینی دەکەن و نێوانی ئەوەی کە سەربازانی سوپای سوور چۆن قسەیان لەسەر ماو کردوە.***

**فوکو:** بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕشی کەلتوریی لە چیین وەک ململانێیەک خۆی نیشاندا لە نێوان هەندێک بەشی دانیشتوان لەدژی بەشێکی تری دانیشتوان، لەنێوان زۆربەی زۆری لایەنگرانی حیزب بەرامبەر هەندێک لایەنگری تر لەناو حیزبدا، لەنێوان دانیشتوان و حیزبدا و... هتد. بەڵام ئەوەی لە ئێراندا بووە مایەی سەرسوڕمانی من ئەوەیە کە هیچ خەبات و ململانێیەک لە نێوان ڕەگەزە جیاوازەکانی کۆمەڵگەکە لە دژی یەکتری نابینیت. ئەوەی کە ئەو جوانیە و هاوکاتیش ئەو قورساییەی بە شۆڕشەکە بەخشیوە ئەوەیە کە بەتەنها یەک ململانێ و یەک ڕوبەڕوبوونەوە هەیە: ڕوبەڕوبوونەوەی تەواوی خەڵکە لەگەڵ مەترسی و هەڕەشەکانی دەوڵەت کە بە پۆلیس و چەک دەیکاتە سەر هاوڵاتیان. بەڕای من نابێت زیادەڕۆیی بکەین، چونکە لایەنەکانی ململانێکە، هەریەکە لە لای خۆیەوە دیارە: لە لایەکەوە ویستی تەواوی خەڵک دەبینین، لە لاکەی تریشەوە هێرشی چەک. خەڵکی خۆپیشاندانیان کرد و هاتنە سەر جادە، تانکەکانیش هاتن پێشیان پێبگرن. خۆپیشاندانەکان بەردەوامبوون و دووبارە دەبوونەوە، تفەنگەکانیش هەر گوللەبارانیان دەکردن. ئەمەش بەزۆری بە شێوە و ڕێگەیەکی شوناسئاسا ڕویدا، ئەڵبەت لە ئان و ساتی جیاوازیشدا تا دەهات گەرمتر و توندتر دەبوو، لێ بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک لە سروشت و شێوەکەیدا. دووبارەبوونەوەی خۆپیشاندان دەبینیت. وەک دەبینیت خوێنەری ڕۆژنامەکان لەخۆرئاوادا زۆر زوو لەمە بێزار بوون، ئەوان دەیانوت: ئۆە، دیسانەوە ڕێپێوان و خۆپیشاندانێکی تر لەئێران! بەڵام من ڕام وایە کە دووبارەبوونەوەی ڕێپێوان و خۆپیشاندانەکە مانایەکی سیاسی چڕوپڕی هەبوو. دەبێت لێرەدا وشەی خۆپیشاندان بەمانا فەرهەنگی و حەرفیەکەی وەربگرین: خەڵکێک کۆڵنەدەرانە و بێ ماندوبوون، خۆپیشاندان بۆ ویستی خۆیان دەکەن. بێگومان ناتوانین بڵێن ڕژێمەکەی شا تەنها بە هۆی ئەو خۆپیشاندانەوە ڕوخاوە، بەڵام ناتوانین نکۆڵی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوەش بکەین کە یەکێک لەهۆکارەکانی ڕوخانی شا، هەبوونی ئەو ڕەتکردنەوە بێپایانە بوو کە لەو خۆپیشاندانانەدا گوزارشتی لە خۆی کرد. لەو خۆپیشاندانانەدا پێوەندێک هەبوو لەنێوان کردەی کۆگەلی، سروتی ئایینی و گوزارشتێک لە مافی گشتی. دەتوانین بڵێین پتر هاوشێوەی ئەو دۆخە بوو کە لە تراژیدیا گریکیەکاندا هەیە، کاتێک سروت و بۆنەی کۆگەلی شانبەشانی نوێبوونەوەی پرەنسیپەکانی ماف دەردەکەون. لە شەقامەکانی تاراندا کردەیەک هەبوو، کردەیەکی سیاسی و یاسایی کە بەشێوەیەکی کۆگەلییانە و لەچوارچێوەی سروتی ئایینیدا بووە مایەی پەکخستن و لەناوبردنی سەروەریی دەسەڵاتە سیاسیەکە.

***بیار بلانشێ**: سەبارەت بە پرسیاری ئیرادەی کۆگەلی، ئەوەی کە زۆر منی توشی سەرسوڕمان کردوە ـ دیارە من هەندێک جار سەرسام بووم و جاری واش هەبووە بێزار ـ ئەوەیە بۆ نمونە کاتێک خوێندکاران هاتن و وتیان: ((ئێمە هەموومان هاوشێوەین، هەموومان وەک یەکین، هەمووما‌ن لەقورئانەوە هاتووین، هەمووما‌ن موسوڵمانین، کەسی جیاوازمان تێدا نیە. دڵنیابە لەوەی کە ئەوە بنوسیت، بنوسیت کە ئێمە هەمووما‌ن هاوشێوە و وەک یەکین)). لەکاتێکدا ئێمە زۆر چاک دەمانزانی کە جیاوازی هەیە، بۆ نمونە زۆر چاک دەمانزانی کە رۆشنبیران، کەرتی بازرگانان، ئیشکەران (ئەوانەی بازاڕ هەڵدەسوڕێنن) و چینی ناوەند دەترسان لەوەی لەو سنورە زیاتر بڕۆن، کەچی هەر بەردەوامیشبوون لەسەر ڕەوتی خۆیان. من هەستدەکەم ئەمە پێویستی بە لێکدانەوەیە.*

**فوکو**: بەدڵنیاییەوە، زۆر ڕاستی و فاکت هەن لەناو ئەو ڕوداوانەی ئێراندا کە شایەنی لەسەر وەستان و تێبینین. تۆ حکومەتێکت هەیە کە بەدڵنیاییەوە یەکێکە لەو هێزانەی وەک چەک و لەسەر ئاستی توانای سەربازیی، زۆر بە باشی ساز و چەکدار کراوە، خاوەنی سوپایەکی زێدە بە ئەمەک و گوێڕایەڵی دانسقە و کەموێنەیە. ڕاستە پۆلیسی حکومەتەکە زۆر چالاک نەبوو، بەڵام توندوتیژی و دڵڕەقیەکەشی بوو بووە مایەی قەیرانێک و جۆرێک لە پەرتەوازەیی لە وردبینی و بەباشی ڕاییکردنی کارەکانییدا. لەو لایشەوە لەسەر زیاد لە ئاستێک، لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە پشتیوانی دەکرا، ئەمە جگە لە تەواوی جیهان بە دەوڵەتە بچوک و گەورەکانیشەوە. هەموو ئەوانەش کۆمەک بوون بۆ ڕژێمەکەی شا، دیارە بێگومان ڕۆڵی نەوتیش لەو لاوە بوەستێت کە بۆ خۆی گەرانتیەک بۆ ئەوەی دەوڵەتەکە لەکاتی پێویستی و قەیراندا پێویستی بە چی بێت، بۆی دابین بکات. بەڵام سەرباری هەموو ئەو فاکتەرانەش، خەڵکی هەر ڕاپەڕین: بێگومان ئەوان لە ڕەوت و کۆنتێکستی هەلومەرجێکدا ڕاپەڕین کە پڕ پڕ بوو لە قەیران و کێشەی ئابوریی. بەڵام ناتوانین بڵێین بەتەنها کێشە ئابورییەکان لەو کاتەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێراندا بەس بوون بۆ ئەوەی بە سەدان هەزار کەس بڕژێنە سەر شەقامەکان و ڕاپەڕن و سنگی خۆیان بدەنە بەر گوللە. من هەستدەکەم دەبێت قسە لەسەر ئەم دیاردەیە بکەین.

*بیار بلانشێ: بەڵام گەر بەراوردێک بکەین، دەبینین کێشە ئابوریەکانی ئێستای ئێمە زۆر لەو گرفتە ئابوریانە گەورەترن کە ئەو سەردەمە لە ئێراندا هەبوون.*

*فوکو:* لەوانەیە وا بێت. بەڵام بە چاوپۆشین لەگرفتە ئابوریەکان، پێویستە ئەو دۆخەش شیبکەینەوە کە بۆچی مرۆڤگەلێک ڕاپەڕین و وتیان: ئیدی ئێمە هیچ سەروکارێکمان لەگەڵ ئەم ڕژێمەدا نەماوە. لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا ـ کە دەشێت هەر ئەوەش رۆحی ڕاپەڕین و شۆڕشەکە بوو بێت ـ ئێرانیەکان بە خۆیانیان وت: بەدڵنیاییەوە دەبێت ئەم سیستمە بگۆڕین و کۆتایی بەم پیاوە (شا) بهێنین، پێویستە کۆتایی بەم ئیدارە گەندەڵە بهێنین، دەبێت سەرتاپای وڵاتەکە بگۆڕین، دەزگا سیاسیەکان، سیستمی ئابوری و سیاسەتی دەرەوەش بگۆڕین. بەڵام بەر لەهەر شتێک، پێویستە خۆمان بگۆڕین. پێویستە گۆڕانکاری لە شێوەکانی بوونمان، لە پەیوەندیەکانماندا لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ شتەکانیشدا بکەین، دەبێت تەنانەت پەیوەندیمان بە چەمکی نەمریی و خوداشەوە بگۆڕین، گەر هەموو ئەم شتانەش گۆڕانکاریان بەسەردا هات و بوونە مایەی گۆڕانێکی رادیکاڵی ڕاستەقینە لەئەزموونەکانماندا، ئەو کات دەتوانین بڵێین شۆڕشمان کردوە. بە ڕای من، ئا لێرەدا ئیسلام رۆڵی خۆی گێڕاوە. ڕەنگە ئەوە یەکێک بوو بێت لەئیلتیزام و پابەندییەکانی، وەک چۆن لەوانەشە یەکێک بوو بێت لەو سیمبولانەی جۆرێک لە ئەفسون و سیحری خۆیان لەسەر خەڵکی هەیە، بەڵام بەر لە هەر شتێک لەپەیوەندیدا بە شێوەی ژیانیانەوە، ئیسلام بۆ ئەوان پەیمانێک و گەرانتیەک بوو کە دەشێت زۆر ڕادیکاڵانە و لە ڕەگوڕیشەوە سوبێکت و خودێتی ئەوان بگۆڕێت. دواجار ئایدیۆلۆژیای شیعەیش هیچ نیە جگە لە دورگەیەک کە ڕێنومایی و ناوەرۆکێکی نهێنی خۆی هەیە، جیاکردنەوەی دوو لایەنە لە یەک: جیاکردنەوەی ملکەچیەکی دەرەکیانەیە بۆ یاسا لە ژیانێکی رۆحی قوڵ! من کە دەڵێم ئەوان لە ناو ئیسلامدا بەدوای گۆڕانێکدا لە خودێتی خۆیاندا گەڕاون، تەواو لەگەڵ ئەو ڕاستیە تەبا دێتەوە کە پراکسیسکردنی ترادسیۆنی ئیسلامی لە ئێراندا خۆی هەبووە و توانیویەتی ڕاستەوخۆ ئەو شوناسەیان پێ ببەخشێت. ئەوان بەو شێوەیە توانیویانە ئایینی ئیسلام وەک هێزێکی شۆڕشگێڕانە بژین و بگوزەرێنن، واتە ئیسلام شتێک بووە زۆرتر و زیاتر لەوەی بەتەنها ئیرادەی ملکەچکردن بێت بۆ یاسا، ئیسلام زیاتر پەیوەندی بە باوەڕەوە هەبووە، ویستێک و ئارەزوویەک بووە بۆ تازەکردنەوەی هەموو بوونیان، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ ئەزمونێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆحییانە کە هەستیانکردوە دەشێت لەناو خودی ئیسلامی شیعییدا بیدۆزنەوە. هەمیشە باس لە ڕستەکەی مارکس دەکرێت سەبارەت بە ئایین وەک ئەفیونی گەلان. بەڵام خەڵکی هەرگیز باسی ئەو ڕستەیە وەک خۆی ناکەن کە دەڵێت ئایین ڕۆحی جیهانێکی بێ ڕۆحە. کەواتە ڕێگەم بدە بڵێم کە ئیسلام لەو ساڵەدا (١٩٧٨) ئەفیون نەبوو بۆ خەڵکی ئێران، چونکە لە بنەڕەتدا ڕۆحێک بوو بۆ جیهانێکی بێ ڕۆح.



شۆڕش لەدژی شای ئێران - تاران ١٩٧٩

***کلایر بریێر**: وەک ڕونکردنەوەیەک بۆ ئەو قسانەی ئێستا باستکردن ((کە وتت خۆپیشاندانێکی ڕاستی لە ئارادا بوو))، من پێم وایە دەبێت وشەی شاهێد بەکاربهێنین. خەڵکی بەردەوام لە ئێران باسی حسێن دەکەن. ئایا ئێستا کێ حسێنە؟ ئێستا حسێن خۆپیشاندەرە، شاهێدە، ئەو شەهیدەیە کە بە ئازارەکانی خۆی لە دژی خراپەکاریی، خۆپیشاندان دەکات، ئەو کەسەیە کە مەرگی بەلاوە زۆر سەربەرزانەترە لەوەی بۆ سەرکەوتنی خۆی بژی. ئەو خەڵکانەی کە بێ چەک و تەنها بە دەستەکانیان خۆپیشاندانیان کرد، ئەوانیش شاهێد بوون، شاهێدی تاوانەکانی ساواک و شا بوون، شاهێدی دڕندەیی و دڵڕەقیی ڕژێمێک بوون کە دەیانویست بیرووخێنن، شاهێدی خراپەکارییەک کە ڕژێمەکەی شا بەرجەستەی کردبوو.*

***بیار بلانشێ**: کە باسی حسێن دەکەن، ڕاستەوخۆ من توشی کێشە دەبم. حسێن شەهیدێک بوو، ئەو مردوە. میللەتی ئێران بەو هاوارە یێکۆتایی و نەبڕاوانەیان کە دەیانوت: (شەهید، شەهید)، توانیان ڕژێمەکەی شا بڕوخێنن، ئەمەش بۆ خۆی شتێکی بێوێنە و دەگمەنە کە مرۆڤ ناتوانێت باوەڕی پێ بکات. بەڵام ئەی ئێستا دەشێت چی*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*ڕویدات؟ خۆ ئێستا هەمووان هاوارناکەن: شەهید، شەهید تا هەموویان بمرن، لە کاتێکدا دەوڵەتێکی میلیتاریی دەسەڵاتی بە دەستە. بە ڕای من بە ڕۆیشتن و نەمانی شا، ئەو بزوتنەوەیەش لەبەر یەک هەڵدەوەشێت و لێک دەترازێت.*

**فوکو**: ئەڵبەتە زەمانێک دێت کە ئەم دیاردەیەی ئێمە دەمانەوێت تێی بگەین و زۆریش پێی سەرسامین ـ مەبەستم خودی ئەزمونە شۆڕشگێڕییەکەیە لەخۆیدا ـ کۆتایی دێت و لەناو دەچێت. گەر بە شێوەیەکی حەرفی گوزارشتی لێبکەین دەڵێین ئەو شۆڕشە هیچ نەبوو جگە لەو ڕۆشناییەی کە لە هەموویاندا دەدرەوشایەوە و هاوکات هەموویشیانی شتبۆوە. بەڵام ئەمانەش دیسانەوە لە ناو دەچن، ئیدی لەو کاتەدا هێزی سیاسی جیاواز، کەڵکەڵە و خولیای جیاوازجیاوز دەردەکەون، هەندێک سازشکردن و بێنەوبەردە دێنە ئاراوە. من نازانم کێ و کامە هێز دێتە سەرەوە، هەستیش ناکەم کەس بتوانێت لەم کاتەدا شتێکی ئەوتۆ لەسەر ئەم بابەتە بڵێت. ئەمەی کە هەیە نامێنێت، ئەمە دەگۆڕێت و پرۆسەی دیکە لەسەر ئاستێکی تر، هەروەها حەقیقەتی تر دێنە ئاراوە. مەبەستمە بڵێم ئەوەی کە ئێمە بینیمان ئەنجامی جۆرێک لە ڕێککەوتن و سازان نیە لەنێوان گروپی سیاسی جیاوازجیاوازدا، وەکچۆن دەرەنجامی ململانێی نێوان چینی کۆمەڵایەتی جیاوازجیاوازیش نیە کە دواجار بێن و خۆیان بسەپێنن یان لەسەر سەپاندنی فڵانە خاڵ و ڕێکەوتن لەسەر فیسارە بڕیار، پەیماننامەیەک لەنێوان یەکتریدا ببەستن. هیچ کام لەمانە نیە. بەڵکو شتێکی تر ڕویداوە. دیاردەیەک هەبووە کە ڕۆژگارێک هەموو خەڵکی پێکەوە کۆکردۆتەوە و یەک دەنگ و یەک ڕیزی کردوون، ئیدی ئەو دیاردەیە نامێنێت. لەو چرکەساتەدا ئەوەی کە دەمێنێتەوە بە تەنها ئەو خەمڵاندن و لێکدانەوە سیاسییانەیە کە هەر کەسە و بە جیا بە درێژایی ئەو ماوەیە لە خەیاڵ و سەری خۆیدا بیری لێکردۆتەوە. با نمونەی چالاکوان و ئەکتڤیستەکانی هەندێک گروپی سیاسی بهێنینەوە. ئەوەی کە بەشداری لە خۆپیشاندانێکدا کردوە، لە یەک کاتدا دوو کەس بووە، یان با بڵێین خاوەنی کەسایەتیەکی دوو لایەنە بووە: لە لایەکەوە خاوەنی ئەژمار و لێکدانەوەی سیاسی خۆی بووە کە یان ئەمە بووە یان ئەوە، هاوکاتیش کەسێک بووە لە چوارچێوەی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەدا، ڕاستتر بڵێیین ئێرانیەک بووە کە لە دژی پاشاکەی خۆی ڕاپەڕیوە. ئەم دوو شتەش هیچ پەیوەندیان بە یەکەوە نیە. واتە ئەو لەبەر ئەوە لە دژی شا ڕانەپەریوە چونکە حیزبەکەی ویستویەتی وا بێت یان وا نەبێت و ئەژمارێکی لەو جۆرەی کردبێت.

***کلایر بریێر**: یەکێک لە نمونە گرنگ و دیارەکانی ئەو بزوتنەوەیە ئەوە بوو کە لە دۆخی کوردەکاندا ڕوویدا.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*کوردەکان کە زۆرینەیان سونەن و وەک دەزانین زۆر دەمێکە خاوەن ویست و خواستێکی سەربەخۆیی ئۆتۆنۆمییانەن بۆ خۆیان، لەو ڕاپەرینە جەماوەریەدا زمانی خۆیانیان بەکارهێنا. هەموو وایان دەزانی کوردەکان دژی ئەو شۆڕشەن، لەکاتێکدا ئەوان پشتگیریان لە شۆڕشەکە کرد و دەیانوت: بەدڵنیاییەوە ئێمە سونەین، بەڵام بەر لەهەر شتێک ئێمە موسوڵمانین. کاتێک پرسیاریشیان سەبارەت بە تایبەتمەندێتیە کوردانەکەیان لێکرا، کاردانەوەکەیان زۆر تورانە و یەکپارچە ڕەتکردنەوە بوو. ((چی! ئێمە کوردین!)) ئەوان بە کوردی وەڵامیان دەدایەوە و وەرگێڕەکەش ناچار بوو لە کوردیەوە بۆیان وەربگێڕێت، ((نا، هەرگیز، ئێمە بەر لەهەر شتێک ئێرانیین، ئێمە خۆمان بە بەشێک لە کێشەکانی ئێران دەزانین، دەمانەوێت شا بڕوخێت و بڕوات)). دیارە دروشمەکانی کوردستان هەمان ئەو دروشمانە بوون کە لە تاران یان لە مەشهەد دەوترانەوە: ((بژی خومەینی، بڕوخی شا، مەرگ بۆ شا)).*

**فوکو:** من هەندێک ئێرانیم لە پاریس دەناسی، ئەوەی کە سەرنجی منی بەلایاندا راکێشا ترسەکەیان بوو، ترس لەوەی بزانرێت خاوەن مەیل و حەزی چەپڕەوانەن، ترسیان لەوە هەبوو ساواک پێیان بزانن چ کتێبێک دەخوێننەوە و چی ناخوێننەوە، هەروەها شتی لەو بابەتە. کە گەیشتیشمە ئێران، ڕاستەوخۆ پاش قەسابخانەکانی ئەیلول، وتم ئێستا شارێکی تیرۆرکراو و نوقم لەخوێندا دەبینم، چونکە نزیکەی چوار هەزار کەس کوژرابوون. دیارە ئێستا ناتوانم بڵێم خەڵکێکی دڵخۆشم بینی، بەڵام ترسیش نەمابوو، ئازایەتی و جەسارەتێکی پتەو و بەرچاوم بینی، ڕاستتر بڵێم جۆرێک لەبوێری و ئازایەتیم بینی بەرامبەر ئەو ترسەی سەرباری بوونی مەترسییەکی زۆر، کەچی خەڵکەکە بە سەریدا زاڵبووبوون و تێیانپەڕاندبوو. ئەوان لەشۆڕشەکەیاندا هەموو ئەو مەترسیانەیان تێپەڕاندبوو، مەترسی ئەوەی کە بەردەوام ڕوبەڕوی گوللەی هێزە چەکدارەکان دەبنەوە.

*بیار بلانشێ: ئایا کوردەکان هەر لەگەڵ شیعەکاندا بوون؟ بەرەی نیشتمانی لەگەڵ ئایینیەکاندا بوون؟ ئایا ڕۆشنبیران هەر بە دوای خومەینییەوە بوون؟ گەر بیست هەزار کوژراو هەبێت و سوپاش کاردانەوەی هەبێت، گەر جەنگێکی ناوخۆ هەبێت کە لە ژێر پەردەی دەسەڵاتێکی کۆماری ئیسلامیدا خەڵکی بخەڵەتێنێت، ئەو دەمە ریسکی ئەوە هەیە کە هەندێک هێزی هەڵگەڕاوە بێنەوە مەیدانەکە. بۆ نمونە دەڵێن خومەینی ناچار بووە دەستبخاتە دەستی بەرەی نیشتمانیەوە و ڕێکەوتنیان لەگەڵ بکات. بەو مانایەی لەبەر بەرژەوەندی و بەرە دروستکردن، چینی ناوەڕاست و ڕۆشنبیرانی پشتگوێ خستوە و ڕێزی نەگرتون. هەموو ئەم شتانەش یان ڕاستن یان هەڵە.*

**فوکو:** ڕاستە. دەشێت ئەم قسانە هەمووی ڕاست بن و ڕاستیش نەبن. ڕۆژی دوای ئەوە یەکێک پێی وتم: هەموو ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شتانەی تۆ لەسەر ئێران بیریان لێدەکەیتەوە ڕاست نین، تۆ نابینیت کە ئێران پڕیەتی لە کۆمۆنیست. بەڵام من ئەوە دەزانم. دەزانم کە چەندین مرۆڤ هەن لایەنگری کۆمۆنیست یان ڕێکخراوەکانی (کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینی) ین، کەس ناتوانێت نکوڵی لەمە بکات. بەڵام ئەوەی کە من لە وتارەکانی تۆدا بە دڵم بوو ئەوە بوو کە ئەوانە هەوڵیان نەداوە ئەو دیاردەیە ورد بکەنەوە بۆ ئەو ڕەگەزانەی کە پێکیانهێناوە، ئەوان ویستویانە بڵێن ئەوە بەتەنها پرشنگێکە لە تیشکێکی گەورە، لە کاتێکدا هەموومان دەزانین کە لە چەندین بەربەست پێکهاتوە. خۆی ریسک و بایەخی قسەکردنیش لەسەر ئەزمونی ئێرانی لەم خاڵەدا پەنهانە.

*بیار بلانشێ: با نمونەیەکت بۆ بهێنمەوە. شەوێک پاش قەدەغەکردنی هاتوچۆ لەگەڵ ژنێکی خۆرئاوایی تەمەن چل ساڵدا چوینە دەرێ کە لە لەندەن ژیابوو، ئەو دەمەش لە خانویەک لە باکوری تاران دەژیا. شەوێک بەر لەهاتنی موحەرەم هاتبوو بۆ ئەو شوێنەی ئێمە کارمان لێ دەکرد. گوللە لە هەر چوار لاوە دەباری، ئێمە ئەومان برد بۆ شەقامەکانی دواوە تا لەوێوە سوپا ببینێت، خەڵکی ئاسایی ببینێت، گوێ لە هاتوهاواری خەڵکی لە سەربانی ماڵەکانەوە بگرێت.. ئەوە یەکەم جاری بوو ئەو بەشەی شار ببینێت و بە پێ هاتوچۆی تێدا بکات، وەکچۆن یەکەم جاریشی بوو قسە لەگەڵ ئەو خەڵکە ئاساییەدا بکات، خەڵکانێک کە هاواریان دەکرد (ئەڵاهو ئەکبەر). شەرم دایگرت کە هەستی کرد پەچە و جبەی نەپۆشیوە. دیارە لەبەر ئەوە نا کە دەترسا یەکێک تێزاب بکات بە سیما و دەموچاویدا، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەمیش دەیویست وەک هەموو ئەو ژنانەی تر بێت. ئەوەی لێرەدا گرنگ بوو قسەی ئەو خەڵکە بوو، نەک ئەوەی ڕوداوێکی لەو شێوەیە ڕوبدات. ئەوان بە شێوەیەکی زۆر ئایینی قسەیان بۆ دەکردین، هەمیشەش لە کۆتایی قسەکانیاندا دەیانوت: خوا بتانپارێزێت یان دەربرین و گوزارشتی ئایینی دیکەی لەو چەشنە. ئەویش بە هەمان شێوە، بە هەمان زمان وەڵامی دەدانەوە. ئەو ژنە پێی وتین: ئەمە یەکەم جارمە بەم شێوەیە قسە بکەم، دیارە زۆر کاری تێکردبوو،*

**فوکو**: بەڵام ڕۆژێک دێت هەموو ئەم شتانە بۆ مێژونوس و بڕێکی زۆر لە چینی ناوەند و بزوتنەوەی چەپ دەبنە هەقیقەتێکی شیکاری. من بڕوام وایە ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی وا لە مرۆڤ دەکات کاتێک لە ئێران دەگەڕێتەوە، هەست بە جۆرێک خەم و ڕاڕایی بکات، خەڵک دەیانەوێت تێبگەن، پرسیار دەربارەی بوونی نەخشەیەکی شیکاریی بۆ واقیع و هەقیقەتێک دەکەن کە پێشوەخت بوونی هەیە و دروستبووە.

***کلایر بریێر**: من بیر لە لێکدانەوە و تۆرێک ڕاڤەکردنی تر دەکەمەوە کە پێشتر ئێمەی ڕۆژنامەنوس لە خۆرئاوادا*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*پێی ڕاهاتوین هەمان بێت. ئەو بزوتنەوەیە خاوەنی لۆژیکێکی سەیر بوو کە لە هەندێک بۆنە و چرکەساتدا چاودێرانی خۆرئاوایی فەرامۆشیانکردبوو. بۆ نمونە ئەو ڕۆژەی کە بەرەی نیشتمانی مانگرتنەکەی ڕاگەیاند (لە نۆڤەمبەردا)، ئەوە بوو شکستیهێنا. یان چل ڕۆژەکەی ڕاگەیاندنی مەراسیمی پرسە و تەعزێباریی لە هەینی ڕەشدا. ئەوەی ڕۆژی هەینی ڕەش زۆر ترسناک و کارەساتێکیش بوو بۆ خۆی. مرۆڤ دەتوانێت بیهێنێتە پێش چاوی خۆی کە ئەو چل رۆژی پرسە و ماتەمینیە چەند کاریگەر و هاوکات ئازاربەخشیش بوون. بەڵام ئێستا، لەو چل ڕۆژی پرسە و ماتەمینییەدا خەڵکی دوکان و بازاڕی خۆیان کردۆتەوە و وەک جاران خەمگین نین. بەڵام بزوتنەوەکە لەسەر هەمان ڕیتمی خۆی, بە هەمان لۆژیک و هەمان هەناسەکەی جارانی خۆیەوە سەریهەڵداوەتەوە و دەستییپێکردۆتەوە. من وایدەبینم کە هەنوکە ئێران، بە چاوپۆشین لەو نائارامیەی کە لە تاراندا هەیە، هەمان ئەو ریتمەی هەیە کە دەشێت بە دۆخی هەناسەدانی مرۆڤێک بەراوردی بکەین کاتێک بەڕێگادا دەڕوات : ئەو کەسە هەناسەدەدات، ماندوو دەبێت، هەناسە وەردەگرێتەوە و دیسانەوە فشاری هەناسەبڕکێی بۆ دێتەوە، بەڵام بێگومان بە ڕیتمێکی کۆگەلییانە. لەو چل رۆژی ماتەمینی و تەعزێبارییەدا ئێمە هیچ خۆپیشاندانێکی گەورەی ماتەممان نەبینی کە بۆنی تەعزێ و پرسەی لێبێت. پاش قەسابخانەکانی گۆڕەپانی ژالە، ئێرانیەکان ئاهێکیان بە بەردا هاتەوە و توانیان هەناسەیەک وەربگرنەوە. بزوتنەوەکە سەرەتایەکی نوێی دەستپێکردەوە و دووبارە مانگران درمئاسا بە شەقامەکاندا بڵاوبوونەوە. دواتر سەرەتای دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن بوو، ئەوە بوو دانیشتوانی تاران لە کاردانەوەیەکی توند و ڕقاویدا کەوتنە پەلاماردان و سوتاندنی هەموو سیمبولە خۆرئاواییەکان.*

**فوکو:** یەکێکی تر لەو شتانەی کە سەرنجی ڕاکێشام و زۆرم بەلاوە سەیر بوو، شێوازی بەکارهێنانی نەوت بوو وەک چەکێک. ڕەنگە نەوت تاکە شتێک بێت کە شوێنگە و پایەیەکی کەمێک هەستیاری هەبوو بێت، بەو مانایەی لەیەک کاتدا هەم هۆکارێک بوو بێت بۆ ئەو خراپەکارییە و هەم چەکێکی ڕەهایش بوو بێت. رۆژگارێک دێت کە لەم شتانە تێبگەین.

ئەڵبەتە دیارە کە بەو شێوەیە بیر لە مانگرتنەکە و تاکتیکەکەی نەکراوەتەوە و پێشوەخت ئەژماری وردی بۆ نەکراوە. کرێکاران دەستبەجێ و بەبێ ئەوەی هیچ فەرمانێکیان لەسەروی خۆیانەوە بۆ بێت، لەچرکەساتێکی دیاریکراودا دێنە سەر شەقام و مانگرتن ڕادەگەیەنن، بە هەماهەنگی و هاوکاری نێوان خۆشیان، بەشێوەیەکی زۆر سەربەخۆیانە ئەم مانگرتنە شارە و شار دەکات و سەرتاپای ئێران دەتەنێتەوە. لەڕاستیدا ئەوە مانگرتنێک نەبوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به مانا وردەکەی مانگرتن لەکار: واتە دەستهەڵگرتن لە کارکردن و وەستاندنی بەرهەمهێنان. ئەوە هیچ نەبوو جگە لەوەی کە بڵێن نەوت سامانێکە هی هەموو خەڵکی ئێرانە نەوەک هی شا و دارودەست و هاوەڵەکانی بێت. ئەوە وەشاندنی گورزێکی کوشندە بوو لەڕژێمەکەی شا، بە مەبەستی گەڕاندنەوەی سامان و موڵک و ماڵی نەتەوەیی.

*كلاير بريێر: بە پێچەوانەوە، من هەستدەکەم ڕاستیەک هەیە کە بۆ من سەرشۆڕی دەبێت گەر بێدەنگی لێ بکەم، مەبەستم لەو ڕاستیە ئەوەیە کە بڵێم کاتێک من وەک تاکێک، وەک ڕۆژنامەنوسێکی بیانی و وەک ئافرەتێک ڕوبەڕوی ئەو یەکگرتوییە، ئەو ویست و ئیرادە گشتیە بوومەوە، چ وەک ئەقڵ و چ وەک جەستەش هەستم بە شۆکێکی بێئەندازە گەورە کرد. وەک ئەوە وا بوو ئەو یەکگرتن و یەکگرتووییە جۆرێک لە ناچاری بەسەر هەموياندا سەپاندبێت قەبوڵی بکەن و لەگەڵیدا بگونجێن. بەمانایەکی تر، خاک بە سەر ئەوەی کە لەگەڵیدا نەگونجاوە و قەبوڵی نەکردوە. ئێمە هەموو ئەو جۆرە کێشانەمان لە ئێراندا هەبووە. هەر بۆیە ڕەنگە دەمپاراستن بەرامبەر دۆخێکی لەم جۆرە، تاکە شتێک بێت کە لە مرۆڤی ئەوروپیدا هەستی پێبکەیت و بیبینیت. خۆی ڕاپەڕین و بەرخۆدان بریتیە لەو شتانەی کە بە گشتی باشن، بەڵێ، بەڵام....*

**فوکو:** خۆپیشاندانەکان هەر هەبوون، لانیکەم ئەوانەی کە ئەگەر بە شێوەیەکی زارەکیش بوو بێت، زۆر توندوتیژانە لە دژی ئەنتی - سامییەکان بوون. خۆپیشاندان هەبوون لە دژی بێگانە، بەمانای فۆبیای بێگانە (کزینۆفۆبیا) کە بەتەنها لە دژی ئەمریکیەکان نەبوو، بەڵکو دژی هەموو ئەو کرێکارە بیانیانەش بوو کە هاتبوون لە ئێران کار بکەن.

*بیار بلانشێ: خۆی لەڕاستیدا ئەمە دیوێکی تری ئەو یەکێتییەیە کە کاتێک هەندێک کەس توندوتیژ و هێرشبەرانە دەردەکەون. بۆ نمونە جارێک یەکێک لە فۆتۆگرافەرەکانمان لێی درابوو: چەند مشتەکۆڵەیەکیان کێشابوو بە دەموچاویدا، چونکە وایانزانیبوو ئەمریکیە. ئەویش لێیان هاتبووە دەنگ و هاواری کردبوو : نا، من فەرەنسیم. دواتر خۆپیشاندەرەکان باوەڕیان پێدا کردبوو، وە پێیان وتبوو: جارێ پێش هەموو شتێک، نەچیت باسی ئەم شتانە بکەیت لە ڕۆژنامەدا. خۆی منیش بیر لەوە دەکەمەوە کە تۆ بڵێی داواکاری ئەو خۆپیشاندەرانە لە ڕۆژنامەنوسان چی بوو بێت. ئەوان ویستویانە بڵێن: بیرت نەچێت بنوسیت بە هەزارەها قوربانی لەسەر شەقامەکان*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەوتون، چەندین ملیۆن خۆپیشاندەریش هاتونەتە سەر جادە.

**کلایر بریێر:** ئەوەیان گرفتێکی ترە، گرفتی بوونی کولتورێکی تر، واتە گرفتی بوونی هەڵوێستێکی ترە بەرامبەر بە ڕاستی، ئەمە جگە لەوەی کە بەشێکیشە لەململانێکە. کاتێک کە تۆ بە بێ چەک دێیتە سەر جادە بە لێشاو لێت دەکوژرێت و تەنها ئەوەت بۆ دەمێنێتەوە کە تەرمی مردووەکان کۆبکەیتەوە، لە کاتێکی وادا، بە خەیاڵ بێت یان بە ڕاستی، ئیدی تۆ ترست ڕەواندۆتەوە و فەرامۆشتکردوە. بەو دیویشدا، هەرچی زیاتر و زیاترە خاوەن باوەڕ و ڕازیتر دەبیت بەوەی کە دەیکەیت.

**فوکو:** ئەوان خاوەنی هەمان ئەو سیستمی ڕاستیە نین کە ئێمە هەمانە. چونکە ڕاستە ئەوەی ئێمە هەمانە شتێکی گشتگیرە و کەمتازۆر گەردوونیە، بەڵام هەر تایبەتمەندێتی خۆی هەیە. گریکەکان سیستمێکی تایبەت بە خۆیان بۆ هەقیقەت و ڕاستی هەبوو، عەرەبەکانی مەغریبیش هەروا. لە ئێرانیشدا سیستمی هەقیقەت و ڕاستی بە گشتی لەسەر ئایینێک بونیاد دەنرێت کە خاوەن فۆرمێکی ئاشکرا و ناوەرۆکێکی ئاشکرایە. بەو مانایەی دەیانەوێت بڵێن، هەموو ئەو شتانەی لە شێوە و دەربڕینێکی ئاشکرادا لە ناو یاسادا دەوترێن، ئاماژەن بۆ مانایەکی تر. کەواتە مەسەلەکە بەتەنها ئەوە نیە کە تۆ شتێکی ئاشکرات وت مانای ئەوە نیە کە شتێکی ئاڵۆزیش ناڵێیت. بە پێچەوانەوە ئەوە زۆر پێویست و ماناداره. ئەوە دۆخێکە تیایدا خەڵکی شتێک دەڵێن کە لە واقیعیدا ڕاست نیە، بەڵام لە بنەڕەتدا ئاماژەیە بۆ مانایەکی قوڵتر، مانایەک کە ناکرێت بەو شتەی هاوتا بکەیت کە لەواقیعدا دەیبینیت و چاودێری دەکەیت.

**کلایر بریێر:** خۆی ئەوە منی بێتاقەت نەکردوە، ئەوەی کە بێزارم دەکات ئەوەیە کە بەردەوام پێم دەڵێن و دەڵێنەوە گوایە ڕێز لە هەموو کەمینەکان دەگیرێت، لە کاتێکدا ڕێزی کەسیان نەگیراوە. من یادەوەریەکی زۆر بەهێزم هەیە - دڵنیاشم کە ڕۆژێک لەڕۆژان ئەو ڕوداوە لە شوێنێکی تردا دەبینمەوە- لە یادمە کاتی خۆپیشاندانەکانی سێپتەمبەر جبەیەکم پۆشیبوو. ئەوە بوو خەریکبوو نەیاندەهێشت لەگەڵ ڕیپۆرتاژنوس و ڕۆژنامەنوسەکانی تردا بچمە ناو لۆریەکەوە. زۆر بە پێ ڕۆیشتبووم. کە لە ناو لۆریەکەدا بووم، هەموو ئەو خۆپیشاندەرانەی لە دەورمان بوون ویستیان بە پێوە ڕامگرن. پاشان چەند کوڕێک - بەشێوەیەکی زۆر ناشرین و پڕ لە کینە - کەوتنە هاوارهاوار بە سەرمدا تەنها لەبەرئەوەی کە نەعلم لە پێدا بوو، لێ بیرم چوبوو گۆرەوی لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*پێ بکەم: ئا لەو دۆخەدا من یەکپارچە دەمارگیری و هەستێکی گەورە بە لێنەبوردەییم بینی. نزیکەی پەنجا کەس کە لەوێدا بوون وتیان: ئەو رۆژنامەنوس و ریپۆرتەرە، پێویستە لەگەڵ ئەم کاروانەدا بێت، هیچ هۆیەک نیە وا بکات کە ئەومان لەگەڵدا نەبێت. بەڵام کاتێک باسی جولەکەت بکردایە (ئەڵبەتە ڕاستە کە برێک قسەوقسەلۆکی دژ بە جولەکە و ئەنتی سامیزم هەر هەبوون) تەنها بەو مەرجە لێت خۆشدەبوون کە پشتگیری ئیسرائیل نەکەیت. کاتێک هەندێک تێبینی سەرچاوە نادیار و نهێنیت بناردایە، ئەوا کاری دەکردە سەر ڕەوایەتی بزوتنەوەکە. هێزی ئەو بزوتنەوەیە لەوەدا بوو کە تەنها یەک یەکەی یەکگرتو بێت. چونکە لە هەر شوێنێکدا ئەو یەکێتییە جیاوازی و ناکۆکیەکی لە خۆ بگرتایە، مانای وا بوو کەوتۆتە بەر هەڕەشە و مەترسی. هەر بۆیە پێم وایە ئەوە جۆرێک بوو لە نالێبوردەیی، بەڵام پێویست و گرنگیش بوو.*

**فوکو**: ئەوەی کە گوڕوتین بە بزوتنەوەی ئێرانی دەبەخشێت، دەشێت لەسەر دوو ئاست تۆمار بکرێت: لە لایەکەوە ئەو ئیرادە گشتیەیە کە بەشێوەیەکی زۆر بەهێز لەسەر ئاستی سیاسی گوزارشت لە خۆی دەکات، لە لایەکی تریشەوە حەز و ئارەزوە بۆ گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵانە لە ژیانی رۆژانەدا. بەڵام ئەم جەختکردنە دوو لایەنەیە بە تەنها لەسەر پایەکانی ئەو نەریت و دەزگایانە دروستدەبێت و دادەمەزرێت کە هەڵگری مۆرکی شۆڤێنیزم، ناسیۆنالیزم و دەمارگیریی خێڵەکیانەن، کە هەر هەمووشیان پێکەوە خاوەن هێز و توانایەکی لە ڕادەبەدەرن بۆ ڕاکێشانی تاکەکەسەکان بەلای خۆیاندا. بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی هێزێکی وا چەکدار و مەترسیدار و تۆقێنەریش، مرۆڤ نابێت هەستبکات کە بە تەنیایە، یان هیچ بنەما و بنچینەیەکی ئەوتۆی نیە کە لێوەی دەستپێبکات. بە جیا لەو گرفتەیش کە ڕۆیشتن و نەمانی شا بۆی بەجێهێشتوین، پرسیارێکی گرنگ سەرنجمان بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت کە زۆر جێی بایەخە و هیچی لەوی تر کەمتر نیە: ئەویش ئەوەیە کە ئایا ئەو بزوتنەوە تۆکمە و یەکگرتوە، کە نزیکەی ساڵێک خەڵکی هانداوە بۆ ڕوبەڕوبوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی هێرشی گوللەکانی دەسەڵات، دەسەڵاتی ئەوەی هەیە سنورەکانی خۆی دیاریبکات و باز بەسەر ئەو شتانەدا بدات کە لە دۆخێکدا خۆی بونیادی ناون؟ ئایا بە نەمان و کپبوونەوەی ئەو جۆش و خرۆشەی کە لەسەرەتادا هەبوو، تەواوی ئەو سنور و کۆمەکانەش لەناو دەچن، یا بە پێچەوانەوە، زیاتر ڕەگوڕیشە دادەکوتن و بەهێزتر دەبن؟ زۆر کەس هەم لێرە لە خۆرئاوا و هەم لە ناو ئێرانیشدا هیوادارن و چاوەڕوانی ئەو چرکەساتەن کە ئیدی سێکیولاریزم (عەلمانیەت) دەگەڕێتەوە سەر شانۆکە و بنەماکانی خۆی دادەڕێژێتەوە تاوەکو ئەو چەشنە باشەی شۆڕشمان نیشانبداتەوە کە پێشتر پێی ئاشنا بووین. بەڵام پرسیارەکە بەلای منەوە ئەوەیە: تۆ بڵێیت برینی ئەو ڕێگا سەیر و دەگمەن و دانسقەیە لە لایەن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێرانیەکانەوە بە شێوەیەکی لێنەبڕاوانە و کۆڵنەدەرانە لە دژی قەدەری خۆیان، لە دژی هەموو ئەو شتانەی بۆ ماوەی چەندین سەدەیە هەن و کەڵەکە بوون، چەند بخیەنێت. دیارە ئەمەشیان بۆ خۆی شتێکی ترە و تەواو جیاوازە.


سەرچاوە:

Foucault, Michel: Politics, philosophy, culture: interviews and other writings of Michel Foucault 1977-1984, Translated by: Alan Sheridan and others. 1988 by Routledge, Chapman & Hall, Inc. Printed in the United States of America, p.p 211-224.

ماڵپەڕی کولتور مەگەزین - ڕێکەوتی: ١٠ی جوونی(حوزەیران) ٢٠١٧

---

## شۆڕشی ئێران وەک تاقیگەیەک بۆ فەلسەفەکەی میشێل فۆکۆ



هەموو کەرەستەیەک لە ئێرانی ساڵی ١٩٧٨ دا لە پێشدەست بوو بۆ سەر هەڵدانێک یان شۆڕشێک، بۆ ڕووخانی ڕژمیک کە ڕژێمی شای ئێران بوو . ئیدی بیرکردنەوە لە یەکێکی خاوەن بیر، لە تاکێکی جەنگاوەر، کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو و سوستماتیک، ئەو دۆزە بوو کە ئەو زەمەنە بیری میشیل فۆکۆی فەیلەسوفی داگیر کردبوو، سەرەتای سەرهەڵدانەکە لە دژی شاە، پاشان گەڕانەوەی خومەینی ساڵی ١٩٧٩ ئەو ڕووداوانە بون کەفۆکۆ بەووردی جاودێری دەکردن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیارە بیری فۆکۆ لە بەرامبەر ئیسلامی سیاسی و چۆنیەتی ڕەفتار کردن لەگەڵیدا، وانەیەکە کە پێویستە ئەمڕۆ خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بە تایبەتی بەراورد کردن لە نێوان لایەنگرانی خومەینی و ئیسلامی فوندەمینتاڵدا (ئوسولیەکاندا)، دیارە لە زۆر ڕووەوە لە یەک دەچن، بەتایبەتی دروشمی یەکگرتوویان، کە ئەویش مردنە لە پێناو ڕژێمێکی ئیسلامیدا، یان خەوبینین بە گەڕانەوە بۆ مۆدێلی سەرەتاکانی دروستبوونی دینی ئیسلام و دەوڵەتی فەقێ و خەلافەت. ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێت ئەوەیە: ئایا بۆ فۆکۆ ئەم کارە ڕۆژنامەوانیەی کە لەژێر ناوی (ڕیپۆرتاژی ئیدیاکان)دا دەست بە کاربوو، دەرچوونێک نەبوو لە پیشەی خۆی وەکو فەیلەسوفێک؟!

چونکە بە بڕوای فۆکۆ فەیلەسۆفی و ڕۆژنامەوانی ئەرکێکی هاوبەشن، کە هەردووکیان خەریکن بە ڕۆژ و ژیانی ڕۆژانە و پرسیار دەکەن لەسەر ئەوەی کە ئێمە کێین!، بە جیاوازی لەگەڵ پۆستمۆدێرنیستەکان ، (میشێل فۆکۆ) پێیوایە کە زۆرێک لە بیرۆکە بوونیان هەیە، کە ئەو بیرۆکانە جیهانی ئێمە دەستنیشان دەکەن و ئیدێنتێتی و شوناسی ئەمرۆمانن.

فۆکۆ لەم پرۆژەیەیدا (ڕیپۆرتاژی ئایدیاکان)٠لەو بڕوایەدا بوو، کەئەو بیرۆکانە (ئایدیە) کە لە کتێبەکاندا نادۆزرێنەوە، دەبێت لەسەر جادەکان بۆیان بگەڕێین‌و بۆ دەستکەوتنیان پێویستە تێکلاوی خەڵک ببین و بزانین ڕۆژانە ژیان چۆن دەگوزەرێت!.

هەر فەیلەسۆفێک کە پرسیاری هەیە لەسەر ئیدینتیتایدی (شوناس) ئێمە لەمڕۆدا، بۆ وەرگرتنەوەی وەڵام پێویستە گەڕانێکی ڕۆژنامەوانی دەست پێبکات، بۆئەوەی بیرۆکەکان بدۆزێتەوە لای خەڵکی‌و ڕاستەوخۆ خۆی گوێ بیستیان بێت، هەر وەکو چۆن فۆکۆ ئەم کارەی ناونا بیرۆکەی ڕۆژنامەوانی (ئایدیە ژۆرناڵستیک)، هەر وەکو چۆن فۆکۆ خۆی لە ژێر ئەم ناونیشانەدا لە کاتی سەر هەڵدانەکاندا، لە کاتی شۆڕشی ئێراندا لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٨دا سەردانی ئێرانی کرد.

فۆکۆ دەڵێت: (ئەوکاتانەی کە لە ئێران بووم وشەی شۆڕش یەکجار بەرگوێم نەکەوت، بەڵام چوارجار لە پێنج جاران خەڵکی وەڵامی منیان دەدایەوە کە دەسەڵاتێکی ئیسلامیان دەوێت، ئەوە دوای ئەو کەسانەبوون کە قسەم لەگەڵ دەکردن لە شەقامەکانی تاران‌و قوم، کاتێک لێم پرسین بۆچی دەسەلاتی ئیسلامیتان دەوێت؟ یەکێک لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەڵامدا گووتی، کاتێک لە شاری فیردۆس بومەلەرزەبوو هەموو شارەکەی وێران کرد، پاشان بە بیرۆکەو پێشڕەیی ئیمامێک لە تەنیشتی شارە وێرانەکەوە، شارێکی نوێیان دروست کردەوە بۆ خەڵکی لێقەوماوی شارەکە، ئەوەیە ئیسلام، هەر وەکو چۆن قسەکەرەکە دەیگووت، ئەو خەڵکە خەویان بەوەوە دەبینی کە دەیان ووت، ڕژێمێکی ئیسلامی).

لەساڵی ١٩٧٨ فۆکۆ لە ڕۆژنامەیەکی ئیتاڵیدا بەناوی (کۆرییێرە دیلا سێرا)دا، کە پەرۆشیەک بە بابەتەکەیەوە دیاربوو بۆ هەڵسەنگاندنو تێگەیشتن لە کەرەسەی ئەم سەرهەڵدانە لە ئێران، کاری کردو بیرۆکەی (ڕۆژنامونسی ئایدیاکان) ی خستە ڕوو. لە یەکەم بەشدا بە ناونیشانی ( جیهانی جیاواز و فۆکۆ)، دەستنیشانی چەند خاڵێکی پێک گەشتنەوەی کردووە لە نێوان بیرۆکەی خۆیی‌و ڕوداوەکانی ئەوکاتەی ئێراندا. دیارە ئەو زەمەنە شای ئێران هەوڵێدەدا لە ئێراندا کۆمەڵگەیەکی لیبراڵی پێشکەوتوو ڕێک بخات، لە سەر بناغەی ڕۆشنایی ئیدیاڵدا، کە سەربەستی تێدا بدات بە تاکی ناو کۆمەڵگەی ئێرانی! (کورتەی ناوەڕۆکی پڕوپاگەندەو سیاسەتی شاە کە وایدەگرێتەوە)، بەڵام پاش ڕوخانی شا و هاتنی خومەینی بینرا کە چۆن زۆرینەی تاکی ئێرانی بوون بە پارچەیەک ڕق بەرانبەر مۆدێرنە، ئەوپەڕی دوودڵ بوون لە بەرامبەر ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگایەکی ماتریاڵستی مۆدێرندا، ڕقیان لەبەرامبەر جیهانی نوێی لیبراڵی ڕاسترەو، کە زۆر خێرا دڵخوازبوون بە هێزی تاکێک کە ژیانی ئەوان ڕێکدەخات بۆ سەرکێشی کردن و گەڕاندنەوەی ئەوان بۆ ڕەچەڵەک و ئەسڵی کۆنی خۆیان کە ئیسلامە.

(میشێل فۆکۆ) بینی کە چۆن ئەو ڕۆشنایەی لە ڕۆژئاوای ئەوروپاو ئەوکات لە کەمێک لە ئێران ڕەگیان داکوتابوو، لە (تاران) لە چاوتروکانێکدا لە ڕەگو ڕیشەوە دەرهێنرا، گۆڕا بە کلتوورێک کە نەک تەنها ڕەخنەگرە لەبەردەم مۆدێرنزمی ئیندیڤیدوالیزمی ڕۆژئاوادا، بەڵکو دژایەتی دەکات و دەیەوێت یاساغی بکات.

بەردەوامیدان بەو سەرهەڵدانە و ئامادەیی تاکی ئێرانی بۆ خۆبەختکردن و قبووڵکردنی ئازار، لەپێناو خەونەکانیاندا، فۆکۆ و چەندین لە ڕۆشنگەرانی تری لە ئەوروپا و جیهان سەرسامکرد، بیریان وابوو کە کولتورو نەریتی شیعە لە ئێراندا، کلتوریکی باڵادەستە. بۆ نمونە، لە مانگی موحەرەمدا دەبینرێت کە چۆن بەکۆمەڵ هەموو شیعە ئامادەییان هەیەو بەشداری دەکەن، دەتوانین ئەو ئامادەگیە بخەملێنین بە زیاتر لە سەدا هەشتای دانیشتوانی ئەو وڵاتە، کە بەشدار دەبن لە بە کۆمەڵ گریان و بەکۆمەڵ ئازار چەشتنو بە کۆمەڵ خوێن بینین و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەیەک کاتیشدا دێنەسەر یەک پۆدیۆم و بۆ ڕوانین و تەرکیزکردن لە یەک خاڵو لەیەک پاشەڕۆژ!. زۆرینەی هێزی سەرهەڵدان و شۆڕشی ئێران لێرەوە سەرچاوەی هەڵگرتبوو، هەرچەندە لە ساڵی ١٩٧٨دا، پێش ڕوخانی شا و گەڕانەوەی خومەینی، فۆکۆ لە گوتارێکیدا ئاماژەی بەوەدا، کە ئەم سەر هەڵدانە گەمەیەکی دیندارەکان نییە لە ئێراندا بۆ ئەوەی پاشان خۆیان دەسەلات بگرنە دەست و تاکڕەوی خۆیان بسەپێنن لە سیاسەتی وڵاتدا، هەر لەم وتارەدا فۆکۆ خومەینی ناودەنێت (سۆپەر پریستەر - سوپەر قەشە)، فۆکۆ سەرسام بوو بەوەی کە چۆن خومەینی بە بانگێک، بەبانگەوازێک ، هەزاران کەس دەرژێنێتە سەر جادەکانی تاران و وتەکانی ئەو دەکەنە دروشمی خۆیان. فۆکۆ دەیزانی لەو ڕۆژانەدا لە تاران و بگرە لە شارەکانی تری ئێراندا، چەندین پارتی چەپی بەتوانا بوونیان هەبوو، کە دەیان توانی کاریگەریان هەبێت لەسەر تەواوی پرۆسێسی شۆڕشەکە و تەنانەت لەسەر کەمینەیەک لە دیندارە شیعیەکانیش! .ئەوکات یەکێک لە سەرکردە دینیەکان (ئایەتوڵا سەعید محەمەد کازم) لە لێدوانێکیدا دەڵێت: (ئێمە بە هیچ شێوەیەک بەنیاز نین وڵاتێکی ئیسلامی لە ئێران دابمەزرێنین.) لەم خاڵەدا فۆکۆ دەبوایە وانەی لە (نیتچە) وەربگرتایە کە پێش ئەو باسی لە سەرکردە دینیەکان کردبوو، بە بیری نیتچە ئەوان جێگای باوەڕنین!

لێرەدا دەردەکەوێت کە فۆکۆ لە فەلسەفەکەیدا، بەتایبەتی بەرامبەر ئەم سەرهەڵدانە لە ئێران، سیاسەتی مفاهیم و چەمکەکان سەرنجی ڕانەکێشاوە، ئەو شۆڕشی ئێرانیەکانی وەکو تاقیگەیەک دەبینی بۆ تێگەیشتن لە ئیندیڤیندواڵ لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.

فۆکۆ لە لێدوانێکیدا لەگەڵ نوسەرێکی ئێرانیدا(باقر پارهام) بە بەراورد کردنێک بۆ شۆڕش لە ئێراندا دەڵێت: (ئەوروپا دوو شۆڕشی دڵتەزێنی بەخۆیەوە دیوە، یەکەمیان سەرهەڵدانی لیبراڵییەتە لە سەدەی هەژدەدا، کە نەوە لە دوای نەوەیان پەروەردەکرد، لە دەرەوەی خۆیان بۆ ئازادیەکانیان بگەڕێن. دووهەمیان سەرهەڵدانی سۆسیالستەکان لە سەدەی بیستەمدا، لە ئەنجامدا دامەزراندنی سیستەمێکی کاپیتاڵیست بوو لەبەرامبەر دەسەڵاتێکی کۆمەنیستی درندەدا، ئێستاش من پێم وایە کاتی فەلسەفەیەکی نوێو شۆڕشێکی نوێیە!)

هەرچەندە لە زۆرینەی زانکۆکانی دنیادا ڕەخنە لەم بیرەی فۆکۆ گیرا، من لەم نوسینەدا ڕەخنەکان لەم چەند دێڕەدا کورتدەکەمەوە بەوەی، ئەوەی لێرەدا جێگەی بەراورد کردن نییە شۆڕش لە ئێران لەگەڵ شۆڕشەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژئاوادا چونکە ڕێکخستنی جۆری پەیوەندی تاکەکان لە ئێران و بەرز ڕاگرتنی سەرکردە و بە پیرۆز کردنیان، تا ئاستێک کە بیریان و گوتاریان کاریگەری تەواویان دەبێت لە سەر بیرو باوەڕی گشتی، کە لە ژێر سێبەری ئەو پیرۆزیەدا ئەوەندە بەهێز دەبن دەتوانن دەسەلات بۆ خۆیان زەوت بکەن، ئەمە مۆدێلی سیاسەتی ڕۆژئاوا نییە نەوەک شێوازو نەوەک ناوەرۆک.

لە فێبریوەری ساڵی ١٩٧٩ دا سەرهەڵدان گەیشتە بەرزترین ئاستی، خومەینی گەڕایەوە بۆ ئێران، پاشان کۆمەکی زۆرینەی لە ئێران بەدەست هێنا بوو بە پێشەوای شۆڕشەکەو لە چەند مانگێکدا بوو بە نمونەی سەرۆکێکی دینی. ئەوکاتە فۆکۆ لە لێدوانێکیدا ئاماژە بەوەدەدات کە ئەم شۆڕشەیان (ئاسۆ گۆڕینە) کەوەک چۆن فۆکۆ ناوی دەنێت، کە ئێرانییەکان هەوڵیاندا لە دەست شا ڕزگاریان بێت ئەوا ڕزگاریان بوو، بەڵام تاک لە وڵاتی ئێراندا دەبێت هەوڵی ئەوەبدەن کە خۆیان بگۆڕن و خۆیان بدۆزنەوە بۆ ئەوەی لە کاتێکی وا گرنگدا خاوەنی پرنسیبێکی جێگیر و کاراکتەرێکی نەگۆڕبن لەناو خۆیاندا وەکو تاک، بۆ ئەوەی ئەوەندە توانایان هەبێت تاکی ئێرانی لە ڕوانگەی بیروبۆچوونیانەوە هەموو تاکێک خۆی دەستنیشانی گۆڕینی ئاسۆی خۆی بکات نەوەک لە دەرەوەی خۆی بێتو بۆ ئەو بڕیارەکان خوازراو بن.

هەرچەندە لێدوانەکانی فۆکۆ پێش سەرهەڵدانەکەو پاشان دوای ڕوخانی شا و گەڕانەوەی خومەینی، تەواوکەری یەک نەبوون و بازنەیەکیان دروست نەکرد، بەڵام زۆرینەی ڕۆشنبیرانی ئەوکات پێیان وابوو، کە دەقاودەق دێتەوە لەگەڵ لێدوانو فەلسەکەی فۆکۆدا. لە سەرانسەری جیهاندا ئەوکات ئەم پرسیارە دەکرا: ئایا شۆڕشی ئێران شکستی هێنا؟ بەبیری فۆکۆ وەڵامەکە ئاوەهایە: کە ئێمە لە کاتێکدا دەتوانین بڵێین ئەو شۆڕشە شکستی هێنا، کە ئەو شۆڕشە چەند بەرەیی نەبوایە و شۆڕشەکە ئاسۆیەکی دەستنیشانکراوی هەبوایە!، ئێستا لە ئێراندا گۆڕانکاری ڕویان داوە، بەڵام بەرەو چی ئامانجێک و چی ڕێڕەوێک؟، بە دڵنیاییەوە بەرەو گۆڕینی دەسەڵات بە کەسانی دیکە.

***پرسیاری فۆکۆ خۆی لە بەرامبەر ئەم شۆڕشەدا ئەوەبوو: کە ئەخلاقیەتی ئیندیفیدواڵ (تاک) چ جێگایەکی بدرێتێ و چۆن باسی لێوە بکرێت؟***

دیارە جوڵانەوەی ژێرەوەی، با بڵێین گروپە بچوکەکانی ناو ئەم سەرهەڵدانە زۆر گرنگ بوو، کە لە سەرەتاوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەنگیان لە پەرەسەندندا بوو، بەڵام زۆر خێرا ئایەتوڵاکان توانیان زۆرینەیی سەرنجی خەڵکی ئێران و جیهان بۆ خۆیان زەوت بکەن، هەرچەندە ئەوکات زۆرینەی ئێرانییەکان سەرسام بوون بە یۆتۆبیای (خەونی مرۆڤێکی نوێخواز)، یان بە سیستەمێکی سۆشیال و دنیایەکی ئیدیاڵ، هەروەکو چۆن زۆرینەی سەرهەڵدانەکان لە ئەوروپا ڕێکخرابوون لە سەری ئەو گروپ و پارتە بچوکانەش هەمان گوتاریان دەگوتەوە، بەڵام چەندێک گرنگە کە تاک لە بواری پراکتیکدا پرەنسیپی خۆی ون نەکات، وەکو چۆن کە لە ئێران بینرا، کە زۆرێک لە لایەنگران و ئەندامانی ئەم پارت و گروپانە چوونە ژێر سێبەری وتاری ئایەتوڵاکانەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە لە دنیای پێشکەوتووی ڕۆژئاوادا بە بیری (فۆکۆ) تاک و ئیندیڤیدوال، کاراکتەری جێگیرە و پرەنسیبی هەمیشەیی ڕێبەرییەتی، کە ئاستی بیرکردنەوەی وەکو ڕەگێک بۆی بڕیاردەرە، ئیتر هەر ڕوداوێک یان بیرۆکەیەکی دەرەکی ئامادەیی هەبێت. ئەمەش لەو بابەتەی فۆکۆدا دێت بە ناونیشانی (خزمەتی خۆتبکە) ئەو بابەتەیە کە (فۆکۆ) لە ڕوانگەی ڕوداوەکانی ئێران و کاردانەوەیی ئەو ئاسۆ گۆڕینە لەسەر تاکو هەڵوێستی تاک لە کۆمەڵگایی ئێرانیدا نوسیویەتی، هەرچەندە ئەم کارەی فۆکۆ بە تەواو نەکراوەیی مایەوە تاکو ساڵی ١٩٨٤، کە لەم ساڵەدا فۆکۆ کۆچی دوایی کرد..

## سەرچاوەکان:



- Corriere della sera.
- Afary en Anderson – Book's ( Foucault and Iranian Revolution).


ماڵپەڕی کولتور مەگەزین - ڕێکەوتی: ١٠ی جوونی(حوزەیران) ٢٠١٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# نامەی کراوەی میشل فۆکۆ بۆ مەهدی بازرگان سەرۆک وەزیرانی ئێران



وەرگێڕانی لە فارسیەوە : ئەسعەد عەلی

جەنابی سەرۆک وەزیران...

سێپتەمبەری ساڵی رابردوو، لەو کاتەی، کە هەزاران ژن و پیاو لە شەقامەکانی تاراندا دەدرانە بەر دەستڕێژی گوللە تۆ دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیانەت لەگەڵ مندا قبوڵ کرد و ئەمەش لە ماڵی (ئایەتوڵای شەریعەتمەداری) لە شاری (قوم) ساز کرا. کۆمەڵێ لە چالاکەوانانی مافی مرۆڤ پەنایان هێنابوویە ئەو ماڵە و سەربازەکانیش بە خۆیان و چەکەکانیانەوە سەرقاڵی چاودێری کردن و ژێر و ژوور کردنی سەرەتای شەقامێکی بچووک بوون.

لەو کاتەدا بەڕێزتان سەرۆکی ئەنجومەنی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە ئێراندا بوویت. ئەنجومەن هەر بەهۆی خۆتەوە ئازایەتی و بوێرییەکی زۆری نواندبوو. بوێری جەستەیی: گرتووخانەت لە پێش بوو، تۆش پێشتر ئەمەت ئەزموون کردووە. بوێری سیاسی: لەو کاتانەدا سەرۆک کۆماری ئەمریکا پاشای ئێرانی بە پارێزەرێکی مافی مرۆڤ هەژمار کردبوو. زۆرێک لە ئێرانییەکان تووڕە بوون لەوەی ماوەیەک باسوخواسێکی کوڕ و کۆبوونەوە کۆنفرانسەکانن. ئەوان سەلماندبوویان، کە دەزانن بە چ شێوەیەک مافەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن. ئەوان دادگایی کردنی گەنجێکی ڕەشپێستیان لە رژێمی رەگەزپەرەستی ئەفریقیای باشوور بە هاوشێوەی دادگایی کردنی ئەشکەنجەکەرێکی ساواک لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاراندا بەراوود نەدەکرد . ئیدی کێ دەتوانیت گلەییان لێبکات؟

چەند هەفتەیە لە هەوڵدایت کۆتایی بەو لە سێدارەدانە پڕ لە تاو و پەلەپڕوزیانەدا بهێنیت. دادپەروەری و نادادپەروەری خاڵی هەستیاری سەرجەم شۆڕشەکانە: لەم خاڵەوە شۆڕشەکان لە دایک دەبن، هەر لێرەشەوە بە لارێدا دەڕۆن و دەمرن. هەروەها بە گوێرەی ئەوەی، کە پێت باش بووە ئاماژەیەکی ئاشکرا بەم بابەتە بکەیت، منیش پێم باشە گفتوگۆی خۆمانت لەمبارەیەوە بە بیر بهێنمەوە.

دیارە ئێمە قسەمان لەسەر ئەو ڕژێم و سیستەمانە کرد، کە ڕێک لەو کاتەی پشت بە مافی مرۆڤ دەبەستن هەر لەم کاتەشدا زوڵم و ستەم لە هاوڵاتیەکانیان دەکەن. جەنابیشت گەشبینی خۆتت دەربڕی، کە ئەگەر بێت و حکومەتێکی ئیسلامی و هەڵبژێردراوی زۆرینەی ئێرانییەکان بێتە سەر حوکم ئەوا مافی مرۆڤە بە تەواوەتی گەرەنتی کراو دەبێت. بۆ ئەم هیوایەشت سێ پاساوت هێنایەوە. گوتت پانتایی و روئیایەکی مەعنەوی پشتیوانی شۆڕشی خەڵک دەکات. ئەو شۆڕشەی، کە هەر تاکێکی هەڵگیرسێنەری ئامادەیە لە پێناو جیهانێکی بەتەواوەتی گۆڕاودا (هەموو شتێکی) بخاتە مەترسییەوە! هەڵبەت بەلای زۆربەیانەوە "هەموو شتێکیان هەر جەستەیان بوو... ئەم پانتایی و ڕوئیا مەعنەویەش قبوڵکردن و ڕۆشتن نەبوو لەژێر بەیداخی "حکومەتی مەلاکان". پێموایە هەر ئەم واتایەت بەکارهێنا. ئەوەشی لە تارانەوە تا ئابادان بینیم بە هیچ شێوەیە بۆچوونەکانی جەنابتی ڕەت نەدەکردەوە.

جەنابت گوتت ئیسلام بەم قولاییە مێژووی و گەشەیەی ئێستا بەدەستی هێناوە، بە پشت بە مافەکان ڕووبەرووی قەیرانێکی گەورە دەبێتەوە، کە سۆسیالیزمیش نەیتوانی باشتر لە سەرمایەداری (ئەگەر خراپتری نەکردبێت) چارەسەری بکات. هەندێکیش، کە پێیان وایە زانیارییەکی زۆریان لەسەر کۆمەڵگە ئیسلامییەکان یان زانیارییەکی تەواویان لە جەوهەری ئاینەکان هەیە دەیانگوت"ئەمە مەحاڵە."

من زۆر لەوان خۆم بە بچووکتر دەزانم و نازانم موسڵمانان دەبێ لەسەر کام بنەمای گشتگیر واز لە گەڕان بەدوای داهاتوویاندا بگەڕێن لەناو ئیسلامێکدا، کە خۆیان دەیانەوێت سیمایەکی نوێی بۆ دروست بکەن. بۆچی لە چەمکی "حکومەتی ئیسلامی" دەستبەجێ سەرجەم گومانەکان ڕووبەڕووی تایبەتمەندی "ئیسلامێتی" دەبێتەوە؟ خودی وشەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حکومەت بەسە بۆ ئەوەی هەمیشە وریا بین. هیچ تایبەتمەندییەکی وەک دیموکراتیک، سۆسیال، لیبراڵ ناتوانێ حکومەت لە بەرپرسیارێتیەکانی دەربازبکات.

بەڕیزتان ئاماژەتان بەوەدا: ئەو حکومەتەی شەرعییەت و سەربەزرییەکەی لە ئیسلامەوە بێت، بەدڵنیاییەوە کۆمەڵێ ماف بۆ حوکمڕانێکی دەوڵەتیی ئاسایی سنوردار دەکات، ئەمەش لەبەر ئەو بنەما ئاینییەی دەوڵەت ڕوودەدات. وەها حکومەتێکیش لەبەر ئیسلام بوونی لە ڕێگەی کۆمەڵێ ئەرک بەرپرسیار دەکرێت، دیارە دەبێت ئەم وابەستەیی بوونەش بپارێزێت، چونکە لەدواجاردا خەڵک دەتوانن هەر ئەم ئاینە هاوبەشە دژی حکومەت بەکار بهێننەوە. ئەمەم بەلاوە شتێکی گرنگ بوو. من وەکو خۆم نەختێ گومانم لەوە هەیە، کە حکومەتەکان بە ویستی خۆیان پابەند بەرپرسیارێتیەکانیان بن، چونکە هەمیشە لە قازانجی حوکم بەسەر کراوەکانە، کە ڕاپەڕین بە بیری حوکمڕانەکانی بهێنەوە، لە کاتێکدا کە هێندە بە ئاسانیش مافی خۆیانیان نەداوە بە حوکمڕان، بەڵکو لە باتی ئەمە دەیانەوێت ئەرکی حکومەتیش بخەنە ئەستۆی حوکمڕان. لەم ڕووەشەوە ئەو دادگایانەی لەم ڕۆژانەدا لە ئێران روو دەدەن جێگەی نیگەرانین.

لە مێژووی گەلاندا هیچ قۆناغێک دەگمەنتر و گرنگتر لەو قۆناغە نییە، کە هاولاتیان وەک یەک جەستە و وەکو یەک رادەپەڕێن بۆ ئەوەی ڕژێمێک لەناو بەرن، کە چیتر ناتوانن قبوڵی بکەن. لە ژیانی ڕۆژانی خەڵکیشدا هیچ قۆناغێک لەوە گرنگتر نییە، (قۆناغێک، کە بە پێچەوانەی ئەوەی سەرەوە زۆر باوە) هێزی دەوڵەت لەگەڵ تاکێکدا بکەوێتە جەنگەوە و بە دوژمنی ناو بەرێت، بڕیاری لەناوبردنی بدات. حکومەتیش هەرگیز ئەرکێکی گرنگتر و بنەڕەتیتر لەمەی لە ئەستۆ نەگرتووە. دادگایکردنە سیاسیەکانیش هەمیشە ڕۆڵی پێوەری حکومەتەکان دەبینن، نەک لەبەرئەوەی، کە تۆمەتبارەکان هەرگیز تاوانبار نین، بەڵکو لەو ڕووەوە، کە هێزی دەوڵەت لەم پرۆسەیەدا بەبێ دەمامک و ڕووکەش خۆی نمایش دەکات، هاوکات لەگەڵ دادگاییکردنی نەیارانی ، خۆی وەک حکومەت دەکەوێتە بەردەم دادگایی دوژمنەکانی.

حکومەت هەمیشە بانگەشەی ئەوە دەکات دەبێ ڕێزی لێ بگیرێت، بەڵام ڕێک دەبێت لێرەدا خۆی ڕێزلێنەر بێت. خودی ئەو داکۆکیەی حکومەت لە هاولاتیان دەیکات بەرپرسیارێتییەکی زۆر گەورە و قورستر دەخاتە ئەستۆی. خۆی لێرەدا پێویستە، (ئەم پێویستییەش دەخوازێت دەستبەجێ جێبەجێ بکرێت)، سەرجەم ڕێگاکانی بەرگریکردن بۆ ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەسەی یاسا بەدوایەوەتی دابین بکرێت. بۆ ئەوەی ڕوون ببێتە ئایا ئەو کەسە"بە ئاشکرا تاوانبارە"؟ ئایا ڕای گشتی دژیەتی؟ ئایا خەڵک لێی بێزارن؟ هەر ئەمەش وەها دەکات کۆمەڵێ ماف بۆ ئەو کەسە دابین بکرێت، واتە کۆمەڵی ماف، کە نابێت هەرگیز خەوشی تێبکەوێت و پێدانی بەو کەسە شتێکی جێگر بێت. ئەمەش ئەرکی دەسەڵاتە، کە دان بەو مافەدا بنێت و گەرەنتی بکات. لەلای حکومەت نابێت شتێک هەبێت بەناوی "مرۆڤی نالایەق و ناشایستە."

ئەوە ئەرکی حکومەتە بۆ هەمووانی بسەلمێنێت ، دیارە لێرەدا مەبەستم بۆ کەم دەسەڵاترین، کەلەڕەفترین و بێ ئاگاترین تاکی ژێر دەسەڵاتیەتی، کە لە چ دۆخێک و بە چ شێوەیەک و لەسەر چ بنەمایەک هێزی دەوڵەت مافی تەمێ کردنی دەبێت؟. دەشێ زۆر بە ئاسانی تەمێیەک لەبەرچاو بگرین، کە بێ بەرنامە و بێ پاساوە. بەڵام خودی ئەمەش جۆرێکە لە نادادەپەروەری هەم بەرامبەر بە تاکی حوکمدراو بە تەمێکردن، هەم لە بەرامبەر سەرجەم ئەو تاکانەی لە هەرێمی دەسەڵاتی دادی هێزی دەوڵەتدان.

بە بۆچوونی من، هەر حکومەتێک دەبێ ئەوە قبوڵ بکات، کە هاوکات لەگەڵ دادگایکردنی کەسێک خۆشی دەکەوێتە بەر دادگایکردنی لایەنی دیکە. هەروەها لەو باوەڕەدام، ئەگەر دەوڵەتێک دەیەوێت لە دادوەرییەکدا سەرکەوتوو بێت دەبێت لەلایەن سەرجەم مرۆڤەکان لە گۆشە و کەناری جیهانەوە دادگایی بکرێت. پێموایە جەنابیشت وەک من، زۆر لەگەڵ ئەوەدا نیت، کە هەر حکومەتێک تەنها بەرامبەر بە خۆی بەرپرسیارە. حوکمڕانیش بەبێ وەڵامدانەوە کارێکی کەمتر لە تاوانبارکردن یان کوشتن ئەنجام نەداوە. دەبێت خۆشحاڵ بین، کە کەسێک، هەر کەس بێت تەنانەت لە سوچێکی دیکەی جیهان، تەنها لەبەر ئەوەی، کە ناتوانێت ئەشکەنجە درانی یەکێکی دیکە قبوڵ بکات قسە دەکات و دەنگ هەڵدەبڕێت، ئەمەش واتای دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتێکی دیکەدا نییە. ئەوانەشی، کە دژی ئەشکەنجەدانی هەر ئێرانییەک لە گرتووخانەکانی ساواکدا ناڕەزایەتیان دەردەبڕی تەنها قسەیان لەسەر گشتگیرترین بنەماکان کردووە و هیچی دی.

ڕەنگە بوترێت زۆربەی ئێرانییەکان متمانەی خۆیانیان بەم ڕژێمە ئێستا بەخشیووە، هەر بۆیە سیستەمی دادەکەشی قبوڵ دەکەن. قبوڵکردنی هەقیقەت، خواست و دەنگی "بەڵێ" دان بە حکومەت، نەک هەر ئەرکی حکومەت کەم ناکاتەوە، بەڵکو قورستر و گەورە و گرانتریشی دەکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەدڵنیاییەوە من لە هیچ پۆست و پێگەیەکدا نیم بۆ ئەوەی بتوانم جەنابت بەمشێوەیە بانگ بکەم، بێجگە لەو ڕێگەپێدانەی خۆت لە یەکەمین دیدارماندا پێت دام لەگەڵ پشتبەستنم بە بەئاگاییم لەو بۆچوونەی جەنابت، کە حوکمڕانی مافێکی تەماحکارانە نییە، هێندەی ئەرکێکی دژوارە، بۆیە جەنابی سەرۆک وەزیران، ئەوە ئەرکی جەنابتە دڵنیابیتەوە، کە ئەم خەڵکە هەرگیز بەزەییان بەو هێزە سازش هەڵنەگرەیاندا نایەتەوە، لە ڕێگەیەوە خۆیانیان ئازاد کرد و هەرگیزیش ئەو هێزە لەدەست نادەن.

سەرچاوە: ئەم نامەیە بۆ یەکەم لە ڕۆژنامەی لیبراسیۆنی ئیتاڵی بڵاو کرایەوە و دواتر لە دوو توێی کتێبی "ئێران، شۆڕشێک بە ناوی خوداوە" لە ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ چەندین وتار و دیمانەی دیکەی تایبەت بە شۆڕشی ئێران بڵاو کراوەتەوە.

ماڵپەڕی کولتور مەگەزین - ڕێکەوتی: ١١ی جوونی(حوزەیران) ٢٠١٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەستینی کۆمەڵایەتی شکڵگرتنی شۆڕشی١٣٥٧ی ئێران و هۆکارەکانی شکستهێنانی



## بەشی یەکەم

لە سەرەودەمی ٢٢ی ڕێبەندان و ڕاپەڕینێکداین کە کۆتایی بە تەمەنی ٢٥٠٠ ساڵەی نیزامی پاشایەتی لە ئێران هێنا و تۆماری سەڵتەنەتی پەهلەوی تێکەوەپێچا. ساڵیادی ئەم ڕووداوە مێژووییە دەرفەتێکە تا دەست بدەینە هەڵسەنگاندنی. هەڵسەنگاندنی سەرلەنوێی شۆڕشی ١٣٥٧ و ڕاپەڕینی ٢٢ی بەهمەن بە تایبەت بۆ ئاشنا بوونی بەرەی لاوی ئەمڕۆ کە بە تێپەڕ بوونی کات، ئەم شۆڕشە بۆ ئەوان ئیتر بۆتە ڕووداوێکی مێژوویی، پێویستە. لەم پێوەندەدا گەلێک پرسیار بوونی هەیە کە لازمە وڵامیان بدرێتەوە.

بۆچی خەڵکی ئێران بە شێوەیەکی بەرین و لە حەرەکەتێکی جەماوەریدا لەدژی سەڵتەنەتی شا ڕاپەڕین و شۆڕشی مانگی ڕێبەندانی ١٣٥٧ ڕوویدا؟ بارودۆخی نێوخۆیی و جیهانی زاڵ بەسەر ئەو دەورانەدا چی بوو؟ بۆچی ئەم شۆڕشە سەرەڕای ئەو ئامانجە عادڵانە و ئینسانیەی کە لە دەستوری کاریدا بوو لە لایەن ڕەوتێکی کۆنەپەرستی ئیسلامیەوە دەستی بەسەردا گیرا؟ چینی کرێکار و هێزە چەپ و ڕادیکاڵەکان لەم کۆمەڵگایەدا چ دەورێکیان گێڕا و سەرئەنجام توشی چ چارەنووسێک هاتن؟ چۆن "دژی شۆڕشی ئیسلامی" کارێک کە ڕژیمی شا نەیتوانی بە ئاکامی بگەیەنێت، تەواوی کرد و دەستی بەسەر شۆڕشی ئێراندا گرت و دواتر خەڵتانی خوێنی کرد؟ ئەمانە و گەلێک پرسیاری تری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەم چەشنە بابەتی قسەو باسەکانی ئێمەن لەم ڕۆژانەی سەرودەمی نزیک بوونەوە لە ساڵیادی ڕاپەڕینی مانگی ڕێبەندان.

ڕیشە واقعی و مێژووییەکانی شۆڕشی ١٣٥٧ دەبێ لە ئاڵوگۆڕەکانی دەیەی ٤٠ ی هەتاویدا لە ئێران و ئەو ڕیفۆڕمانەی کە لە بوارە جۆراو جۆرە ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکان لە لایەن ڕژیمی شاوە لە سەرەوە و لەژێر گوشاری زل هێزە سەرمایەداریەکان بە تایبەت ئەمریکادا هیدایەت کرا، بدۆزینەوە. ئەو ئیسلاحاتە هێزێکی کۆمەڵایەتی نوێی بە چاوەڕوانی تازە بابەتەوە هێنایە گۆڕەپانەکەوە، بەبێ ئەوەی کە بیەوێ یان ئەوەی کە بتوانێ وڵامدەرەوەی چاوەڕوانیەکانیان بێت. مەشروعیەتی سیاسی و مەقبوڵیەتی کۆمەڵایەتی ڕژیمی سەڵتەنەتی کە خۆی بەدیهێنەری گەلێک ئاڵوگۆڕی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لەم دەوریەدا بوو، لە ڕێگای هەر ئەم ئاڵوگۆڕانە و ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەوە کە لێی بەرهەمهاتن، توشی کێشە و گرفت بوو.

ئیسلاحاتی دەیەی ١٣٤٠ یش لەباری پرۆسەی گەشە و کامڵ بوونی هێزە بەرهەمهێنەرەکانەوە لە نێوخۆی وڵات و هەروەها لە گۆشە نیگای بەرژەوەندی سەرمایەی جیهانیەوە، وەک پێویستیەک، چار هەڵنەگر دەهاتە بەرچاو، بەم واتایەی کە لە لایەکەوە مناسباتی ئابووری- کۆمەڵایەتی دواکەتوانە و نیوە فئۆدالی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا گەلێک پێویستی بە ئاڵوگۆر هەبوو، بە جۆرێک کە نیازێکی زۆری بە هێور کردنەوە و کەم کردنەوەی ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکان و پێویست بوونی ئاڵوگۆڕ ئەگەر لە سەرەوە و لە چوارچێوەی ڕیفۆڕمە کۆنترۆڵ کراوەکانەدا وڵامی وەرنەدەگرتەوە، شۆڕش لە خوارەوە، دەبووە بابەتێکی ناچاری لە دیمەنگای ڕەوتی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا.

لە لایەکی ترەوە سەرمایەی جیهانی حەریسانە چاوی بڕیبووە بازاڕی فرۆش، کاری هەرزان، زەخایری زۆر و زەوەندی ژێرزمینی و مادەی خاوەی وەک نەوت و هەروەها بوارە دەست لێنەدراوەکانی سەرمایە گوزاری لە ئێران، لەم ڕووەوە ئێران بۆ سەرمایەی جیهانی وڵاتێکی سەرنج ڕاکێش بوو، لەبەر ئەوەی کە هەم سەرچاوەی دەوڵەمەندی ژێر زەمینی هەبوو، هەم لە ناوچەکەدا خاوەنی پێگەیەکی هەستیاری ژئۆپۆلۆتیک بوو وە هەروەها بە لەبەرچاو گرتنی پێکهاتەی لاوی جەمعیەتیەکەی، وەک سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتوی هێزی کاری هەرزان چاوی لێدەکرا.

بەم جۆرە بە ئامانجی دابین کردنی ئەو نیازانەی باسیان کرا، یەکەم دەبوو زۆربەی هێزی کار کە لە دێهاتەکاندا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیشتەجێ بوون، لە ئاستێکی ملیۆنیدا لە شوێنی نیشتەجێ بوونیان لە دێهاتەکان هەڵکەندرێن تا وەک هەر کالایەکی دیکە بە هۆی زۆر بوونی عەرزە لە بازاڕدا، بە هاسانی لە بەردەست بێت و ئیمکانی کڕینی هەرزان و تەقریبەن بە خۆڕایی فەراهەم بێت. دووهەم دەبوو چینێکی مامناوەندیش دروست بێت کە خاوەنی توانایی کڕینیش بێت تا بەم جۆرە ببێتە بەکارهێنەری کالاکانی بازاڕی سەرمایەداری. هەر لەم دەورەیەدا لە شوێنەکانی دنیاش لە وەڵامدانەوە بە نیازەکانی سەرمایەی جیهانی، کۆمەڵێک ئیسلاحاتی هاوشێوە بەڕێوەچوو بوو. ڕژیمی شا کە قەیرانی سیاسی دەیەی ٣٠ هەتاوی تێپەڕاندبوو، متمانە بەخۆیی پێویستی بە تایبەت دوای سەفەری شا بۆ ئەمریکا و دەستەبەر کردنی پشتیوانی " کنەدی"، بەدەست هێنا تا بە یارمەتی ڕاوێژکارانی ئەمریکایی خۆی لەم ڕاستایەدا هەنگاو بنێت.

بەم جۆرە بەرنامەی ئیسلاحات کە شەخسی شا تامەزرۆبوو ناوی بنێت " شۆڕشی سپی" و یان " شۆڕشی شا و خەڵک" و بە گۆڕینی ئێران لە کۆمەڵگایەکی پشت بەستو بە کشتوکاڵ و پێش سەرمایەداری بۆ کۆمەڵگایەکی نیوە پیشەسازی سەرمایەداری و ئەمادەی تێکەڵ بوون لەگەڵ نیزامی ئابووری جیهانی لێ دەستەبەر بوو، لە ٦ ی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٤١ وە دەستی پێکرد.

بەڵام ئەم بەرنامەیە کە کاکڵی ناوەندیەکەی ئیسلاحاتی ئەرزی بوو، لە عەینی حاڵدا محافزەکارانە و بە واتایەک نا کارا دەهاتە بەرچاو. وەک نمونە ئەگەرچی مالیکیەتی زەمین درا بە بەشێک لە جوتیاران، بەڵام دانی قیستی ١١ ساڵە بۆ توێژێکی هەژاری جوتیاران کە نزیکەی ٣٠ لەسەدی جەمعەیەتی دێهاتیان پێکدێنا، کەمەر شکێن بوو بە شێوەیەک کە توانایی دانەوەیان نەبوو. بەم جۆرە زۆرێک لەوان ناچار بوون زەویەکانیان بە نرخێکی هەرزان بە "دەرەبەگەکانی پێشو"یان جوتیارانی دەوڵەمەند بفرۆشن و خۆیان بە ناچار بەدوای کار و دەستەبەر کردنی بژیوی ژیاندا هەڵوەدای شاران بن.

ڕەشاییەکانی ئاواییش کە نزیک بە ٤٠ لەسەدی هێزی ئینسانی دێهاتەکانیان پێکدێنا، قەت لە چوارچێوەی ئیجرای بەرنامەکانی ئیسلاحاتی ئەرزیدا، زەویان وەرنەگرت، بەم شێوەیە سەرخوردە و ناڕازی لە ئەنجامی ئیسلاحاتی دەوڵەتی، ناچار لە قەراخ شارەکاندا نیشتەجێ بوون و لە حاڵێکدا کە لە لانیکەمی خزمەتگوزاری شاری بێبەش بوون، حەڵەبی ئاواکانیان بنیاد نا. بەم جۆرە بەردەوام بە خێڵی حاشیە نشینانی شارە گەورەکان کە لەوپەڕی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەژاری و بێبەشیدا دەژیان و ڕژێمی شایان بە سەبەبکاری بادودۆخی فەلاکەتباری خۆیان دەزانی، زیاد دەبوو.

هەر لەم دەورەیەدا و بەدوای پرۆسەی خستنە دەستوری کاری مۆدێلی نوێکردنەوە و ئیسلاحاتی بۆرژوایی لە لایەن ڕژێمی شاوە، زانکۆکانیش لە حاڵێکدا گەشەیان کرد کە لە لایەکەوە ئاموزشی ئاکادیمیک و فەننی تێیاندا لەئاستێکی نزمدا و خاوەنی مودیریەتێکی وەها دواکەوتوانە بوو کە نەتوانێ وڵامدەرەوەی ئەو ئاوات و ئاسۆی تازە کراوانەدا لەبەردەم خێڵی لاواندا بێت و لە لایەکی دیکەوە بەهۆی حوزوری پۆلیسی ڕژێم لە شوێنە ئاموزشی و زانکۆییەکاندا هەموو جۆرە نارەزایەتیەک بە توندی سەرکوت دەکرا. لە کاریگەری وەرگرتن لە وەها فەزایەک، خوێندکاران لە کاتی چوونیانەوە بۆ زانکۆ ناڕزای و شاکی بوون. بەم جۆرە سەرکوتی توند، زەوت کرانی ئازادی ڕا دەربڕین، سانسۆڕی زۆر و قەدەغە بوونی هەموو چەشنە فەعالیەتێکی سیاسی لە نێو زانکۆکان و لە دەرەوەیاندا، روناکبیرانی ناڕازی بەرەو هەڵوێست و کاردانەوەی توند لە بەرانبەر ڕژێمدا پاڵپێوە دەنا.

ئەگەرچی ژنان ئازادیەکی کۆمەڵایەتی کەمیان دەستەبەر کردبوو، بەڵام کاریگەری ڕاستەوخۆی ئیسڵاحات لەسەر ژنان گەلێک محافزەکارانە و کەمڕەنگ دیاربوو، ڕژێمی شا لەم بوارەدا بوێری تەواوی بۆ بەرین کردنەوەی ئاستی ئیسلاحاتی قوڵ بۆنێو حەوزەی نفوزی مەزهەب و ئەو یاسایانەی سەرچاوەیان شەریعەتی ئیسلام بوو، نەبوو. بەم شێوەیە شا نەیتوانی لەنێو جەماوەری ژنانی ئێرانیشدا لە ڕێگای ئیجرای ئیسلاحاتی مەدەنیەوە، پێگەیەکی قایم بۆخۆی دەستەبەر بکات.

لەم دەورانەدا داهاتی نەوت ٤ بەرابەر ببوو. ئەم داهاتە زۆرە خێرایی دا بە ئاهەنگی گەشەی مناسباتی سەرمایەداری لە ئێران بەڵام لەگەڵیدا مەیدانی دا بە پەرەسەندنی بوروکراسیەکی بێ دەر و پەیکەر کە بە کردارەکانی، رۆژانە پەرەی بە نارەزایەتیە گشتیەکان ئەدا. هەروەها پێ بە پێی زیاد بوونی داهاتە زۆرە نەوتیەکان، لە حاڵێکدا کە چاوەڕوانیە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکیش زیاتر دەبوو، کەلێنی هەژاری و سەروەت بەردەوام قوڵتر دەبۆوە.

داهاتە نەوتیەکان ئیمکانی دایە دەوڵەت کە کۆنترۆڵی بەشە کلیدیەکانی ئابووری وڵات بە دەستەوە بگرێت و خۆی ببێتە گەورە ترین خاوەنکار، لەم دەورەیەدا گەندەڵی ماڵیش لە دەزگای بروکراسی دەوڵەتیدا نیهادینە کرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەندەڵی دەربـاری شـا پەرەی سـەند، سـەرمایەدارانی سـەربە زنجیـرەی هەزار فامیـل کە دەورو بەریەکـانی شـا و دەربارییان دەگرتوە، هەموو دەرفەتەکانی پێوەندیدار بە ڕقابەتی ئازادیان بۆ دەستەبەر کردنی قەرارداده بازرگانی و پەیمانکاری و توجارِی و ئابووریەکانیان لە چنگ بـاقی ڕەقیبەکـانی هـاو چینیـان دەرهێنـا. بەم جۆرە تـوێژێکی سەرمایەداری نارازیش سەری هەڵـدا. لە ئاکـامی ئیسلاحاتدا، هەروەهـا چینێکـی دەوڵەمەنـدی مامناوەنـد، ئیمتیـاز گەلێکی بەدەست هێنا و چینێکی مامناوەندی بەرین کە لە حەسرەتی ئەو جۆرە ئیمتیزاتەدا دەسوتا و ناکـامی خـۆی سەرچاوەگرتوو لە هەڵاواردنی ڕژێمدا دەبینی، سەری هەڵـدا. ئیسلاحاتی ئەرزی لە سـاڵەکانی سـەرەتادا نەبـوو بە هـۆی زیـاد بـوونی بەرهەمە کشـتوکاڵیەکان، لە ئاکامـدا پێداویسـتی رۆژانەی ژیـانی خەڵـک بەردەوام گرانتـر و قەیرانێکی ئابووری چەند لایەنە بە شێوەی گرانی، داوێنگیری خەڵکی ئێران ببوو.

بەم جۆرە دەبینین کە ئیسلاحاتی شـا نە تەنیـا کۆتـایی بە نـاکۆکیە کۆمەڵایەتیەکـان نەهێنـا، بەڵکو لەئاستێکی بەرینـدا لە بـاقی بوارەکـانی دیکەشـدا پەرەی پێدان. کۆمەڵگـای ئێـران لە هەمـان دەیەی ٤٠ ی هەتـاویەوە ئـاوسی شۆڕشێک بـوو کە دەیتـوانی پاشماوەکانی مناسباتی کۆنی دەرەبەگـایەتی لە گشت ئاسته ئـابووری، کـۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکەدا ئـاوەژو بکـاتەوە. ئیسـلاحاتی شـا ئەو شۆڕشـەی بـۆ مـاوەیەکی نەک زۆر دوور لە دەسـتوری کـاری کۆمەڵگـای ئێـران دەرهاویشت بەڵام هاوکـات بوارەکـانی سـەرهەڵدانی بـارودۆخێکی شۆڕشگێڕانەی دیکەی لە نـاخی خۆیدا پەروەردە کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیام - ڕێکەوتی: ١٠ی فێبریوێری ٢٠١٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەستینی کۆمەڵایەتی شکڵگرتنی شۆڕشی١٣٥٧ی ئێران و هۆکارەکانی شکستهێنانی



(بەشی دووهەم)

لە وتاری پێشوماندا باسمان لە تاوتوێ کردنی بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران کرد. لە درێژەدا بارودۆخی نێونەتەوەیی و ئامانجەکانی ئامریکا لە ئێران و شێوازی دەخاڵەتی ئەوان لە کاروباری ناوخۆی ئەم وڵاتە دەدەینە بەر باس:

لە قۆناغێکدا کە کۆمەڵگای ئێران هەنگاو بە هەنگاو لە بارودۆخێکی شۆڕشگێڕانە نزیک دەبۆوە، سەرمایەداری ئیمپریالیستی، بە سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لەو پەڕی توانایی پیشەسازی و گەشەکردنی ئابووریدا بوو، پێویستیەکی تەواوی بە پەرەپێدانی بازاڕەکانی سەرمایە هەبوو. کێبرکێی نێوان یەکیەتی سۆڤیەت و ئامریکا تەوەرەی سیاسەتی نێودەوڵەتی بوو و بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی هەرێمەکانی نفووزی یەکتر، شەڕ و پێکدادان و ململانێی فراوان لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا لە ئارادا بوو. ئامریکا بۆ پێشگرتن لە پەرەسەندنی نفووزی یەکیەتی سۆڤیەت لە ناوچەکانی ژێر نفووزی خۆیدا، پێویستی بە دەوڵەتانی سەقامگیر بوو. لە کۆتایی دەیەی ٧٠ی زایینیدا وڵاتی ئەفغانستان، دوای کودەتایەکی سەربازی کە لەو وڵاتەدا روویدا، بەکردەوە بوو بە هەرێمێکی ژێر نفووزی یەکیەتی سۆڤیەت، بەم بۆنەوە نیگەرانی لە سەر ئێران بۆ ئەمریکا چووە قۆناغێکی زۆر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرینگەوە.

لە وەها بارووەدۆخێکدا گەلانی ئێران، بە هیوای بەدستهێنانی ئازادی و بەشدار بوون لە ژیانێکی باشتر و مرۆڤانەتر، دژ بە رژیمی شا راپەڕین و شەپۆلەکانی شۆڕش لە ماوەی ساڵێکدا سەرتاسەری ئێرانی گرتەوە و بە درێژایی مانگەکانی وەرزی پاییزی ساڵی ١٣٥٧، ناکارامەیی و لاوازی رژیمی شا لە دامرکاندن و کونترۆڵی شەپۆلەکانی شۆڕش بۆ ئامریکا ئاشکرا ببوو.

دوای تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی راپۆرتە رۆژانەکانی باڵوێزەکانی ئامریکا و بریتانیا (سولیوان و بارسونز) کە لە تارانەوە راستەوخۆ چاودێری بارووەدۆخەکەیان دەکرد، دەوڵەتی ئامریکا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە چیتر بەرگریکردن لە شا سوودبەخش نییە و لەوانەیە بارووەدۆخەکە بەرەو خاڵێکی بێگەڕانەوە ببات و هەر وەک ئەفغانستان، ئێرانیش بکەوێتە داوێنی یەکیەتی سۆڤیەتەوە.

لەم قۆناغەدا، دەوڵەتی ئەمریکا باوەڕی بە توانایی نەتەوەخوازە لیبراڵەکانی ناو ئوپۆزسیۆنی رژیمی شا، بۆ کونترۆڵی بارودۆخەکە، نەبوو. ئەمریکا و هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی بە مەبەستی پاراستنی ئێران و دوورخستنەوەی مەترسی دەرچوونی ئێران لەو پشتیوانیە ئەمنییەی کە پێشتر بە دەوری یەکیەتی سۆڤیەتدا کێشا بوویان، پێویستیان بە سەنگەر و ریزبەندییەکی تازە بوو.

دەوڵەتی ئامریکا زۆر لە پێشترەوە ئاگاداری بوونی مادی و بیر و بۆچوونەکانی رەوتی ئیسلامی لە ناو ئوپۆزسیۆنی شا و توانایی و لێهاتوویی ئەو رەوتە بۆ کردنیان بە قەڵای دژە کۆمۆنیستی بوو.
هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەیکە راوێژکارە ئەمریکاییەکانی شا و دەربار بە بەردەوامی هانی بدەن بۆ گرتنەبەری رێوشوێن و هەڵسووکەوتی نەرم ونیانتر لە بەرامبەر رێبەرانی ئەم رەوتەدا و "شا"ش رێنماییەکانی ئەوانی پەیڕەو دەکرد.

بۆ نموونە لە حاڵێکدا کە کتێبەکانی عەلی شەریعەتی بە هەزاران نوسخە چاپ و بە ئاشکرا بڵاو دەکرانەوە و ناوەندی فەرهەنگی حوسەینیەی ئیرشاد لە تاران بە ئیمکاناتێکی فراوان و چاپخانەی پێشکەوتۆوەوە لە خزمەت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو و هاوفیکرەکانیدا بوو و هەروەها گۆڤاری مەکتەبی ئیسلام لە شاری قۆم بە ئاشکرا چاپ و بڵاو دەکرایەوە، چالاکوانانی چەپ تەنها بە هۆی خوێندنەوەی نامیلکەیەکی مارکسیستییەوە دەبوا ساڵانێک حەبس و زیندانیان تەحەمول بکردبایە.

بە درێژای شەڕی سارد، وەک ئەم سەردەمە دەوڵەتی ئامریکا وەک سیاسەتێکی دەست نیشانکراو، نە تەنها دەوڵەتەکانی هاوپەیمانی خۆی لە رووخان و هەرەسهێنان دەپاراست، بەڵکوو لە هەمان حاڵدا دەیویست نیونیگایەکیشی بە ئوپۆزیسیۆنی ئەو رژیمانەوە بێت و هاوپەیمانەکانی داهاتووی خۆی، لە ناویاندا بدۆزێتەوە و دەست نیشانیان بکات.

چەندین بەڵگەی حاشاهەڵنەگر بە دەستەوەن کە دەریدەخەن، ئامریکا لە رێگای جۆراجۆرەوە لە گەڵ کۆمەڵێک کەسانی ناو ئوپۆزیسیۆنی ئێراندا پەیوەندی هەبۆوە کە دواتر لە حکومەتی نوێی ئیسلامیدا پۆست و مەقامی گرینگیان وەرگرت. بۆ نموونە پاش چوونی خومەینی بۆ پاریس، راستەوخۆ پەیوەندییان پێوە کرد و هەندێک قەرار و بەڵێنیان لە یەکتر وەرگرت.

جێگای سەرنجە کە دەوڵەتی ئامریکا دوای رووخانی دەوڵەتی "زاهیرشا" لە ئەفغانستان، پێڕەوی هەمان سیاسەتی کرد و لە گەڵ نەیارە ئیسلامییەکانی کابول پێوەندی هەبوو. پارە و چەکی ئامریکایی لە رێگەی پاکستانەوە، بزووتنەوەی ئیسلامی ئەفغانستانی بەهیز دەکرد و گەیاندییە دەسەڵات.

سەبارەت بە ئێرانیش گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی کە رژیمێکی ئیسلامی بۆ سەنگەرگرتن لە بەرامبەر نفووزی یەکیەتی سۆڤیەتدا، گەلێک پوتانسیێلی بەرچاو و سەرنجراکێشی هەیە. لەسەردەمی شۆڕشی ساڵی ٥٧ دا بە بۆچوونی ئامریکا و دەوڵەتانی سەرمایەداری رۆژئاوا، بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، بە بەراورد لەگەڵ کونترۆڵی بارودۆخی سیاسی و مەهارکردنی شەپۆلەکانی شۆڕش کە ئاکامەکانی پێشبینی نەدەکرا، لە پلەی دووەمدا بوو.

هەر چەند بەڵگەنامەگەلێک لە دست دایە کە دەریدەخەن خومەینی پێش لە وەرگرتنی دەسەڵات، سەبارەت بە درێژەپێدانی بێ کێشەی هەناردە کردنی نەوت بۆ رۆژئاوا، بەڵێنی تەواوی بە لایەنە رۆژئاواییەکان دابوو.
لە وەها هەلومەرجێکدا ئەمریکا و هاوپەیمانە ئورووپایەکانی لە کۆنفرانسی (گوادولۆپ)دا رژیمی شا و داهاتووی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێرانیان تاوتوێ کرد. (کارتێر، ئێشمیت، کالاهان، ژیسکاردێستن) ئەوان لە لایەکەوە بە کۆی دەنگ ئەوەیان پەسند کرد کە چیتر پێویست ناکات پشتگیری رژێمی شا و دەربار بکەن و لە لایەکی ترەوە بڕیاریاندا پێداویستییەکانی مەهاری شۆڕش، بۆ رەوتی ئیسلامی دابین بکەن. لە راستیدا کۆنفرانسی" گوادولۆپ" چارەنووسی رژێمی شای دەستنیشان کرد و هەوڵ و چالاکییەکانی وڵاتە رۆژئاواییەکانی بۆ دانانی خومەینی لە شوێنی شا هاوئاهەنگ کرد.

پاش ئەو بڕیار و رێکەوتنانە، ئەرتەش رایگەیاند کە، بێلایەنە و دەزگای راگەیاندنی رۆژئاوا لە بەرژەوەندی رەوتی ئیسلامیدا کەوتە کار و چالاکی. ئەوان لەو کاتەدا بە باشی دەیانزانی کە دەوڵەتی "شاپووری بەختییار" توانایی کونترۆڵی شۆڕش و بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوای، لە بەرامبەر مەترسی نفووزی یەکیەتی سۆڤیەتدا نییە.

دەوڵەتی بەختیار وەک دەرفەتێک سەیری دەکرا تا لە ماوەی دەسەڵاتداری ئەودا مەجالی ئەوەیان هەبێت کە لەگەڵ رەوتی ئیسلامیدا رێکبکەون. ئەوان نیگەرانی ئەوە بوون کە موداخیلەی چاوەڕوان نەکراوی ئەرتەش بارووڏۆخەکە خراپتر بکات و ببێتە هۆی ناسەقامگیرییەکی درێژخایەن. لە روانگەی ئەوانەوە وەها پێشهادێک سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی کە ئێران بکەوێتە داوێنی یەکیەتی سۆڤیەتەوە. کە واتە ئەو بۆچوونەی کە ئامانجی سەردانەکەی ژنراڵ (هایزر) بۆ تاران، بە مەبەستی وەرگرتنی پشتگیری ئەرتەش بۆ دەوڵەتی بەختیار لێکدەداتەوە لە راستییەوە دوورە. راستییەکەی ئەوەیە کە (هایزر) وەک ژنراڵێکی خاوەن ئەزموون، کە نفووزێکی زۆری لە ناو گەورە فەرماندەکانی ئەرتەشی شادا هەبوو و لە هەمانکاتدا سیاسەتمەدارێکی لێهاتوو بوو، بە مەبەستی پێشگرتن لە هەر چەشنە کردەوەیەکی کودەتایی لە لایەن ئەرتەشەوە و بە ئامانجی ئامادەکردنی بارودۆخەکە بۆ دەسەڵاتدارێتی خومەینی رەوانەی ئێران کرا. سەرکردەکانی ئەرتەش بەتەواوتی گوێڕایەڵی شا بوون و هەر ئەویش بەختیاری هێنابووە سەرکار.

لەم رووەوە ئەرتەش هیچ کێشەیەکی لەگەڵ بەختیاردا نەبوو و فەرمانی پشتگیری لە بەختیاری لە لایەن شاوە پێگەیشتبوو. بەڵام ئەمریکاییەکان باش دەیانزانی کە دەسەڵاتدارێتی بەختیار دەوام ناهێنێت. کەواتە پێویست بوو ئەرتەش رێگەخۆشکەری دەسەڵاتدارێتی ئیسلامییەکان بێت تا ئەوانیش بتوانن بە وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەپۆلەکانی شۆڕش کونترۆڵ بکەن. هەڵبەت ئەمە بەشێک لە ستراتژییەکە بوو، بەشێکی تری جێخستن و داسەپاندنی خومەینی وەک ئاڵترناتیڤی ڕژێمی سەڵتەنەتی بە سەر ڕای گشتی خەڵکی ئێراندا بوو.

خومەینی کە لە سەرەتادا بڕیار بوو دوای دوورخستنەوەی لە عێراق، لە کویت یان سووریە نیشتەجێ بێت، بە وەرگرتنی ڕای ڕاوێژکارەکانی، بەرەو پاریس ڕێکەوت. پاش نیشتەجێ بوونی خومەینی لە (نووفل لۆشاتۆ)، دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ڕۆژئاوا بەگشتی و بە تایبەتی بەشە فارسییەکانیان بۆ ئەو تەرخان کران. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە ئێمەی چەپ لە ناوخۆی وڵات بە کەمترین ئیمکاناتەوە ڕاگەیاندننامەکانی خۆمان بە (پولی کۆپی) بڵاو دەکردەوە و لە شوێنێکی سنووردارردا بڵاومان دەکردەوە. بەڵام هەموو شەوێک بەشی فارسی ڕادیۆی (بی.بی.سی) فەرمانەکانی خومەینی بۆ سەرتاسەری ئێران دەگواستەوە و هەواڵی دەرکەوتنی وێنەی ئیمامی لەناو مانگدا دەکرد بە قورگی خەڵکدا. شۆڕشی ئێران لە بەرەوپێش چوونی خۆیدا هەندێک سەرکەوتن و دەسکەوتی گرینگیشی بەدەستهێنا. لەوانە دەتوانین ئاماژە بە پێکهاتنی ئەنجومەنە جەماوەرییەکان لە شارەکان، ئەنجومەنە کرێکارییەکان لە ناوەندەکانی وەبەرهێنان و دامەزراندنی دیموکراسیەتێکی ڕاستەقینە لەخوارەوە لە بواری ئازادی ڕادەربڕین و هتد... بکەین. هەروەها پێویستە پەسەندکردنی دەوڵەتی بەختیار لە لایەن شاوە، هەڵوەشاندنەوەی ساواک و هەڵهاتنی شا لە ئێران بە دەسکەوتەکانی شۆڕش بزانین.

لە ڕوانگەیەکی ترەوە، دوترێت کە مانگی بەفرانباری، ١٣٥٧ کە مەترسی بەدیلێکی ئیسلامی بۆ شۆڕش جیدی بۆوە پێویست بوو لە گەڵ بەختیاردا سازش و ڕێکەوتن بکرێت. بەڵام پرسیار ئەمەیە کە چ هێزێک توانایی ئەوەی هەبوو کە سازشێکی وا ئەنجام بدات؟ لە واقیعدا تێگەیشتن و لێهاتوویی پێویست بۆ بەرەوپێش بردن و جێبەجێ کردنی گرینگییەکی لەمجۆرە، نە لە لایەنە چەپە لائیکەکاندا هەبوو، نە وەها هێزێکی واقیعی و خاوەن جەماوەر کە لەو کاتەدا بتوانێت ئالاهەڵگری سازشێکی وەها بێت، لە ئارادا بوو.

سەرەڕای ئەمە، ڕاپەڕینی ٢٢ی ڕێبەندان و پێکدادانە چەکدارییەکانی ئەو ڕۆژانە، لەو هەلومەرجەدا وەک دژە ڕەوتێک خۆی نواند و لە حاڵێکدا ڕوویاندا کە خومەینی بە بەردەوامی جەماوەری لە ڕووداوی لەو چەشنە، مەنع دەکرد و هەڵاوهەنگامەی لایەنگرەکانی لە گوێی هەمواندا بوو کە دەیان گوت ئیمام هێشتا فەرمانی جیهادی نەداوە. بەڵام جەماوەر، کە لە ڕووی غەریزەوە هەستییان بە مەترسی دەست بە سەر شۆڕشدا گرتنی (هەندێ لایەن)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکرد، گوێیان نەدایە ئەو وتانە و بەم شێوە هێرش کردنە سەر ناوەندەکانی دەسەڵات، کە لایەنگرانی خومەینی دیانویست بە ساغی دەستی بە سەردا بگرن، دەستیپێکرد. ئەم رووداوە کە لوتکەی شۆڕشی ٥٧ بوو، مەوزووعی سەرکوتکردنی شۆڕشی لە ساڵەکانی دواتردا، دژوارتر کرد.

چونکە خەڵک چەکیان بەدەستەوە بوو و هەر ئەمەش بوە هۆی درێژبوونەوەی ماوەی سەرکوتکردنی شۆڕش. بەڵام سەرئەنجام، ئەرکی سەرکوتکردنی شۆڕش کە رژێمی شا نەیتوانیبوو ئەنجامی بدات کەوتە ئەستۆی رژێمی ئیسلامی و ئەم رژێمە لە ساڵەکانی سەرەتای دەیەی ٦٠ دا ئەو ئەرکەی بەجێ هێنا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیام - ڕێکەوتی: ١١ی فێبریوێری ٢٠١٨

---

## بەستینی کۆمەڵایەتی شکڵگرتنی شۆڕشی١٣٥٧ی ئێران و هۆکارەکانی شکستهێنانی




(بەشی سێهەم)

لە دوو بەرنامەی پێشوودا باسی بەستێنی بابەتی و کۆمەڵایەتی شکڵگرتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی ئێرانمان کرد. هەروەها بارودۆخی سیاسی جیهانی ئەو سەردەم و دەوری زلهێزەکانی لە گۆڕانکاری ئەو دەورەیەمان دەستنیشان کرد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە درێژەی ئەو باسەدا دەچینە سەر هەڵسەنگاندنی بارودۆخێک کە بووە هۆی هاتنە سەر کاری ڕژیمی ئیسلامی لە ئێران.

لە ڕاستیدا بزاوی ئیسلامیش، لایەنێکی بەهێز بوو لەو سەرهەڵدانە جەماوەرییە. لایەنێک کە بە پێچەوانەی لایەنەکانی تر، خاوەن ڕێبەر بوو، دامەزراوەکانی تایبەت بە خۆی هەبوو، خاوەن بنەمای فیکری خۆی بوو و بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر وەک دەوڵەتێک لە ناو دەوڵەتدا، لە کۆمەڵگای ئێراندا ژیابوو.
ئەگەر چاوێک بە سەر مێژووی یەک سەدساڵەی ئێراندا، لە شۆرشی مەشروتەوە بەم لاوە بخشێنین، دەبینین کە لە سەدەی ڕابردوودا، کۆمەڵگای ئێران سێ گۆڕانکاری بەرچاو و گرینگی سیاسی بەخۆوە دیوە.

هەر جارەو کۆمەڵگای ئێران بە سەر قۆناغێکی قەیراناویدا تێپەڕیوە و لە هەر سێ جارەکەدا، دۆسییەی دەسەڵاتی سیاسی کراوەتەوە و چووتە ژێر پرسیارەوە. هەرجارەو ئیمکانی گۆڕانی دەسەڵاتی سیاسی، بە پشت بەستن بە هێزی گەل هاتوەتە ئاراوە، بەڵام هەرجارەو خەباتی گەل بۆ وەدەست هێنانی ئازادی و ژیانێکی باشتر ڕووبەرووی شکست بۆتەوە.
بێگومان خوێندنەوەو و هەڵسەنگاندنی لایەنە کۆمەڵایەتییەکان و ڕیزبەندی هێزە سیاسیەکان لە هەر کام لەو سێ دەورەیەدا بۆ تێگەیشتنێکی بنەڕەتی لە شوێنی ڕاستەقینەی ئەم شک ستانە، یارمەتیمان دەدات.

بە درێژایی مێژووی ئەم سەدساڵە، بە تایبەت لە دەسپێکی سێ دەورەی قەیراناوی و ناسەقامگیری، واتە شۆڕشی مەشروتیەت ١٢٨٥-١٢٩٩ دەورەی پاش ڕووخانی دیکتاتوریتی بیست ساڵەی ڕەزاشا و شەڕی دووەمی جیهانی ١٣٢٠ - ١٣٣٢ و سەرئەنجام دەورەی شۆڕشی دژی سەڵتەنەتی ١٣٥٧- ١٣٦٣ سێ ڕەوتی کۆمەڵایەتی و سیاسی شان بە شانی ئەو حیزب و گرووپانەی هەڵگری ئەو بۆچوونانە بوون، بەرچاو دەکەون.

*یەکەم ڕەوت* کە بە هەموو توانایەوە تینووی وەرگرتنی دەسەڵات بووە و هەیە، ڕەوتی سیاسی ـ ئایینی شیعەیە. ئەم ڕەوتە بەردەوام بە شێوەی دەوڵەتێکی ناو تارمایی، لە مێژووی یەک سەدساڵەی ئەم دواییانەی کۆمەڵگای ئێراندا بوونی هەبوە و بەشێکی زۆر لە چۆنیەتی کاروباری ڕۆژانەی جەماوەر لە لایەن ئەم دەوڵەتەوە بەڕێوە براوە، لە کاروباری پێوەندی دار بە مەحکەمەوە بگرە تا پێکهێنانی خێزان و تەڵاق و هیتر.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە تایبەت دەسکەوتی ماڵی ئەم دەوڵەتە لە سەرچاوەی شوێنە وەقف کراوەکان، لە دوکان و خانوو بەرەوە بگرە تا هەزاران پارچە زەوی کشت وکاڵی و تۆڕی کۆکردنەوەی وجوهاتی ئایینی لە خوارەوە بۆ سەرەوە و خەرج کردنیان لە سەرەوە بۆ خوارەوە، مەجال و دەرفەتی ئەوەی پێدرا بوو تا ڕێکخراوێکی پان و بەرین و دەوڵەمەند، لە ژێر کونترۆڵی بێ هاوتای مەرجەعییەتی شیعەدا پێک بهێنێت.

هەروەها ئەم ڕەوتە خاوەن ڕێکخراوەکانی تایبەت بە خۆی بوو کە لە لایەن کەسانێکی بەناوبانگەوە ڕێبەری دەکرا. بە تایبەت کە شەریعەتی ئیسلامی و ئەو تەفسیرانەی کە ئەم یان ئەو مەرجەعی تەقلید لە شەریعەت دەیکرد، وەک پلاتفورمێکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ڕێک و پێک و ئامادەی پەیڕەوی کردن لە بەردەستیاندا بوو.

پێوەندی ئەم ڕەوتە لە گەڵ دەسەڵاتی حاکمدا دوو ڕووی جیاوازی سۆز و نەفرەتی بە خۆوە دیوە. بەشێکی زۆری ئەم ڕەوتە لە دەسپێکی شۆڕشی مەشروتیەتدا، بە ناچار لە شۆڕشدا بەشداری کرد، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت، سەرەتا نامۆیی خۆی بۆ ئامانجە ئازادیخوازییەکانی شۆڕشی مەشرووتیەت دەربڕی و پەنای بۆ مەشروعە برد و دواتر بە تەواوەتی پشتی لە ئامانجەکانی شۆڕش کرد.

لە دەورەی شەڕی دووەمی جیهانیدا و لە سەردەمی موسەدیقدا، دیسان لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێراندا چاومان بە بوونی ئەم ڕەوتە دەکەوێتەوە. هەر چەند لەم دەورەدا ئەم ڕەوتە لە پەراوێزدا بوو، بەڵام لە ئاست توانایی خۆیدا زیانی گەیاندە بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی ئێران.

هەر ئەم ڕەوتە بوو کە لە سەردەمی شۆڕشی ٥٧ (دەورەی سێهەم) بە سەرهەڵدانی شەپۆلەکانی شۆڕش، جوڵایەوە و لە کۆتاییدا بە زاڵ بوون بە سەر ڕەوتەکانی تردا و دوای کۆنترۆڵ و سەرکوت کردنی شۆڕش، دەستی بە سەر دەسەڵاتدا گرت.

*ڕەوتی دووەم ـ* ڕەوتی ناسیونالیست ـ لیبراڵی لایەنگری ڕۆژئاوایە.

سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەم ڕەوتە، پێوەندی بە دەرکەوتنی تەدریجی موناسیباتی سەرمایەداری لە ئێراندا هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم. ڕێبەران و تێئۆریسیەنەکانی ئەم ڕەوتەبوون کە فەرهەنگی مودێڕنی سەردەمی خۆیان لە ئورووپاوە گواستەوە بۆ ئێران.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوونی کۆمەڵایەتی ئەم رەوتە لە شۆڕشی مەشروتیەتدا بەرچاو دەکەوێت. ئەم رەوتە لە دوایین ساڵەکانی دەورەی دووەمدا (١٣٣٢ ـ ١٣٢٠) لە سیمای دەوڵەتی موسەدیقدا ئالاهەڵگری خۆماڵی کردنی نەوت و سەربەخۆیی سیاسی ئێران بوو.

*ئەم رەوتە لە دەورەی شۆڕشی ٥٧دا لە بەرامبەر رەوتی ئایینی دا چۆکیدا و سەری بۆ دانەواند.*

دەبێ ناکارامەیی و هۆکاری بێ توانایی رەوتی ناسیونالیست ـ لیبراڵ لە نواندنی رۆڵی سیاسی کاریگەر لە شۆڕشی ٥٧دا، لە پێگەی چینایەتی ئەم رەوتەدا بدۆزینەوە. چاکسازییەکانی شا بنەمای کۆمەڵایەتی گەشەی ئەم رەوتەی لاواز کردبوو. ئەمانە بە درێژایی دەورەی حکومەتی شا تەنها رۆڵی رەخنەگرێکی بێ ئازاری (ئۆلیا حەزرەت) یان نواندبوو. بەشێک لەم رەوتە کە لە ناو ئوپۆزسیونی شادا جێیان گرتبوو، توانایی وروژاندنی جەماوەری نەبوو. بەم هۆیەوە توانایی خەڵک هەڵخەڵەتاندنی بە بەراورد لە گەڵ رەوتی ئیسلامیدا سنووردار بوو.

لە دەورەی شۆڕشی ٥٧دا هاوپەیمانە دواین رۆژەکانی رەوتی ناسیونالیست ـ لیبراڵی لایەنگری رۆژئاوا باوەڕیان بە توانایی ئەو رەوتە بۆ کونترۆڵی شەپۆلەکانی شۆڕش نەمابوو. ئەمەش بوە هۆی ئەوە کە ئەم رەوتە لە وەرگرتنی پشتگیری رۆژئاوا لە بەرامبەر رەوتی ئیسلامیدا، پلەی دووەم وەربگرێت. لەم دەورەدا ئەم رەوتە هیچ شانسێکی بۆ وە دەست هێنانی دەسەڵات، بە هۆی پێگەی شۆڕشگێڕیەوە نەبوو و تەنها لە حاڵەتێکدا دەیتوانی دەسەڵات وەربگرێت کە هێزێکی دەرەکی پاڵپشتی لێبکات. ئەو حاڵەتە هەنووکەش هەر لە ئارادایە و هەر ئەمەش بوەتە هۆی ئەوە کە پاشماوەکانی ئەو رەوتە بۆ وەدەست هێنانی دەسەڵات چاوەڕوانی هێرشی سەربازی ئەمریکا بۆ سەر ئێران بن.

*رەوتی سێهەم،* رەوتی چەپ و سۆسیالیستە. رابردووی مێژوویی ئەم رەوتە لە ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێک کە کرێکارانی ئازەربایجان و پارێزگاکانی باکووری ئێران، بە مەبەستی کارکردن لە کێڵگە نەوتییەکانی باکۆدا روویان دەکردە ئەو هەرێمە. ئەو کرێکارانە لەوێ لە گەڵ هزری شۆڕشگێڕانە و چینایەتی سۆسیال ـ دیموکراتیک دا ئاشنا بوون. شۆڕشی ١٩٠٥ رووسیا رۆڵێکی گرینگی هەبوو لە چاندنی تۆوی ئاگابوونەوەی چینایەتی لە ناو ئەو کرێکارە کۆچ کردوانەی کە لە کێڵگەکانی نەوتی باکۆدا کاریان دەکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم ڕەوتە کە لە دەورەی شۆڕشی مەشروتیەتدا، هاوپەیمانی جیدی ڕەوتی لیبراڵ و نەتەوەخواز بوو، بە پێکهێنانی حیزبی (ئیجتماعیون ـ عامیون) و دواتر تەشکیلی یەکەمین حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ساڵی ١٢٩٩ی هەتاویدا، پێی نایە ناو گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و لە ساڵەکانی دواتردا وێڕای گشت ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە لە سەر ڕێگەیدا درکەوتن، بوو بە یەکێک لە ڕەوتە بەشداره گرینگەکانی گۆڕەپانی تێکۆشانی سیاسی ئێران.

ئەم ڕەوتە کە بۆ ماوەی دەیان ساڵ بەسەر فەزای فیکری، سیاسی و فەرهەنگی ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگای ئێراندا زاڵ بوو، سەرەرای ئەوەی کە بە هۆی گرێدراوی حیزبی تودەوە بە سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت، زیانی بەرچاوی بەردەکەوت، بەڵام بەردەوام بوو لە گێڕانی ڕۆڵی خۆی لە گۆڕەپانی تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێراندا.

ئەم ڕەوتە لە دەورەی شۆڕشی ٥٧دا بە هۆی ناکۆکی فیکری و باڵباڵێنی سیاسی و تەشکیلاتییەوە، نەیتوانی بە پێی قورسایی خۆی لەو هەل ومەرجە لەبارە کۆمەڵایەتییە کەڵک وەربگرێت و هاوسەنگێکی باش لە ناو هێزە سیاسییەکاندا پێک بهێنێت، کە لە بەرژەوەندی خۆیدا بێت. هەر ئەمەش بوە هۆی ئەوە کە دواتر لە لایەن دسەڵاتی دواکەوتوخوازی حاکمەوە سەرکوت بکرێت.

هۆکاری شکستی ئەم ڕەوتە لاوازبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی نەبوو، چۆنکە چینی کرێکار لە شۆڕشی ٥٧دا بە مانگرتن و بەشداری هەمەلایەنەی خۆی لە شۆڕشدا پشتی ڕژێمی شای شکاندبوو.

***شکستی ڕەوتی چەپ پێش لە هەموو شتێک ئاکامی سەرکوتکردنە دڕندانەکانی دوای شۆڕش بوو.***

بەم شێوە دەبینین کە کۆمەڵگای ئێران بە درێژایی ئەم یەک سەد ساڵە، لەلایەکەوە گۆڕەپانی کێشمەکێشی ئەم سێ ڕەوتە لە هەمبەر یەکتر ولە لایەکی ترەوە دژایەتی کردنیان لەگەڵ دسەڵاتی زاڵ بۆ وەدەسهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لەناو جەرگەی قەیرانە سیاسیەکاندا بووە. ئەم ڕژێمە لە ئاکامی هاوسەنگی هێزە جیهانییەکانی دەورانی شەڕی ساردda و لە بارودۆخێکدا کە ڕێکخراوە جەماوەرییە کرێکارییەکان بوونیان نەبوو و ڕەوتی چەپ بە هۆی هۆکارگەلێکی لاوازەوە، نەیتوانیبوو خۆی ڕێکبخات و ریزەکانی خۆی پتەوبکات، بە سەر کۆمەڵگای ئێراندا داسەپا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەلانی ئێران بە شێوەیەکی خۆڕسک و لە باروودۆخێکدا کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، دژ بە رژێمی شا راپەڕی بوون. بەڵام هێشتا رێبەرایەتێکی شۆڕشگێڕی پێشکەوتنخواز بۆ رێنمایی ئەم بزووتنەوە پێکنەهاتبوو. ئاشکرایە کە لە وەها بارووددۆخێکدا جەماوەری راپەڕیو ناگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان، بەڵکوو بە پشت بەستن بە یەکەمین و بەردەست ترین بەدیل درێژە بە بزووتنەوەکەیان دەدەن. هەڵبەت ئەوە خومەینی بوو کە زووتر لەوانی تر وەها بەدیلێکی خستە بەردەم جەماوەر. ئامانجی چاوەڕوانکراوی خومەینی واتە رووخانی شا دابین ببوو. کەواتە دەبوا ئاگری شۆڕش دابمرکێت. بەڵام ئەمەش پێویستی بە بەرنامەی تایبەت بوو. خومەینی بە زیرەکییەکی تایبەت، ستراتیژی خۆی بۆ ئەم مەبەستە ختسەگەر و هەنگاو بە هەنگاو بە کاری هێنا. خەڵک فریودانی خومەینی و بە نهێنی هێشتنەوەی راستی ئامانجەکانی لە رای گشتی کۆمەڵگا، مەجال و دەرفەتی ئەوەی پێبەخشی کە خۆی بۆ سەرکوت کردنی نیهایی شۆڕش ئامادە بکات. رۆڵی خومەینی لە شکست هێنانی شۆڕشی ئێراندا زۆر گرینگە. خومەینی لە رۆژانێکدا کە شۆڕشی ئێران خاوەن هیچ ئستراتژییەکی روون نەبوو، ئامانجێکی روون و دیاریکراوی خستە بەردەم جەماوەر و بێ چوون و چرا درێژەی پێدا، ئەویش (رۆیشتنی شاو هیچی تر) بوو. خومەینی بە پشت بەستن بە پێگەی تایبەتی خۆی وەک مەرجەعێکی تەقلید و چالاکێکی سیاسی شیعە و هەروەها بە هۆی دژایەتی کردنی شا لە رابردوودا و ئەو نفووزەی کە بە هۆی بیرۆکە دژی رۆژئاواییەکانیەوە لە ناو توێژێک لە رۆشنبیرانی کۆمەڵگای ئێراندا بە دەستی هێنابوو، لە شوێنی ئەو کەسەدا وەستا کە لە دەورەی شۆڕشی 57دا و لە هەل و مەرجێکدا کە هیچ ئاڵترناتیڤێکی تر بوونی نەبوو، توانی ئامانجێکی جیگای وەدیهاتن بخاتە بەرچاوی جەماوەر. بەم شێوە خومەینی وەک ستراتژیکێکی دژە شۆڕش، دەرفەتی ئەوەی بەدەستهێنا تا بە بەردەوامی گورزی خۆی ئاراستەی شۆڕشی تازە سەرهەڵداوی ئێران بکات و ئامانجێک کە توانای بەدیهێنانی رەخساربوو، بە کۆمەڵانی خەڵکی راپەڕیو نیشان بدات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیام - رێکەوتی: ١٢ی فێبریوێری ٢٠١٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەستینی کۆمەڵایەتی شکڵگرتنی شۆڕشی١٣٥٧ی ئێران و هۆکارەکانی شکستهێنانی



(بەشی چوارەم و کۆتایی)

لە بەرنامە کانی پشوودا باسی بەستێنی بابەتی و کۆمەڵایەتی شکڵگرتنی شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێرانمان کرد. هەروەها بارودۆخی سیاسی جیهانی ئەو سەردەمە و رۆڵ و نەقشی زلهێزەکان لە گۆڕانکاری ئەو دەورەیەمان دەستنیشان کرد. پاشان چوینە سەر هەڵسەنگاندنی بارودۆخێک کە بووە هۆی هاتنە سەرکاری رژیمی ئیسلامی لە ئێران. لە بەشی چوارەم و کۆتاییدا باسی ئەوە دەکەین کە چۆن و بە چ هۆکارگەلێک دژە شۆڕشی ئیسلامی بەسەر شۆڕشی ئێراندا زاڵ بوو و لە چ قۆناغێکدا دەتوانین بڵێین شۆڕشی ئێران بەتەواوەتی تێکشکا. دەوری رۆشنبیران و رێکخراوە سیاسییەکان دژ بە رژیمی شا کە سەریان بۆ رژیمی ئیسلامی دانەواند، چی بوو؟

فریوکاری خومەینی و شاردنەوەی ئامانجەکانی لە رای گشتی کۆمەڵگا، مەجال و دەرفەتی ئەوەی پێبەخشی کە خۆی بۆ سەرکوت کردنی نەهایی شۆڕش ئامادە بکات. سازکردنی چەندین بەرنامە و رووداوی درۆینە و بێ بنەما بە مەبەستی سەرقاڵکردن و وروژاندنی هەستی جەماوەر، کە نموونەی هەرەبەرچاویان، داگیر کردنی باڵوێزخانەی ئامریکا لە تاران و بە بارمتە گرتنی ٤٤٤ رۆژەی دیپلۆماتەکان و وتنەوەی دروشمی دژی ئامریکایی، کە بە مەبەستی ئامادەکردنی جەوەکە بۆ سەرکوتکردنی درندانەی تێکۆشەرانی واقیعی دژە ئیمپریالیست دارێژرا بوو، شانۆی پاڵپشتی موستەزعەفان و پشت کردن لە ماڵی دونیا، دروست کردنی وەهم سەبارەت بە دابەشکردنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دادوەرانەی سەروەت و سامان لای جەماوەری هەژار، پێشوازی کردن لە شەڕی ئێران و عێراق بە مەبەستی ئامادە راگرتنی کۆمەڵگا و هەوڵدانی بەردەوام بۆ هێرش کردنە سەر زانستگاکان و داخستنیان بە بیانووی شۆڕشی فەرهەنگی، نموونەگەلێکن لەو خەڵک خەڵەتاندنانەی خومەینی کە بە ئامانجی ستراتیژی دامرکاندنی ئاگری شۆڕش بەڕێوە دەبران. بەم شێوەیە خومەینی وەک ستراتیژیستێکی دژە شۆڕش، دەرفەتی ئەوەی بەدەستهێنا تا بە بەردەوامی گورزی خۆی ئاراستەی شۆڕشی تازە سەرهەڵدراوی ئێران بکات. کۆماری ئیسلامی شۆڕشی ئێرانی لە گشت بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا تووشی شکست کرد. لە بزووتنەوەی کرێکارانەوە بگرە تا بزووتنەوەی ژنان و خوێندکاران و بزووتنەوەی کوردستان، واتە گشت ئەو بزووتنەوانەی کە لە رووخاندنی رژیمی شادا رۆڵی سەرەکییان بوو، یەک لە دوای یەک کەوتنە بەر هێرشی بەرنامەبۆدارێژراو و دڕندانەی رژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئیسلامی. تەنها لە گۆڕەپانی بزووتنەوەی کوردستاندا بوو کە خۆڕاگری، درێژخایەن بوو و تا ئێستاش هەر درێژەی هەیە.

کۆمەڵگای ئێران تا ساڵەکانی سەرەتای دەیەی شەست، هەر لە جۆش و خرۆشدا بوو و شۆڕش بە شێوەی بەربەرەکانێی هەمەلایەنە لە دژایەتی کردنی شۆڕشی ئیسلامیدا خۆی دەنواند.

بەڵام، رژیمی ئیسلامی چۆن توانی شۆڕش سەرکوت بکات؟ هۆکارەکانی ئەم رووداوە لە هەڵەکانی رۆشنبیران و هێزە سیاسییەکان تێپەڕ دەبێت و پێوەندی بە گۆڕانی هاوسەنگی هێزی شۆڕش و نەیارانی شۆڕش، پاش راپەڕینی رێبەندانی ٥٧ وە هەیە. لە سەرلەبەیانی ٢٢ی بەهمەن بەم لاوە، لە لایەکەوە رەوتی ئیسلامی ریزەکانی خۆی رێکخست و پتەوتری کرد و بە خێرایی ئەو دامودەزگا دەوڵەتییانەی کە لە لایەن راپەڕینەوە زیانییان پێگەیشتبوو ساخ و نوێژنی کردەوە و گەشەی پێدان و ئامادەتر و رێک و پێک تر لە رژیمی شا دژ بە شۆڕش بەکاری هێنان.

لە لایەکی ترەوە پەرەسەندنی شۆڕش لە بواری کۆمەڵایەتییدا بەرەو لاواز بوونەوە دەچوو. "حیزب" یان "بەرەیەکی" بەهێزی سۆسیالیستی و جەماوەری لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراندا نەبوو. رێکخراوەیەکی سەرتاسەری و گشتگیری کرێکاری نەبوو. لایەنی راستی هێزە سیاسییەکان، واتە بورژوازی لیبراڵ، سەلاحییەتی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و سیاسی پێویستی بۆ بوون بە بەدیلێک لە بەرانبەر رەوتی ئیسلامیدا، تێدا نەمابوو.

بێگومان نکۆڵی لە هەڵەکانی رۆشنبیران و هێزە سیاسییەکان ناکرێت و پێویستە لە شوێنی خۆیدا پێداچوونەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆرتری بۆ بکرێت. ئەوەی کە حیزبی توودە و سازمانی ئەکسەرییەت بوون بە ماستاوچی کۆماری ئیسلامی و بەم بۆنەوە لە مێژووی سیاسی ئێراندا بەدناوی هەتاهەتاییان بۆ خۆیان تۆمار کرد. ئەوەیکە حیزبی رەنجبەران وەک رێبەرانی نەتەوەیی و دژەئیمپریالیزم سەیری خومەینی و "بەنی سەدر"ی دەکرد و تا ئێستاش گورزی درەنگ تێگەیشتنی خۆی بەردەکەوێت. ئەوەیکە لیبراڵەکانی بەرەی نەتەوەیی واتە (جبهەملی) بە پاشماوەخۆری حکومەتی ئیسلامی، بە وتەی مێهدی بازرگان بە (ژیانی لاوازی خائینانە) رازی بوون و بەرەومەرگی سیاسی خۆیان هەنگاویان هەڵگرت. هەڵبەت بەداخەوە گشت ئەمانە دیاردەگەلێکی واقیعی بوون و لە ئاستی خۆیاندا زەرەر و زیانیان ئاراستەی شۆڕشی ئێران کرد. بەڵام بە تەئکید نابێ هۆکارە بنەڕەتییەکانی شکست هێنانی شۆڕشی ئێران لە کردار و وتاری ئەم هێز و رۆشنبیرانەدا ببینین. چونکە بۆچوونە دواکەوتوانەکانی جەلالی ئالی ئەحمەد و شەریعەتی و کەسانی وەک ئەوان، پێشتر ئەرکی خۆیان بۆ رازاندنەوەی سیاسەتی خومەینی و رەوتە ئیسلامییەکەی، بە باشترین شێوە ئەنجام دابوو. کاری سەرکوت کردن و پاشەکشە پێکردنی شۆڕش، لەم قسانە ترازابوو. دەزگای تازەی سەرکوت، وەرێکەوتبوو و گەیشتبووە قۆناغێک کە تەنانەت مەجالی هەڵەکردنیشی بە رۆشنبیرەکان نەدەدا. رژێمی ئیسلامی نەتەنیا هێز و هەڵسووڕاوانی سیاسی بەڵکوو بە تەواوەتی، بوونی بزووتنەوە پێشکەوتنخوازە کۆمەڵایەتییەکانی کردبۆوە ئامانج. بە ناوی (نێعمەتی ئیلاهی)یەوە بە مەبەستی میلیتاریزە کردنی کۆمەڵگای ئێران پێشوازی لە شەڕی عێراق کرد. نەتەنیا ئەنجومەنە کرێکارییەکانی لەناو برد، بەڵکوو کارگەکانی داخست و کرێکارەکانی رەوانەی گۆڕەپانی شەڕ کرد. لە ئیسفەهان و بەندەر ئەنزەلی و تاران و شوێنەکانی تر، کرێکارە بێکارە ناڕازییەکانیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە. نەتەنیا نوێنەرایەتی هێزە سیاسیەکانیان لە زانستگەکان کۆکردەوە، بەڵکوو زانستگەکانیان داخست و ئەساسی بزووتنەوەی خوێندکارییان سڕییەوە. هێرشی سەربازییان کردە سەر کوردستان و تورکمەن سەحرا و لە ناوچەکانی تر بە هەزاران کەسیان لە شەقامەکان دەستبەسەر و لە زیندانەکاندا ئەشکەنجە و ئێعدامیان کردن. لەو باروودۆخەدا، تەنانەت ئەگەر ئەو هێزە سیاسیە نەیارانەی کە هێرشیان کرابووە سەر، عەقڵیەتی ئەوەیان تێدا بوایە کە پاشەکشەیەکی تێگەیشتووانە ئەنجام بدەن، دەیانتوانی رێژەی لەناوچوونی هێزەکانیان کەمتر بکەنەوە. بەڵام بەداخەوە لە توانایی شیکردنەوە و تێگەیشتن لەو گۆڕانکارییەی کە لە ئارادا بوو بێبەهرە بوون. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە (شۆڕش) رێگەی شکستی دەپێوا و لە ژێر گورزی بەردەوامی (دژە شۆڕشی ئیسلامی) دا دوایین هەناسەکانی دەکێشا. زۆربەی ئەو کەسانەی کە نەیاندەویست باوەڕ بە شکست هێنانی شۆڕش بکەن، لەو رۆژانەدا بەو پەڕی نائۆمیدییەوە سەریان لە بەرد دەکوتا و ئەمڕۆش وێڕای سەرزەنشتی ڕابردووی خۆیان، بە بێ ئینسافییەوە هەڵەکانیان دەخەنە ئەستۆی گشت کۆمەڵگا و تۆوی بێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئۆمێدی سەبارەت بە شۆڕشی داهاتوو لە مێشکی خەڵکدا دەچێنن. کەواتە نابێ رووداوگەلێکی ئەوەندە گەورە و هەمەلایەنە تا ئاستی هەڵە بچووکەکانی ئەم و ئەو دابەزێنین. با وڵامی ئەم پرسیارە کە بۆچی ئیسلامگەراکان توانیان شکست بە شۆڕشی ١٣٥٧ بهێنن، بەم شێوەیە کورت بکەینەوە: چونکە توانایی مادی و رێکخستنی تەواویان بۆ تێکشکاندنی شۆڕش بەدەست هێنابوو و بەو پەڕی بێڕەحمییەوە بەکاریان هێنا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیام - ڕێکەوتی: ١٣ی فێبریوێری ٢٠١٨

## دەوری ئامریکا لە بە دەسەڵات گەیاندنی رەوتی ئیسلامی لە ئیران



لە کاتێکدا کە کۆمەڵگای ئێران هەنگاو بە هەنگاو لە بارودۆخێکی شۆڕشگێڕانە نزیک دەبۆوە، سەرمایەداری ئیمپریالیستی، بە سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کە لەو پەڕی توانایی پیشەسازی و گەشەکردنی ئابووریدا بوو، پێویستیەکی تەواوی بە پەرەپێدانی بازاڕەکانی سەرمایە هەبوو. کێبرکێی نێوان یەکیەتی سۆڤیەت و ئامریکا تەوەرەی سیاسەتی نێودەوڵەتی بوو و بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی هەرێمەکانی نفووزی یەکتر، شەڕ و پێکدادان و ململانێی فراوان لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا لە ئارادا بوو. ئامریکا بۆ پێشگرتن لە پەرەسەندنی نفووزی یەکیەتی سۆڤیەت لە ناوچەکانی ژێر نفووزی خۆیدا، پێویستی بە دەوڵەتانی سەقامگیر بوو.

لە کۆتایی دەیەی ٧٠ی زایینیدا وڵاتی ئەفغانستان، دوای کودەتایەکی سەربازی کە لەو وڵاتەدا روویدا، بەکردەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو بە هەرێمێکی ژێر نفووزی یەکیەتی سۆڤیەت، بەم بۆنەوە نیگەرانی لە سەر ئێران بۆ ئەمریکا چووە قۆناغێکی زۆر گرینگەوە. لە وەها باروودۆخێکدا گەلانی ئێران، بە هیوای بەدستهێنانی ئازادی و بەشدار بوون لە ژیانێکی باشتر و مرۆڤانەتر، دژ بە رژێمی شا راپەڕین و شەپۆلەکانی شۆڕش لە ماوەی ساڵێکدا سەرتاسەری ئێرانی گرتەوە و بە درێژایی مانگەکانی وەرزی پاییزی ساڵی ١٣٥٧، ناکارامەیی و لاوازی رژێمی شا لە دامرکاندنەوە و کونترۆڵی شەپۆلەکانی شورش بۆ ئامریکا ئاشکرا ببوو.

دوای تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی راپۆرتە رۆژانەکانی باڵوێزەکانی ئامریکا و بریتانیا (سولیوان و بارسونز) کە لە تارانەوە راستەوخۆ چاودێری باروودۆخەکەیان دەکرد، دەوڵەتی ئامریکا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە چیتر بەرگریکردن لە شا سوودبەخش نییە و لەوانەیە بارووەدۆخەکە بەرەو خاڵێکی بێگەڕانەوە ببات و هەر وەک ئەفغانستان، ئێرانیش بکەوێتە داوێنی یەکیەتی سۆڤیەتەوە.

لەم قۆناغەدا، دەوڵەتی ئەمریکا باوەڕی بە توانایی نەتەوەخوازە لیبراڵەکانی ناو ئوپۆزسیۆنی رژێمی شا، بۆ کونترۆڵی بارودۆخەکە، نەبوو.

ئەمریکا و هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی بە مەبەستی پاراستنی ئێران و دورخستنەوەی مەترسی دەرچوونی ئێران لەو پشتوێنە ئەمنییەتییەی کە پێشتر بە دەوری یەکیەتی سۆڤیەتدا کێشا بوویان، پێویستیان بە سەنگەر و ریزبەندییەکی تازە بوو. دەوڵەتی ئامریکا زۆر لە پێشترەوە ئاگاداری بوونی ماددی و بیروبۆچوونەکانی رەوتی ئیسلامی لە ناو ئوپۆزسیۆنی شا و توانایی و لێهاتوویی ئەو رەوتە بۆ کردنی بە قەڵای دژە کۆمۆنیستی بوو.

هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەیکە راوێژکارە ئەمریکاییەکانی شا و دەربار بە بەردەوامی هانی بدەن بۆ گرتنە بەری رێوشوێن و هەڵسووکەوتی نەرم ونیانتر بەرامبەر بە رێبەرانی ئەم رەوتە و "شا"ش رێنماییەکانی ئەوانی پەیڕەو دەکرد. بۆ نموونە لە حاڵێکدا کە کتێبەکانی عەلی شەریعەتی بە هەزاران دانە چاپ و بە ئاشکرا بڵاو دەکرانەوە و ناوەندی فەرهەنگی حوسەینیەی ئیرشاد لە تاران بە ئیمکاناتێکی فراوان و چاپخانەی پێشکەوتووەوە لە خزمەت ئەو و هاوفیکرەکانیدا بوو، هەروەها گۆڤاری "مەکتەبی ئیسلام" لە شاری قوم بە ئاشکرا چاپ و بڵاو دەکرایەوە، چالاکوانانی چەپ تەنها بە هۆی خوێندنەوەی نامیلکەیەکی مارکسیستییەوە دەبوا ساڵانێک حەبس و زیندانیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەحەمول بکردبایە.

بە درێژای سەردەمی شەڕی سارد، دەوڵەتی ئامریکا وەک سیاسەتێکی دەست نیشانکراو، نە تەنها دەوڵەتەکانی هاوپەیمانی خۆی لە رووخان و هەرەسهێنان دەپاراست، بەڵکوو لە هەمان حاڵدا نیونیگایەکیشی بەرەو ئوپۆزیسیۆنی ئەو رژێمانەوە هەبوو بۆ ئەوەی هاوپەیمانەکانی داهاتووی خۆی، لە ناویاندا بدۆزێتەوە و دەست نیشانیان بکات.

چەندین بەڵگەی حاشاهەڵنەگر بە دەستەوەن کە دەریدەخەن، ئامریکا لە رێگای جۆراجۆرەوە لە گەڵ کۆمەڵێک کەسانی ناو ئوپۆزیسیۆنی ئەوکاتی ئێران پەیوەندی هەبوە کە دواتر لە حکومەتی نوێی ئیسلامیدا پۆست و مەقامی گرینگیان وەرگرت. بۆ نموونە پاش چوونی خومەینی بۆ پاریس، راستەوخۆ پەیوەندییان پێوە کرد و هەندێک قەرار و بەڵێنیان لە یەکتر وەرگرت.

جێگای سەرنجە کە دەوڵەتی ئامریکا دوای رووخانی دەوڵەتی زاهیرشا لە ئەفغانستاندا، پێڕەوی هەمان سیاسەتی کرد و لە گەڵ نەیارە ئیسلامییەکانی کابولدا پێوەندی هەبوو. پارە و چەکی ئامریکایی لە رێگەی پاکستانەوە، بزاڤی ئیسلامی ئەفغانستانی بەهیز دەکرد و گەیاندییە دەسەڵات. سەبارەت بە ئێرانیش گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی کە رژێمێکی ئیسلامی بۆ سەنگەرگرتن لە بەرامبەر نفووزی یەکیەتی سۆڤیەتدا، گەلێک پوتانسیێلی بەرچاو و سەرنجڕاکێشی هەیە.

لە سەردەمی شۆڕشی ساڵی ٥٧ دا بە بۆچوونی ئامریکا و دەوڵەتانی سەرمایەداری رۆژئاوا، بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، بە بەراورد لەگەڵ کونترۆڵی بارووذۆخی سیاسی و مەهارکردنی شەپۆلەکانی شۆڕش، کە ئاکامەکانی پێش بینی نەدەکرا، لە پلەی دووەمدا بوو. هەر چەند بەڵگەنامەگەلێک لە دست دایە کە دەریدەخەن خومەینی پێش لە وەرگرتنی دەسەڵات، سەبارەت بە درێژەپێدانی بێ کێشەی هەناردە کردنی نەوت بۆ رۆژئاوا، بەڵێنی تەواوی بە لایەنە رۆژئاواییەکان دابوو. لە وەها هەلومەرجێکدا ئەمریکا و هاوپەیمانە ئورووپایەکانی لە کۆنفرانسی (گوادولۆپ)دا رژێمی شا و داهاتووی ئێرانیان تاوتوێ کرد. (کارتێر، ئێشمیت، کالاهان، ژیسکاردێستن) ئەوان لە لایەکەوە بە کۆی دەنگ ئەوەیان پەسند کرد کە چیتر پێویست ناکات پشتگیری رژێمی شا و دەربار بکەن و لە لایەکی ترەوە بڕیاریاندا پێداویستییەکانی مەهاری شۆڕش، بۆ رەوتی ئیسلامی دابین بکەن. لە راستیدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆنفرانسی گوادولۆپ چارەنووسی رژێمی شای دەستنیشان کرد و هەوڵ و چالاکییەکانی وڵاتە رۆژئاواییەکانی بۆ دانانی خومەینی لە شوێنی شا هاوئاهەنگ کرد. پاش ئەو بڕیار و رێکەوتنانە، ئەرتەش رایگەیاند کە بێلایەنە و دەزگای راگەیاندنی رۆژئاوا لە بەرژەوەندی رەوتی ئیسلامیدا کەوتە کار و چالاکی.

ئەوان لەو کاتەدا بە باشی دەیانزانی کە دەوڵەتی شاپووری بەختییار توانایی کونترۆڵی شۆڕش و بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوای، لە بەرامبەر مەترسی نفووزی یەکیەتی سۆڤیەتدا نییە. دەوڵەتی بەختیار وەک دەرفەتێک سەیری دەکرا تا لە ماوەی دەسەڵاتداری ئەودا مەجالی ئەوەیان هەبێت کە لە گەڵ رەوتی ئیسلامیدا رێکبکەون. ئەوان نیگەرانی ئەوە بوون کە موداخیلەی چاوەڕوان نەکراوی ئەرتەش باروودۆخەکە خراپتر بکات و ببێتە هۆی ناسەقامگیرییەکی درێژخایەن. لە روانگەی ئەوانەوە وەها پێشهاتێک سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی کە ئێران بکەوێتە داوێنی یەکیەتی سۆڤیەتەوە. کە واتە ئەو بۆچوونەی کە ئەڵێ ئامانجی سەردانەکەی ژنراڵ (هایزر) بۆ تاران، وەرگرتنی پشتگیری ئەرتەش بۆ دەوڵەتی بەختیار بوو،لێکدانەوەیەکی دوور لە راستییە.

لە راستیدا (هایزر) وەک ژنراڵێکی خاوەن ئەزموون و سیاسەتمەدارێکی لێهاتوو کە نفووزێکی زۆری لە ناو گەورە فەرماندەکانی ئەرتەشی شادا هەبوو، بە مەبەستی پێشگرتن لە هەر چەشنە کردەوەیەکی کودەتایی لە لایەن ئەرتەشەوە و بە ئامانجی ئامادەکردنی بارودۆخەکە بۆ بە دەسەڵات گەیشتنی خومەینی رەوانەی ئێران کرا.

سەرکردەکانی ئەرتەش بەتەواوتی گوێڕایەڵی شا بوون و هەر ئەویش بەختیاری هێنابووە سەرکار. لەم رووەوە ئەرتەش هیچ کێشەیەکی لە گەڵ بەختیاردا نەبوو و فەرمانی پشتگیری لە بەختیاری لە لایەن شاوە پێگەیشتبوو.

بەڵام ئەمریکاییەکان باش دەیانزانی کە دەسەڵاتی بەختیار دەوام ناهێنێت. کەواتە پێویست بوو ئەرتەش رێگەخۆشکەری دەسەڵاتی ئیسلامییەکان بێت تا ئەوانیش، شەپۆلەکانی شۆڕش کونترۆڵ بکەن. هەڵبەت ئەمە بەشێک لە ستراتژییەکە بوو، بەشێکی تری جێ خستن و داسەپاندنی خومەینی وەک ئاڵترناتیڤی رژێمی سەڵتەنەتی بە سەر رای گشتی خەڵکی ئێراندا بوو.

خومەینی کە لە سەرەتادا بڕیار بوو دوای دوورخستنەوەی لە عێراق، لە کوەیت یان سووریە نیشتەجێ بێت، بە وەرگرتنی رای راوێژکارەکانی، بەرەو پاریس رێکەوت. پاش نیشتەجێ بوونی خومەینی لە (نووفل لۆشاتۆ)، دەزگا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاگەیاندنەکانی ڕۆژئاوا بەگشتی و بە تایبەتی بەشە فارسیی زمانە کانیان بۆ ئەو تەرخان کران. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە ئێمەی چەپ لە ناوخۆی وڵات بە کەمترین ئیمکاناتەوە ڕاگەیاندننامەکانی خۆمان بە (پولی کۆپی) نەشر دەکرد و لە ئاستێکی سنووردا‌ردا بڵاومان دەکردەوە. بەڵام هەموو شەوێک بەشی فارسی رادیۆی (بی.بی.سی) فەرمانەکانی خومەینی بۆ سەرتاسەری ئێران دەگواستەوە و هەواڵی دەرکەوتنی وێنەی ئیمامی لەناو مانگدا دەکرد بە قورگی خەڵکدا. بە م جورە بوو کە ئاسانکاری کرا بو بە دە سە لات گە یاندنی حکومتی ئیسلامی لە ئیران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیام - ڕێکەوتی: ١١ی فێبریوێری ٢٠١٩

## ئەمریکا و شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران



**نوچە نێت**

هەموو شۆڕشە مەزنەکانی مێژووی هاوچەرخ، هەڵگری ئایدیۆلۆژیا، ڕێبەری و بەرنامەی تایبەت بە خۆ بوونە کە دوائامانجی پێش خستنی کۆمەڵگا و جێ خستنی چەمکی حاکمییەت و دەسەڵاتی خەڵک بوو، بەڵام شۆڕشی ١٩٧٩ ئێران، پێچەوانەی ئەم ڕەوتە، لاڕێی کرد و ئەنجامێکی دیکەی لێکەوتەوە. بە کورتی ویستی خەڵک نە تەنها بە کردەوە، بەڵکوو لە بەیانی تیۆریکیشدا، کەوتە پەڕاوێزەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێزاری سەرجەم چین و توێژەکانی ئێران، فاکتەری سەرەکی سەرهەڵدانی شۆڕش بوو، بەڵام ئەوەی کە ئایەتوڵلاکان دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت و زۆرجار لەدەقی سیاسی ئۆپۆزسیۆنی ئێران بەناونیشانی "دزرانی دەستکەوتەکان"ی شۆڕش هاتووە، دەرەنجامی دوو هۆکار بوون؛

***یەکەم.*** سەرکوت و گەندەڵی ونابەرابەری چینایەتی، بە تایبەت لە دەیەی کۆتایی تەمەنی رژێمی پاشایەتی گەیشتبووە ڕادەیەک کە زۆربەی خەڵک ئامادە بوون بۆ دەربازبوون لێی، هەموو رێگایەک بگرنە بەر.
***دووەم،*** تا سەروبەندی شۆڕش سەرجەم هێز ولایەنە سیاسیەکان بەجۆرێک لەجۆرەکان سەرکەوت و پەراوێز خرابوون، ئەوەی مابووەوە ئایەتوڵلاکان بوو کە وەک هێزێکی کاریگەر لە گۆڕەپانی سیاسیدا مابوونەوە. بەم پێیە، خودی رژێمی پاشایەتی، بە شێوەی نەخوازراو، پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرفراوانی بۆ لایەنگرانی ئایەتوڵلا خومەینی پێکهێنابوو.(١)

شای ئێران لە کێتێکدا چاوەڕێی وەڵامی ئەمریکیەکان بوو، دەبوو بڕیاری کۆتایی بدا، ئەوەی کە ئایا لە ئێران دەمێنێتەوە یان دەبێ بڕوات. ئەمریکا لە ژێر گوشاری خەڵکی ئێران، چیدیکە نەیدەتوانی پشتیوانی لە ناوبراو بکات... ئەمە هەواڵێک بوو کە ئاژانسەکانی هەواڵی جیهانی دوای کۆبوونەوەی نافەرمی سەرانی چوار وڵاتی ئەمریکا، بەریتانیا، فەڕەنسا و ئەڵمانیا بڵاویان کردەوە، کە رێک دەیکردە دوو هەفتە بەر لە سەرەکوتنی شۆرشی ١٩٧٩ی ئێرانیەکان.

رۆژانی ٤ بۆ ٧ی جانیوەری ١٩٧٩، کالاهان، ژیشکاردستەن و ئیشمیت لە دوورگەی گوادلۆپ، هەڵکەوتوو لە دەریای کارائیب سەبارەت بە کۆمەلێک پرسی جیهانی و یەک لەوان ئێران کۆبوونەوە. جیمی کارتەر لە بیرەوەریەکانی خۆی دەنووسێت: ***تێگەیشتم سێ کەسەکەی دیکە، پشتیوانیییەکی ئەوتۆ لە شای ئێران ناکەن، ئەوان بیریان لە پێکهێنانی دەوڵەتێکی نوێ دەکردەوە و هەمووان پێیان وابوو کە دەبێ شا بڕوات.***

***والری ژیشکاردستەن، سەرۆکی فەڕەنسا لە میانی کۆنفرانسی گوادلۆپ، پێی وابوو کە جیم کالاهان، سەرۆکوەزیرانی بەریتانیاش لە گەڵ خستنی شای ئێراندایە، بەریتانیەکان پێیان وابوو ئەگەر شا بمێنێتەوە، شەڕی ناوخۆیی سەرهەڵدەدات، خەڵکانێکی زۆر دەکوژرێن و کۆمۆنیستەکان دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن.***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرۆکی فەڕەنسا، تەنانەت بە کارتەری گوتبوو کە پەیوەندی بە دژبەرانی شاوە بکات، چون پاریس بڕیاری کۆتایی دابوو، دەبی شا بروا. ئەوان دەوری شایان خەت کێشابوو.

چەند رۆژ داوای کۆنفرانسی گوادلۆپ، واشنتۆن بە رێگەی دوو نێردەی ژێسکاردستەن، پەیامێک ئاراستەی خومەنی دەکات. چوونی شا یەکلایی بۆتەوە، لە داهاتوویەکی نزیکدا ئێران جێ دەهێڵێ، دەبێ ئاگاداری مەترسی سوپا بێت، کودەتای سوپا دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات. خومەینی لە وەڵامدا دەڵێت: کارتەر ئەگەر نیازپاکی دەنوێنێ و دەیهەوێ هێمنی ئێران پارێزراو بێت و خوێنی هیچ کەس نەڕێژێت، باشتر وایە شای ئێران ببات و پشتیوانی دەوڵەتی بەختیار نەکات. هۆشداری دەدەمە ئەمریکا، ئەگەر لە ئێران کودەتا ڕووبدات، لە ئێوەی دەناسم.(٢)

کۆنفرانسی گوادلۆپ یەکێکە لە نهێنیەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران. لێرەوە یە کە زۆریەک لە چاودێرانی سیاسی و مێژوونووسان پێیان وایە کە لەمسەرانی چووار وڵاتی زلهێزی جیهان لەم دوورگەیە گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە شای ئێران دەبێ ماڵئاوایی لە دەسەڵاتی پاشایەتی و بنەماڵەیی خۆی بکات. لەم سەروبەندەدا بووە کە سەرۆکی ئەمریکا نامەیەکی ڤیلیام سالیوانی پێگەیشتووە بەم ناوەرۆکە: *ساتی چارەنووس ساز بەڕێوەیە. شا لە سەر دوو ڕێیانییە، یان دەبی کاروباری وڵات رادەستی شاپوری بەختیار بکات و بۆ خۆی بڕوات یان ئەوەی کە رێگە بە سوپای بدات کە سەرکوتی خەڵکی ئێران بکات.*

سالیوان، باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران بە سەرۆکی وڵاتەکەی دەڵێت لە ئێستادا دەبێ تەرکیز بخەینە سەر چۆنیەتی رۆیشتنی شا، لێرەوەیە کە ئەمریکەکان هیوایەکیان بە شای ئێران نامێنیت. سالیوان پێی وابوو کە تەنها سەرۆکی ئەمریکا دەتوانێ قەناعەت بە شای ئێران بهێنی کە دەبێ گۆڕەپانەکە چۆڵ بکات. کارتەر دەست بە جێ راوێژکارانی خۆی خۆ دەکاتەوە، لێیان دەپرسێ کە ئایا شای ئێران دەبێ بڕوات یان نا. ئەنجامەکەی دەبێتەوە ئەوە کە بە زمانێکی دیپلۆماسیانە داوا لە شای ئێران بکرێ بۆ پشوودان و کاروباری نەخۆشی ئێران جێ بهێڵێ...
قدرت جهانی وابستگی نداشته باشد "نباید برای آمریکا ناکامی تلقی شود."

کارتەر جەخت دەکاتەوە کە فەرماندە باڵاکانی سوپای ئێران لە ناوخۆ بمێننەوە و سوپاکە یەکگرتوو بهێڵنەوە، گرنگە کە سوپای ئێران پارێزەری پەیوەندیەکانی تاران و واشنتۆن بێت.(٣)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شا پیاوی قەیران نەبوو

سەعید حەجارییان، یەکێک لە تیوریسیەنە گەورەکانی رەوتی ریفۆرمخوازی لە ئێرانی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران دەڵێت: *شۆڕش دیاردە و ڕووداویکی چەند رەهەندییە، پێموایە لاوازی شا، هۆکاری شۆرش بوو، شا کەسایەتییەکی لاوازی هەبوو، لە منداڵییەوە وابوو، ئەو پیاوی قەیران نەبوو.*

بە گوتەی حەجارییان، جیمی کارتەر، سەرۆکی ئەمریکا گەیشتبووە ئەو ئەنجامە کە باشتر وایە رژێمە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە، بگۆڕدرێن بۆ رژێمی دیموکرات، هەر بۆیە ئێمە ناومان نابوو جیمی کراسی، کارتەر پێی وابوو کە دیکتاتۆرەکان بەرگە ناگرن، هەر وەک چۆن ئێستاش پێیان وایە لە بەهاری عەرەبیدا، دیموکراسی قازانجی بۆ ئەوان زۆرترە.(٤)

سێ رۆژ داوای رۆیشتنی شا لە ئێران، ئایەتوڵڵا خومەینی بە ئەمریکا دەڵێت ئەگەر لایەنگرانی دەسەڵات و کاروباری ئێران بە دەستەوە بگرن، شێرەی نەوت بە رووی رۆژئاوا ناگرێتەوە و لە گەڵ ئەمریکا پەیوەندییەکی دۆستانە گرێ دەدات. بەپێی بەڵگەیەک(١٩ی جانیوەری ١٩٧٩)خومەنی هەروەها بەڵێن دەدات کە شۆڕشی ئیسلامی ئێران بۆ وڵاتانی دیکە هەنارده ناکات.

خومەینی هەروەها گوتبووی: داوا لە خەڵکی سعودیە، کوێت و میرنیشەکانی کەنداو و عێراقیەکان دەکەین کە بیانیەکان لە وڵاتی خۆیان وەدەربنێن، سیاسەتی ئێمە ئەوەیە کە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی گەلانی دیکە نەکەین.

ئەم بەڵێنانە بەشێکە لە وەڵامی نهێنی خومەینی بە چوار پرسیاری ئیدارەی کارتەر سەبارەت بە داهاتووی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ئێران کە بەڵگەنامەکەی ٣٥ ساڵ دوای شۆرشی ١٩٧٩ و لە نۆڤەمبەری ٢٠١٣ بڵاو کرایەوە.

بەرامبەر بەم بەڵێنانە خومەنی تەنها یەک داوای لە ئەمریکیەکان هەبووە، ئەویش ئاسانکاری بۆ گەڕانەوەی بوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ ئێران. خومەینی لە وەڵامی پەیامەکەی کارتەر، گوتبووە: ئەگەر ئیدارەی ئەمریکا واز لە پشتیوانی کردنی گروپێکی گەندەڵ بهێنی و سیاسەتی خۆی بگۆڕێ، داهاتووی پەیوەندیەکانمان لە گەڵ ئەمریکا، داهاتوویەکی دۆستانە دەبێت.

کارتەر و خومەینی کەناڵی پەیوەندی نهێنی خۆیان تا یەک رۆژ بەر لە چوونی شای ئێران پاراستبوو. لە سەر یەک، خومەینی لە وەڵامی پەیامەکەی سەرۆکی ئەمریکا، حکومەتێکی وێنا کردبوو کە رەنگە لە رووی سەربازی و ئەمنی لە ئەمریکا نزیک نەبێتەوە، بەڵام دژ‌ و کۆمۆنیست دەمێنێتەوە و پەیوەندییەکی دۆستانەی لە گەڵ واشنتۆن دەبێت، سەقامگیری و ئارامی ناوچەکە تێکنادات و گرنگتر لە هەمووان شێرەی نەوت بە رووی رۆژئاوادا ناگرێتەوە. چون دەست راگەیشتن بە نەوتی ئێران یەکێک لە پەرۆشیەکانی ئەمریکا بوو.

خومەینی هەروەها جەختی کردبووەوە کە چیدی چەک و چۆڵی ئەمریکیەکان ناکڕن، بەڵام لە رووی گەشەی ئابوری و کشتوکاڵی پێویستییان بە واشنتۆن دەبێت. سەبارەت بە داهاتووی وەبەرهێنانی ئەمریکیەکان لە ئێران، خومەینی بێ دەنگی هەڵدەبژێرێ و ئامادە نییە سەبارەت بە چەند و وچۆنی قسە بکات، بەڵام جەخت لە سەر بەرژەوەندیە باڵاکان و گەشەی ئێران دەکاتەوە.

دۆخی شۆڕشی ئێران زۆریەک لە ئەمریکایەکان و هاوپەیمانانی ناوچەیی واشنتۆنی نگەران کردبوو، بە پێی هەڵسەنگاندن و بەراوردێکی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا(سی.ئای.ئەی)، وڵاتانی عەرەبی دراوسێ خوازیاری ئەوەن کە واشنتۆن دۆخەکە کۆنترۆڵ و هێور بکاتەوە، بە پێچەوانەوە، ڤایروسی شۆڕش تەشەنە دەکات. ئەم نیگەرانیەی عەرەبەکان دەگەڕایەوە بۆ ترسی ئەوان لە سیاسەتێک کە دواتر بە هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی ناسرایەوە، کە ئێستاشی لە گەڵ بێت، وەک سیاسەتی جەوهەری و سەرەکی کۆماری ئیسلامی پەیڕەو دەکرێت.

لە ڕاپۆرتەکەی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا، ئاماژە بەوەش کراوە کە وڵاتانی عەرەبی، پێیان وابوو کە خومەینی و لایەنگرانی توانای ئیدارەدانی وڵاتیان نییە و درەنگ یان زوو، چەپە توندڕەوەکان، بە ڕێگەی شۆڕشی دووەم، دەسەڵات لەم وڵاتە بە دەستەوە دەگرن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مێژوو نیشانی دا کە بەرارود و لێکدانەوەی ئەمریکا، رۆژئاوا وولاتانی عەرەبی هەڵە بوو. لایەنگرانی خومەینی / پەیڕەوانی هێڵی ئیمام، دەست پێشخەرییان کرد و ٤ی نۆڤەمبەری ١٩٧٩، بە داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران شۆڕشی دووەمیان بەرپا کرد. میانەڕەوەکان بە تۆمەتی دۆستایەتی لە گەڵ ئەمریکا لە دەسەڵات دوور خرانەوە، بەشێکی زۆر لە هێز و لایەنە چەپەکان خۆیان بە دەستەوە دا و پەیوەست بە ئۆردووگای خومەینی بوون و بەشەکەی دیکەش پەراوێز و سەرکوت کران.

سێ مانگ دوای داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا، خومەینی پەیامێکی مێژوویی ئاراستەی "زوڵملێکراوانی جیهان" کرد و رایگەیاند: ئێران لە هەموو ڕوویەکەوە کۆتایی بە بەستراوە بوونی خۆی بە ئەمریکا دێنێ و لە دژی ئەمریکای بێ بەزەیی و جیهان خۆر دەوەستێتەوە. خومەینی گوتیشی: تا دوا دڵۆپی خوێن، لە دژیان دەوەستینەوە، چونکە ئێمە پیاوی شەڕین، شۆڕشەکەمان بۆ هەموو جیهان هەنارده دەکەین، چون شۆڕشەکەمان ئیسلامییە.(٥)

## خومەینی کڵاوی لە سەر نان

محەممەد مەلەکی، یەکەم سەرۆکی زانکۆی تاران لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩، لە نامەیەکدا لاپەرەکانی دەیان ساڵی ڕابردووی هەڵداوەتەوە. لە نامەیەکی سەرئاوەڵای محەممەد مەلەکی هاتووە:

بە دەر لە دروشمی سەرەکی شۆڕش کە سەربەخۆیی، ئازادی و کۆماری ئیسلامی بوون، دروشکەنای دیکە بۆنی مەرگیان دەدا، دەیتان ساڵە دروشمی مەرگ و نەمان دەڵێینەوە، بە بێ ئەوەی باس لە ژیان و مان بکەین.

بۆ کاتێک خومەینی لە پاریس لە ژێر سێبەری دارە سێوێک پاڵی دەدایەوە و دروشمی بەتاڵی دەدات، بۆ کاتێک ئێمە وێنەی خومەنیمان لە مانگ دەبینی، بیرمان لە هیچ شتێک نەدەکرنەوە، کڵاوی ئەومان چووە سەر.

مەلەکی لە سەر ئەو باوەڕەیە کە دوای دەیان ساڵ لە سەرکوت لە ناوخۆ و دەستوەردان لە دەرەوە، ناکرێ چاوەڕانی نەرمی نواندن لە رژێمی ئێران بکرێت. بە گوتەی مەلەکی، دوای ئەم هەموو ساڵە، ڕوون نییە کەی و چۆن رێز لە مافەکانی مرۆڤ لە ئێران دەگیرێ.(٦)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەبوونی ناسیاری و زانیاری لەسەر خومەینی و ئامانجەکانی، بەتایبەت پێش سەرکەوتنی شۆڕش، بابەتێک بوو کە دواتر لە دوتوێی راپۆرتەکاندا جەختی لە سەر کرایەوە. ساڵێک بەر لە ڕووخانی رژێمی شا، بەرپرسانی باڵای باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران پێیان وابوو کە بزووتنەوەی ئیسلامی بە سەرکردایەتی سیمبۆلیکی خومەینی، تایبەتمەندی دیموکراتبوونی تێدایە.

ئامادەکاری سەرەکی ئەم راپۆرتە، جۆرج لیمبراکس، بەرپرسی بەشی سیاسی باڵیۆزخانە بووە و زانیاریەکانی زۆرتر بە رێگەی دەم و چاوە میانەڕەوەکانی بزووتنەوەی ئازادی و بەرەی نەتەوەیی دەست خستبوو. ئەو و هاوکارەکانی چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد رۆژێک لە رۆژان خومەینی بێتە او گۆڕەپانی سیاسەتەوە و بە ناونیشانی وەلی فەقیە،کاروباری وڵات بە دەستەوە بگرێت و دەسەڵات قۆرغ بکات.

عەباس میلانی، مێژوو نووس و مامۆستای زانکۆی ستەنفۆرد، ڕای وایە کە ئەمریکیەکان زانیاری تەواویان لە سەر خومەنی نەبوو، چون بەرهەمەکانی لانی کەم بە زمانی ئینگلیزی چاپ و بڵاو نەبوونەوە.هەر چەند میلانی پێی وایە کە تاوانباری سەرەکی خودی ئێرانیەکانن بەپلەی یەکەم. لەم بارەوە چەپەکان، بەرەی میللی و دیموکراتەکان بە تاوانبار دەزانێ کە دەستی خومەینییان نەخوێندبووەوە.

یەکێک لەو کەسانە کە میلانی ئاماژەی پێکردووە، ئیبراهیم یەزدی، یەکەم وەزیری دەرەوەی ئێران بوو لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩. یەزدی دوو مانگ بەر لە سەرکەوتنی شۆڕش لە گەل هێنری پرێکت، بەرپرسی مێزی ئێران لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا زنجیرە گفتوگۆیەکی چڕ و پڕ و نهێنی دەست پێکردبوو.

پرێکت یەکێک بووە لەو کەسانە کە لە ئیدارەی کارتەر کە پێداگری لە سەر قبووڵکردنی ئەنجامەکانی شۆڕشی ١٩٧٩ کردۆتەوە. ناوبراو بە بی بی سی گوتووە دوای ئەوەی لە گەڵ یەزدی چەند دیدار و گفتوگۆیەکی ئەنجام دا، ڕاپۆرتی دانیشتننەکانی داوەتەوە بە بەرپرسانی سەرەوەی خۆی و ئەوانیش ڕاپۆرتەکەیان بە هەند وەرگرتووە. یەزدی لەم دیدارانەدا بە پرێکتی گوتبوو کە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا دەخوازێ کە واشنتۆن پەیوەندی بە ئۆردوگای دژبەرانی شای ئێرانەوە بکات کە خومەینی سەرکردایەتی دەکرد.

پرێکت دواجار دانی بەوەدا ناوە کە ئاگاداری ناوەرۆک و وردەکاری داواکاریەکانی خومەینی نەبوون. ئێستا کە بیر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ڕابردوو دەکەنەوە، باوەڕیان هێناوە کە ڕابەری کۆماری ئیسلامی فریوی داون.(٧)

گروپە چەپەکانی ئێرانی لەشۆڕشی دژ بە سیستمی پاشایەتی، خوازیار و لایەنگری ڕژێمێکی خەڵکی لە چوارچێوەی کۆماری دیموکراتی گەل، حکومەتی کرێکاری و دەسەڵاتی خەڵکی بوو. ئەوان خوازیاری جیاکردنەوەی ئایین لە دەسڵات بوون. بەڵام دواتر پشتیوانی حزبی تودەی ئێران و ڕێکخراوی فیداییەکانی گەل - زۆرینە لە ئایەتوڵڵا خومەینی و کۆماری ئیسلامی، ڕێک بە پێچەوانەی ئەو ئامانجانە بوون کە گروپە چەپەکان باوڕی قووڵیان پێبوو. ئەم وەرەچەرخان و گۆڕانکاریە لە سیاسەت و خەتی فکری چەپەکان هەڵدەگەڕاوە بۆ بەرژەوەندی و سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤییەتی جاران و کەمپی سۆسیالیستی.(٨)

سەرباری دەوری دیاریکەری چەپەکان و هێزە غەیرە ئیسلامیەکان لە سەرخستنی شۆرش،بە هۆی بەرگری نەکردنیان بەرامبەر بە ڕەوتی ئیسلامی کە خومەینی سەرکردایەتی دەکرد، وای کرد کە بەرە بەرە مەیدانیان بۆ چۆڵ بکەن. زۆریەک لە ڕەوتە نیشتمانی،نەتەوەیی - مەزهەبیەکان،لیبراڵ و چەپەکان بە سیاسەتی ئاڵۆز و سازشکارانەیان، ئەم بوارەیان بۆ ڕەوتی خومەینی ڕەخساند.

نێهزەتی ئازادی، تەنانەت بەر لە سەرکەوتنی شۆڕش پەیوەستی کاروانی خومەینی بوو. بەرەی میللیش لە ژێر ناو و بە پاساوی بەرگری لە دەولەتی کاتی موهەندیس بازرگان، پەیوەستی ئەم کاروانە بوو هەندێک لە ڕەوتە مەزهەبیەکان، بۆ وێنەی هیئی شەریعەتی و لە نێوانیاندا گروپی فیرقان، دوای ئەوەی کە ڕوویان کردە سیاسەتی تیرۆر، هەر لە سەروەتاوە بیانوویان دایە دەستی لایەنگرانی خومەینی.

ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵکی کە سەرەتا خۆی لە پشت ئایەتوڵڵا تاڵەقانی شاردبووەوە، سیاسەتی دووفاقەی بەرامبەر بە خومەینی گرتە بەر، سێ ساڵ دواتر بە ڕاگەیاندنی شەڕی چەکداری لە دژی ڕژێمەکەی خومەینی، بیانوو و پاساوی سەرکوتیان بۆ فەراهەم کرد.

بەڵام گەورەترین ئینشقاق ولێکدابڕان لە نێوان چریکە فیداییەکان ڕوویدا و بە سەر دوو لایەنی زۆرینە و کەمیەدا دابەش بوون، کە دواتر فیداییەکان، باڵی زۆرینە لایەنی خومەینییان گرت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێکخراوی فیداییەکان کە بە گەورەترین و کاریگەرترین ڕێکخراوی چەپ و ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی هەژمار دەکراو، دەنگی خستە پاڵ داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا و بەم شێوەیە ئالۆزیی و سەرگەردانییەکی لە بەرەی چەپ نایەوە. باڵی زۆرینە بەرە بەرە لە حزبی تودەی ئێران نزیک بووەوە کە پێشتر خۆی بە دەستەوە دابوو.

*بۆ باڵی زۆرینە چووە ئۆردوگای حزبی تودەوە. باوترین وەڵامەکان لە بەرامبەر ئەم پرسیارە بریتین لە:*

*یەکەم:* لە سەروبەندی شۆرش،ڕێکخراوی فیداییەکان زۆریەک لە کادیرە بە ئەزموون و پێشکەوتووەکانی لە دەست دابوو،

*دووەم:* حزبی تودە توانایەکی بەرچاوی تیۆریک هەبوو، لە گەل ئەوەی کە خاوەندی هەزاران کادیری بە ئەزموون و کارامە بوو.

*سێهەم:* فییداییەکان لە گەڵ ئەوەی کە ناکۆکی و جیاوازی تاکتیکی و سیاسیان لە دژی ڕژێمی شا هەبوو،بەڵام لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە خزمایەتی لە گەڵ توودەییەکان هەبوو.

ئەوە بوو کە چەپ بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی بەرگەی نەگرت و بە کردەوە خزمەتیان بە جێگربوونی دەسەڵاتی ئایەتوڵلاکان کرد.(٩)

## چل ساڵ دژایەتی جیهان، ٧ خول دانوستانی ژێربەژێر

ڕۆژنامەی ئافتابی یەزد، لە ڕاپۆرتێکدا بە ناونیشانی " ٧ جار دانوستانی ژێربەژێر لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا"، دەنووسێت: بەرپرسانی ئێرانی لە دوای شۆرشی ١٩٧٩، بە دیاریکراوی ٧ جار لە گەڵ لایەنە بیانیەکان و بە تایبەت ئەمریکیەکان(شەیتانی گەورە).(١٠)

باڵیۆزی پێشووی ئێران لە کوبا لە گفتوگۆ لە گەڵ ئاژانسی هەواڵی ئانادۆڵی تورکیا، لایەنی ئایدیۆلۆژی و لێدوانە توندەکانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، گوشارەکانی ئەمریکا لە مەسەلەی ڕێککەتونی ئەتۆمی، یارگیری ئەمریکا لە ناوچە و هەوڵدانی بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی ناوچەیی و بە تایبەت پلانی پێکهێنانی ناتۆی عەرەبی بە فاکتەرە سەرەکیەکانی داخرانی دەرگای گفتوگۆ لە نێوان تاران و واشنتۆن دەزانێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم دبلۆماتکارەی پێشووی ئێران، ئەنجامدانی دانوستان و وتوویژی ژێربەژێر و داخراو لە گەڵ ئێرانیەکان پشتڕاست دەکاتەوە و دەشلێت: ئەمریکا وئێران لە ماوەی چل ساڵی رابردوودا بە نهێنی و بە ئاشکرا کۆبوونەتەوە، ئەفشار سولەیمانی ئاماژە بە ئەنجامدانی گفتوگۆ لە کاتی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ٢٠٠٣ دەکات، هەروەها دانوستان لە بارەی ئەفغانستان، تەوەرێکی دیکەی ئەم گفتوگۆ نهێیانە بووە.

کۆبوونەوەی جەواد زەریف و جۆن کێری، وەزیرانی دەرەوەی ئێران و ئەمریکا کە ئەنجامەکەی بوو بە رێککەوتنی ئەتۆمی، دیارترینی ئەم گفتوگۆیانە بووە. بەگوتەی ئەم دپلۆماتکارە ئێرانیە، بەرپرسانی دوو وڵاتە لە پەراوێزی کۆبوونەوەی سوریا لە جنێف، چەندین جار کۆبوونەتەوە.


لە بارەی هەڵبژاردنی بێ دەنگی لە لایەن حەسەن ڕوحانی، سەرۆککۆماری ئێرانەوە بەرامبەر بە پیشنیاری دۆناڵد ترەمپ بۆ ئەنجامدانی خولێکی نوێی دانوستیان لە نێوانیان، سولەیمانی دەلێت: خوێندنەوەی دوو وڵات بۆ پرسە هەستیارەکان گەلیک جیاواز ولێک دوورن، ئایدیۆلۆژی کۆماری ئیسلامی و ڕوانین وسیاسەتی دەستوەردانی لە وڵاتانی جیهان، لە لایەن ئەمریکاوە قبووڵ ناکرێت. ئێرانیش هەمان هەڵوێستی هەیە. بابەتی ئیسرائیل و فەلەستین یەکێکی دیکە لە خاڵە ناکۆکەکانی نێوانیانە. کشانەوەی ئەمریکا لە رێککەوتنی ئەتۆمی و هەوڵدانی بۆ پێکهێنانی بەرە وهاوپەیمانی دژ بە ئێران، بە تایبەت کە ئەم دواییانە باس لە هاتنە کایەی ناتۆی عەرەبی دەکرێت بەشێک لە بەربەستەکانی بەردەوام بوونی گفتوگۆکانن.

بە گوتەی باڵیۆزی پێشووی ئێران لە کوبا، لێدوان و هەلوێستی توندڕەوانەی ئێرانیەکان گرفتێکی دیکەیە.ئەمەش تەنها بێ متمانەیی ئەمریکای بەدواوەیە. گفتوگۆ لە گەل ئەمریکا لای باڵەکانی ناو دەسەڵاتی ئێران تەنها کارتێکی سیاسی و مەترسیدارە. بابەتی گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا، بۆتە ئامرازی پاکانە حیسابی باڵەکان، ئەمە لە خۆیدا بەربەستە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ. ئێرانیەکان لەبری ئەوەی بیر لە ستراتیکی برانەوە - برانەوە بکەنەوە، بیر لە هەل ومەرجی بەرابەر دەکەنەوە، لە کاتێکدا دوو وڵات دوو پێگەی جیاوازیان لە پانتای سیاسەتی جیهانی و ناوچەیی هەیە.(١١)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org









کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەرچاوەکان:


١ http://www.bbc.com/persian/iran/2012/01/120131_l44_tudeh_party_left_iran

٢ http://irdiplomacy.ir/fa/news/112496

٣ http://www.bbc.com/persian/iran/2016/06/160602_u01_iran_shah_us

٤ http://fa.rfi.fr/%D8%AA%D8%A7%DA%A9%DB%8C%D8%AF-%D8%B3%D8%B9%DB%8C%D8%AF-%D8%AD%D8%AC%D8%A7%D8%B1%DB%8C%D8%A7%D9%86-%D8%A8%D8%B1-%D9%86%D9%82%D8%B4-%D8%A7%D9%85%D8%B1%DB%8C%DA%A9%D8%A7-%D8%AF%D8%B1-%D8%AA%D9%88%D9%84%D8%AF-%D8%A7%D9%86%D9%82%D9%84%D8%A7%D8%A8-%D8%A7%D8%B3%D9%84%D8%A7%D9%85%DB%8C-%D8%A7%DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86-20130312/%D8%A7%DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86

٥ http://www.bbc.com/persian/iran/2016/06/160605_kf_khomeini_pledges_us

٦ https://ir.voanews.com/a/mohammad-maleki-open-letter-ministry-intelligenec-persecution-hassan-rouhani-university-of-tehran/1853435.html

٧ http://www.bbc.com/persian/iran/2015/02/150208_u04_precht_khomeini

٨ http://asre-nou.net/php/view.php?objnr=43381

٩ http://www.bbc.com/persian/iran/2012/01/120131_l44_tudeh_party_left_iran

١٠ https://www.aa.com.tr/fa/%D8%A7%DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86/%D9%85%D8%B0%D8%A7%DA%A9%D8%B1%D8%A7%D8%AA-%D9%85%D8%AD%D8%B1%D9%85%D8%A7%D9%86%D9%87-%D8%A7%DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86-%D8%B7%DB%8C-40-%D8%B3%D8%A7%D9%84-%D8%A7%D8%AE%DB%8C%D8%B1/1233239

١١ http://www.trt.net.tr/persian/thlyl-w-gzrsh/2018/08/03/mwn-mt-dd-w-pychydh-br-sr-rh-mdhkhrt-yrn-amrykh-1025434


**سەرچاوە: ماڵپەڕی نوچە نێت - ڕێکەوتی: ٢٤ی جانیۆیری ٢٠١٩**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شۆڕشی ئێران؛ لەنێوان دوو قۆناغی جیاوازدا




ئاوا تۆدەی (ava today)

لە ١٦ کانوونی دووەمی ١٩٧٩، شاه محەمەد ڕەزا پەهلەوی لە گەشتێکی بێ گەڕانەوە ئێران جێ دەهێڵێت و، دواتر لە قاهیرە پایتەختی میسر جێگیر دەبێت، بەڵام دوای دوو حەفتە ڕوحەڵا خومەینی لە پاریسەوە دەگەڕێتەوە تاران، لە گەشتێکدا ڕەوشی وڵاتەکەی سەراوژێر دەکات و کاردانەوەکەشی بەرەو ناوچە هەرێمایەتی و جیهانییەکانی بڵاو دەبێتەوە.

ئەو کاردانەوانەش بە مردنی خومەینی لەساڵی ١٩٨٩ کۆتایی نایەت، بەڵکو دوای خۆیدا بەتایبەت لەجێگیربوونەوەی ئایەتوڵا عەلی خامنەیی ڕابەری ئێستای کۆماری ئیسلامی ئێران بەهێزتر دەبێت، کە خواست و داواکارییەکانی لە سنووری (وەسیەتەکەی خومەینی)، چڕ نابێتەوە، بەڵکو فراوانتر دەبێتەوە و دەبێتە وێنەیەکی تێڵکردنێکی گشتی لە دەوڵەمەندییە گەورەکەی شاه. بەجۆرێک ڕابەری ئێستا دەسەڵاتی بەسەر ئیمپراتۆرییەتێکی گەورەی ئابووری گرتووە و، لەپاڵ ئەوەش ئایدەلۆژیای ویلایەتی فەقێ و ئیمانداریێتی بە بیروکەی هەناردەکردنی شۆرش دا پۆشراوە.

سێ سەرەکەی ئێران (شاه ڕەزا پەهلەوی، خومەینی و خامنەیی) لە یەک بیروکەی هاوبەش یەک دەگرنەوە کە ئەویش "دووژمنداریێتی وڵاتانی ناوچەکەیە و کارکردن بۆ فراوانبوونی زیاترە، هەرچەندیش ڕێگاکانیش جیاواز بن".



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خومەینی لە ١ شوباتی ١٩٧٩ گەڕایەوە ئێران و، تاجی شای بە مێزەری ویلایەتی فەقێ گۆڕی، بەڵام ئەمڕۆی ئێران و دوای چوار دەیە، لە مێژوویەکی سەرلێشواو دەوەستێت، ڕەوشەکەی نەک باشتر نەبوون، بەڵکو بەرەو خراپتر هەنگاوی نا، سەرکووتکردن و هەژاری زیاتر پەرەی سەند.

ئەو وڵاتە کەپێشتر بە پۆلیسی ڕۆژاوا لەناوچەکەو منداڵە نزیکەکەی ئەمریکا هەژمار دەکرا، ئێستا بووەتە دەوڵەتێکی ملهۆڕ و لەهەموو لایەکەوە سزای بەسەردا سەپێنراوە، سەرکردەکانیشی شانازی بەهێزێکی هاوشێوەی کاغەز دەکەن، لەو نێوەندەش پاڵپشتی دارایی و چەک و جبخانەی میلیشیا دەرەکییەکان دەکەن، ئەمەش هاوکاتە لەوەی نیوەی دانیشتووانی ئێران بەهۆی هەژاری و بێکاری دەناڵێنێت، سەرکووتکردن و نەبوونی ئازادی ڕا دەربڕین و ژیانێکی ئاسوودەیی بخەنە سەری.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو ئێرانییەکان بەبێدەنگی ڕەخنەیان لەڕەوشەکە دەگرت، بەڵام لە کۆتاییەکانی ٢٠١٧ تورەبییان تەقی و، خۆپیشاندانێکی جەماوەری گشتگیرییان ئەنجام دا، بەبەراورد لەگەڵ خۆپێشاندان و ناڕەزاییەکانی پێشوو جیاوای هەبوو، تەنانەت لەگەڵ خۆپێشاندانەکانی ٢٠٠٩ ـ شدا جیاواز بوو.

***ئیحسان تەبریزی، توێژەری پسپۆر لە کاروباری ئێران دەڵێت "خۆپێشاندانەکەی ٢٠١٧ سەرکردەی نەبووە و، هیچ داوایەکی سیاسیشی نەبوون، بەڵام پەیامێکی سیاسی بەهێزی هەبوو، کەئەویش ڕەتکردنەوەی هەموو شێوازەکانی کۆماری ئیسلامی بووەو، چەندین دروشمی ڕادیکاڵیش وەک (مەرگ بۆ خامنەیی) بەبێ دوودڵی بەرز کرانەوە".***

خۆپێشاندەرانەکانی دوو ساڵی ڕابردوو زۆربەیان لەتوێژی گەنجان بوون، ڕقێکی گەورەیان لەدامەزراوەی پیاوانی ئایینی شیعەکان هەڵسابوو و، دروشمی "خەڵک هەژارە، بەڵام مەلاکان وەک خودا دەژێن"یان بەرز کردبوویەوە. تەنانەت قوتابخانە ئایینییەکانی حکومەت بێبەش نەبووە لە هێرشەکان و، نزیکەی ٦٠ نووسینگەی ئیمامەکانی هەینی لەئێراندا سووتێنران و تێکدران. ئەوەی جێی سەرەنجی دروشمەکان بوون داوای گەڕانەوەی (سەردەمی شاه) یان دەکرد، وەک ئومێدێک بۆ ئەو قۆناغەی ئێران تێدا دەژیا لەئازادی و کرانەوە، هەرچەندیش هەژاری بڵاو ببوونەوە لەو سەردەمە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام درووشمەکان وەک ڕق و تووڕەکردنی ڕژێمی ئێرانی دەسەڵاتدار بوون، کە وڵاتیان نقوومی گەندەڵی و هەژاری کردووەو، خۆشیان لە پشت دیوارەکان بەخۆشی و ئاسوودەیی دەژێن. گەورەترین دیاردەی تووڕەیی و دروشمەکانی خۆپیشاندەران لە هەردوو شاری مەشهد و قومی پیاوانی ئایینی بوون، بەجۆرێک لەشاری مەشهد "خەڵک هاواریان دەکرد بەوەی نەبوونی شاە واتا نەبوونی ڕژێمە"، ئەوانەی شاری قومیش داوای گەڕانەوەی شاە یان دەکردو، لەئەسفهانیش هەمان دروشم بەرز دەکرانەوە.

ئەوەی ببووە هۆی تەقینەوەی تووڕەیی خەڵکەکە سەرکووتکردنەکانی چل ساڵی ڕابردوو نەبوون، بەڵکو بەهۆی خەرجکردنی پارەی هاوڵاتیان بووە بۆ میلیشیاکانی عێراق، یەمەن، لوبنان و سووریا، ئەوەی زیاتر گەنجانی تووڕەتر کرد "ئازاد کردنی ئەو پارانەی تاران بوون لەدوای ڕێکەوتننامە ئەتۆمییەکەی ٢٠١٥ بوو، کەهیچ کەسێک لەناوخۆی کۆماری ئیسلامی سوودی لێوەرنەگرن، بەڵکو دووبارە ئاراستەی گیرفانی میلیشیانی گرتەوە".

ئەو پارانەش هەمووی لەژێر دەسەڵاتی سوپای پاسداران بووەو، پیاوانی ڕیزی یەکەمی دەسەڵاتی ڕژێمیش لەخۆشترین ژیان بەبەراورد لەگەڵ زۆرینەی هەژاری دەژێن، کەنەتوانراوە ڕێژەکەی کەمبکرێتەوە.

### هێوری پێش زریان:

خۆپیشاندانەکانی کۆتایی ٢٠١٧ دەستی پێ کرد تا سەرەتای ٢٠١٨ درێژەی کێشاو زۆربەی شارەکانی ئێرانی گرتەوە، بەڵام لەسەرەتای ساڵی ڕابردوو تاڕادەیەک کەم بوویەوە پسپۆڕان سوورن لەوەی "پاشەکشێ کردنی خۆپیشاندانەکان بەهۆی سەرکەوتنی ڕژێم لەسەرکووتکردنی دەرناکەوێت"، هیما بەوە دەکەن " شۆڕشەکەی دژی شاە لەساڵی ١٩٧٧ دەستی پێکردو لەساڵی ١٩٧٨ پەرەی سەندو ناکۆکیی و ناڕەزاییەکان لەنێوان ئاب بۆ کانوونی یەکەمی ١٩٧٨ درێژەی کێشا، بەڵام شاە لەرۆژی ١٦ کانوونی دووەمی ١٩٧٩ وڵاتی بەیەکجاری بە جێ هێشت و، خۆمەینی لە مانگی شوباتی هەمان ساڵ کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند".

بەڵام لەساڵی ڕابردوو ئێران بەرزترین ئەنجامدانی خۆپیشاندانی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش وایکرد پەرلەمانتارێکی ئەو وڵاتە هۆشداری لەسەر ڕەوشی وڵاتەکەی ڕابگەیەنێت بەوەی "ڕژێم ڕووبەڕووی هەمان ئیفلیج بوونی ڕووداوەکانی یەکێتی سۆڤییەت ببینێت".



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـیلان ئـی برمـان، پسـپۆڕ لەئەنجـومەنی ئەمریکـا بـۆ سیاسـەتی دەرەوە ئەوەی ڕاگەیانـدووە "خۆپێشـاندانە جەماوەرییەکانی ئێران، بەڵگەیەکە بۆ بەردەوامبوونێکی هێمنە دژی شۆڕشی ئیسلامی، کەتوانیویەتی داواکارییەکانی بۆ بزوتنەوەیەکی شەرعی دژی ڕژێمی ئایینی بگوازێتەوە".

هێماشی بەوە کردووە "سەرەڕای بایکۆتکردنی میدیاکان لەرووماڵکردنی ئەو جموجۆڵە جەماوەرییە، بەڵام شوێن پێی خۆیان بەهێزتر کردووە". داواکـاریی خۆپێشاندەرانیش سەدای زۆر بەهێزە، کەهەمووی لەچوارچێوەی "ئـاڵۆزبوونی ڕەوشی ئابووری وڵاتدا چڕ بوونەتەوە".

پێنوێنی هەڵاوسان بەردەوام لەروو لەبەرزبوونەوەیە، بەجۆرێک لەسەر ئاستی ساڵانە گەیشتۆتە سەدا ٤٠، لەلایەن خۆیشیەوە بانکی ناوەندی ئەو وڵاتە دانی بەوە ناوە قەبـارەی هەڵاوسان لەماوەی دوو سـاڵی ڕابـردوو بـۆ سەرووی سەدا ٥٠ بەرز بووەتەوە، بۆچوونەکەشی لەوە چڕ کردەوە "ڕەوشی نـاوخۆیی زۆر لەوە خراپتـرە دەسەڵاتداران دانی پێوە بنێن".

ئەو قەیرانەش باڵی بەسەر ئەجێنداکانی تاران لەناوچەکە کێشاوە، پسپۆڕان هیما بەوە دەکەن " بەبەراورد لەگەڵ ئەو گەشەسەندنەی لەسـاڵانی ڕابـردوو بەخـۆیەوە بینـی، بەتـایبەت لەدوای داگیـر کردنـی خـاکی عێـراق لەلایەن ئەمریکـاوە لە ٢٠٠٣ دەوەو، کاردانەوەکـانی بەسـەر وڵات و نـاوچەکە بەگشـتی، ئێسـتا ڕووبەرووی پاشەکشێ کـردن بووەتەوە".

جەخـت لەوەش دەکەن "دوای ڕووداوەکـانی بەغـداو سـەرهەڵدانی بەهـاری عەرەبـی، ئێـران ڕۆڵـی هەبـووە لەو بەرهەمانە بەتایبەت لە سووریاو یەمەن، جگە لەرۆڵە گرنگەکانی لەلوبنان و ناوچە جیاوازەکانی جیهان".

پێشبینی ئەوەش دەکرێت لە ناوەڕاستی ٢٠١٩ داهـاتە نەوتیەکـانی ئێـران بەئاسـتی نیـوە پاشەکشێ بکـات، ئەو پرسەش کـاریگەری لەسـەر ڕەوشی نـاوخۆیی دەبێتەوەو، وەستـانێکیش بەسیاسەتی دەرەکی ڕژێم دەدات، کەبەهۆی کشانەوەی ئەمریکا لەرێکەوتننامە ئەتۆمییەکەی تـاران و شەش هێزە جیهانیەکان، کە تەمموزی ٢٠١٥ واژۆ کرا.

ژان ـ فرانسوا سیزنک، مامۆستای یاریدەدەری کۆلێژی توێژینەوەی نێودەوڵەتی پێشکەوتوو لەزانکۆی جۆنز هۆبکینز



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەڵێت "خواستەکانی ئێران لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتیە لە پارەدار کردنی میلیشیاکانی عێراق، حزبوڵڵای لوبنان و، پاڵپشتی کردنی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد لەسووریاو، هاریکاری کردنی حوسییەکانی یەمەن، لەهەمان کاتیشدا تاران پشت بە پڕچەک کردنی لقە جیاوازە سەربازیی و ئەمنییەکانی خۆی دەکات".

هەموو ئەو هەوڵانەش دەیان ملیار تێچووی بۆ تاران دروستکردووە، بەڵام داهاتی ئەو وڵاتە کە پشتی تەواو بەداهاتەکانی نەوت و غاز دەبەستێت، بەردەوام ڕوو لەکەمبوونەوەیە، بەجۆرێک سزاکانی واشنتۆن قەبارەی هەناردەکردنی نەوتی ئەو وڵاتەی بۆ سنووری یەک ملیۆن بەرمیل لەرۆژێکدا کەمکردۆتەوە، ئەوەش دەردەکەوێت کە " کۆماری ئیسلامی بەلایەنی کەمەوە ٣٢ ملیار دۆلاری داهاتی لەدەستداوە".

سیزنک لەراپۆرتێکدا نووسیویەتی "تاران کە بەردەوام شانازی بەوە دەکات گەورەترین یەدەگی غازی سروشتی لەجیهاندا هەیە، دەستەمۆ لەدابینکردنی داواکارییەکانی بازاڕی ناوخۆیی وەستاوە". هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندۆتەوە کە ئەو وڵاتە" نەبوونی تەکنەلۆژیاو وەبەرهێنانی بیانی لە پەرەپێدانی ئەو کەرتە، جگە لەوانەش هەوڵە بەردەوامەکانی ئێران بۆ فراوانبوون لەناوچەکە کاریگەری لەسەر ئابوورییەکەی کردووە".

هاوشێوەی ئەو مامۆستای زانکۆی جۆنز هۆبکێنز، کەریم باکراڤان، مامۆستای هاوبەشی بەشی ئابووری زانکۆی دی پۆڵ، لەتوێژینەوەیەکی ناوەندی کارینگی بۆ توێژینەوە ئاماژە بەوە " ئاخۆ ئێران کەرستەی فراوانبوونی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەستە؟، ئەگەریش دابەزینێکی بەرچاویش لەقەبارەی داهاتە نەوتیەکانی بەدی بێت؟".

لەو بارەیەوەش دەڵێت "تاران کەرستەی ئابووری پێویستی لەبەردەست نەبووە، بۆ ئەوەی هاریکارییەکانی بۆ ڕژێمی ئەسەدو حزبولا پارەدار بکات، کەهەردووکیان سەرچاوەی سەرەکیی پاڵپشتییەکانی تارانە". لەسەرئاستی ناوخۆییش ئەو پاڵپشتیەی تاران پێشکەشی لایەنە دەرەکییەکان دەکات، لەناوخۆدا هیچ ڕەزامەندییەکی نیەو، بەجۆرێک ئەسەدو حزبولا دوو هۆکاری سەرەکیی ستراتیژییە هەرێمایەتیەکانی چەکی ڕژێمی ئێرانە، لەسەرووبەندی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەسووریا، ڕەنگە تاران لەچوارچێوەی فراوانبوونی پێگەی جوگرافی ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، بەڵام ئەو پرۆسەیە بەخۆڕایی نیە، بەڵکو تێچوویەکی بەرزتر لەخەزێنەی تاران دەردەهێنێت و بەشێوەیەکی قۆناغیش دەستکەوتەکانی کەمتر دەبێتەوەو، ئاڵۆزی زیاتر بۆ ئابووری ناوخۆیی دروست دەکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*دانیشتووانی کۆماری ئیسلامی ئێستا لەسنووری ٨٠ ملیۆن کەسە، بەردەوام ڕێژەی هەژاری بەشێوەیەکی مەترسیدار پەرە دەستێنێت، لەئاستی خاڵی تەقینەوە نزیکبووەتەوە، بەجۆرێک مەترسیی هەیە ئەو پرۆسەیە بگاتە ئاستی سەراوژێر کردنی ڕژێمەکە.*

## گۆڕانکاریی کۆمەڵگەیی

هەر وەک چۆن خۆپێشاندارە ئێرانییەکان بەربەستی ترسیان لەپۆلیسی شاە و هێزە ئەمنییەکان شکا، ئێستاش هەمان قۆناغ و بازنەی مێژوویی لەسەردەمی کۆماری ئیسلامی دووبارە دەبێتەوە، بەتایبەت ئەو گەنجانەی لەژێر سێبەری ڕژێمی ئیسلامی لەدایک بوونە، دەستیان بەشکاندنی ترس لەهێزەکانی بەسیج و سوپای پاسداران و سەرجەم هێزە ئەمنییە سەرکووتکاران کردووە.

لەپاڵ ئەو خۆپێشاندانەش دەکرێت " تێبینی تێروانینێکی یاخی بوونێکی کۆمەڵایەتی ڕوون بکرێت"، بەجۆرێک بەشێک لەکچەکانی ئێران لەچەکانیان بەشێوەیەکی نیمچە کراوە لەسەر دەکەن، کەقژەکانیان لەزۆر لاوە دەردەکەوێت، هەندێکیان بەئەنقەست کاریان لەسەر ئەوە کردووە " لەچەکەکانیان لەکاتی هاتوچۆکردنیان بکەوێتە سەرشانیان بەبێ چاککردنەوە". هەموو جیهانیش وێنەی ئەو کچەی لەبەرچاوە کە لەچەکەکەی کردبووە ئاڵاو بەرزکردبوویەوەو، قژی دەردەکەوێت، کە لەسەرووبەندی خۆپێشاندانەکانی کۆتاییەکەی ٢٠١٧ ئەنجام دران.

لەو نێوەندەش فائیزە هاشمی ڕەفسەنجانی لەلێدوانە ڕۆژنامەوانییەکدا گووتی "ڕەوشەکە گۆڕاوە، خەڵک گەیشتۆتە خاڵێک هیچیان نیە بیدۆڕێنن، سەرەتا هەموو کەسێک لەشتێک دەترسێت، بەڵام دووبارە بوونەوەی ئەو ڕووداوانە ئیتر کەس هەست بەترس ناکات و، بەردەوام بەهێزتر دەبنەوەو، داوای ئازادی گەورەترو زیاتر دەکات". تەنانەت لەچەند مانگی ڕابردوو کۆمەڵێک کورو نەوەی دامەزرێنەرانی شۆڕشی ئیسلامی بەشێوەیەکی زیاترو بەرچاو ڕەخنەیان لەڕەوشی وڵاتەکەیان گرتووەو، داوای گۆڕانکاری ڕیشەییان لەدەسەڵاتدارانی تاران کردووە.

بەشێک لەو بنەماڵانە ڕەخنەی ڕاستەوخۆیان لەڕێبەری باڵای وڵاتەکەیان گرتووەو، بەتومەتباری سەرەکیی ئاڵۆزبوونی ڕەوشەکە دەبینی.

ئەو گۆڕانکارییەش لەهەڵوێستی ئەو کەسایەتیانە بەهۆی بێ ئومێد بوونی کۆمەڵگەی ئێرانە لەتێپەراندنی ڕەوشە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئالۆزەکەیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوا تۆدەی(ava today) - ڕێکەوتی: ٢ی فێبریوێری ٢٠١٩

## چارەنوسی کەسایەتییە نزیکەکانی خومەینی دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران




(درەو میدیا):

کاتێک دەڕوانیتە وێنەی روحوڵا خومەینی رابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ ئێران دوای بەسەربردنی ١٥ ساڵ لە تاراوگە، دەبینیت بە ژمارەیەک لە نزیکترین هاوپەیمان و دۆستەکانی دەورەدراوە، ئێستا ئەو کەسانە لە کوێن و چیان بەسەرهاتووە؟

کاتێک دەگەڕێیت بە دوای چارەنوسی ئەو کەسانەدا, دەردەکەوێت کە زۆرینەیان ساڵانی دوای گەڕانەوەیان مردون، یان کوژراون.

ئەو کەسانە لە ساتی شۆڕشی ئیسلامیی ئێراندا ساڵی ١٩٧٩ لە سەرکەوتووەکان بوون، بەڵام وەک دەوترێت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەمیشە شۆڕشەکان سەری رۆڵەکانیان دەخۆن، ژمارەیەکی زۆر لەوانە بە ماوەیەکی کورت دوای گۆڕانکارییەکانی شۆڕشەکە لە شانۆی سیاسی دوورکەوتنەوە و دیارنەمان و تەنها یەکێکیان مایەوە.

لەم راپۆرتەدا هەوڵدەدەین چارەنوسی ئەو کەسانە بخەینەڕوو کە ٤٠ ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ خومەینیدا گەڕانەوە بۆ ئێران.

### ١- مورتەزا موتتەهری:

موتتەهری کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئایدیۆلۆژی کۆماری ئیسلامی هەبوو، یەکێک بوو لە تیۆرسێنەکانی شۆڕشەکە و یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی ئەنجومەنی شورای شۆڕشی ئیسلامی پێش روخانی رژێمی شا، بەڵام یەکی ئایاری ١٩٧٩ لە تاران تیرۆر کرا، و گروپێکی ئیسلامیی بەناوی "فرقان" بەرپرسیارێتی خۆیان لە تیرۆرکردنی راگەیاند، ئەم گروپە دژی گروپی کۆماری ئیسلامیی بوون و لێکدانەوەیەکی تریان بۆ ئیسلام هەبوو، کە هەندێک بە زۆر توندڕەو وەسفیدەکەن.

### ٢- حەسەن لاهوتی ئەشکوری:

ئەشکوری هاوپەیمانێکی نزیکی ئایەتوڵا خومەینی بوو، بەڵام دوای شۆڕش راستەوخۆ نزیک بووەوە لە ئەبولحەسەن بەنی سەدر سەرۆک کۆماری ئێران، ناکۆکی لەگەڵ خومەینیدا هەبوو کە ببوە فەرماندەی باڵای کۆماری ئیسلامیی، دوو ساڵ دواتر ئەشکوری رەوانەی کونجی زیندان کراو دوای چەند رۆژێک تێیدا گیانی لەدەستدا و خێزانەکەی دەڵێن کە ژەهرخوارد کراوە.

### ٣- ئەحمەد خومەینی:

کوڕی ئایەتوڵا خومەینی بوو، بە دەستەڕاستی دادەنرا، ئازاری ١٩٩٥ بەهۆی نەخۆشی دڵەوە کۆچی دواییکرد، باوەڕوایە کە خێزانەکەی خومەینی لە رووی سیاسییەوە لە باڵی ریفۆرمخوازەکانەوە نزیکن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




**٤- سادق قوتبزادە:**

وەزیری دەرەوەی ئێران بوو دوای شۆڕش هەتا ئابی ١٩٨٠، دوای تۆمەتبارکردنی بە پیلانگێڕی بۆ تیرۆرکردنی ئایەتوڵا خومەینی و نەهێشتنی کۆماری ئیسلامی ئەیلولی ١٩٨٢ لەسێدارەدرا.

**٥- ئەبولحەسەن بەنی سەدر:**

یەکەم سەرۆک کۆمار دوای شۆڕشی ئیسلامی، لە ئێران هەڵات و ئێستا لە تاراوگە لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا دەژی، پەرلەمانی ئێران رۆژی ٢١ی حوەزیرانی ١٩٨١ بەبێ ئامادەبوونی خۆی متمانەی لە بەنی سەدر سەندەوە و لە پۆستەکەی دووریخستەوە، بە تۆمەتی نزیکبوونەوە لە گروپێکی ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی.

**٦- سادق تەباتەبائی:**

زاوای ئەحمەد خومەینی بوو, دوای شۆڕشی ئیسلامیی چەند پۆستێکی حکومی گرتەدەست, لەوانە جێگری سەرۆک وەزیران لە حکومەتەکەی مەهدی بازرگان، بەڵام دواتر خۆی لە سیاسەت بەدوورگرت و شوباتی ٢٠١٥ بە شێرپەنجەی سییەکان لە ئەڵمانیا کۆچی دواییکرد کە لە ساڵانی دوایی تەمەنیدا نیشتەجێی ببوو.

**٧- داریوش فروهەر:**

دەوترێت ئەویش لە وێنەکەدایەو ئەو کەسەی کە لە دواوە بەشێکی سەری دەرکەوتووە، فروهەرە، دژی پێکهێنانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حکومەت بوو لە پیاوانی ئاینی و ساڵی ١٩٩٨ خۆی و هاوسەرەکەی لەلایەن چەند کەسێکەوە تیرۆرکران کە وەزارەتی ئیتیلاعاتی ئێران بە " کەسانی هەڵگەڕاوە" وەسفکران.




زۆرینەی ئەوانەی لەسەرەوە باسمانکردن, نزیک و هاوڕێی خومەینی بوون و لەو فڕۆکەیەدا بوون کە یەکی شوباتی ١٩٧٩ خومەینی لە پاریسەوە گەیاندەوە تارانی پایتەختی ئێران, ئەو کەسانە بوونە قوربانی پێشهاتە سیاسییەکانی دواتر، دوانیان تیرۆرکران و یەکێکیان لە سێدارەدرا و یەکێکی تریان لە بارودۆخێکی تەمومژاویدا کوژرا و یەکێکیشیان ئێستا لە تاراوگە دەژی.

ئەوەی مایەی سەرنجە زۆرینەی ئەوانە لە نێویشیاندا خانەوادەکەی خومەینی دواتر خۆیان لەدەستەبژێری فەرمانڕەوای ئێران بەدوورگرت و ئێستا ئێران لەلایەن گروپێکی جیاوازەوە بەڕێوەدەبرێت کە هیچ کامیان نزیک نین لە ئایەتوڵا عەلی خامنەیی رابەری ئێستای ئێران کە ئەویش لە وێنەکەدایە لەگەڵ خومەینی.

سەرچاوە: بی بی سی

سەرچاوە: ماڵپەڕی درەو میدیا - ڕێکەوتی: ١ی فیبریوێری ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ژنانی ئێران لە پێش و لە پاش شۆڕش



شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا گۆڕیکاری گەورەی هێنا بەسەر ئێراندا، لەوانە ڕەوشی ژن. یەکێک لەو مەسەلانەی زۆر خراوەتە بەر ڕۆشنایی پۆشاک و لەچکی ژنانە لە وڵاتەکەدا- شای دێرینی ئێران لە ساڵانی ١٩٣٠کاندا سەرپۆشی قەدەغەکرد و فەرمانی بە پۆلیس کرد کە بەزۆر سەرپۆشی ژنان لاببەن. بەڵام لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠کاندا، دەسەڵاتی نوێی ئیسلامی بڕیاری پۆشینی سەرپۆشی بۆ هەمووان دەرکرد.

ئەمانەی خوارەوە ژمارەیەک وێنەی ژیانی ژنانن پێش و پاش گۆڕینی ڕژێمی ئێران بۆ فەرمانڕەواییەکی ئاینی و هەروەها چۆن لەو کاتەشەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

### پێش شۆڕش

**خوێندن لە زانکۆی تەهران لە ١٩٧٧دا:**



خوێندن لە زانکۆی تەهران لە ١٩٧٧دا: هەرچەندە لە کاتی شۆڕشەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە ژن لە خوێندنی باڵادابوون، دوای شۆڕش ژمارەی قوتابیانی زانکۆ زیادی کرد. بەشێکی ئەمە پەیوەست بوو بەوەی دەسەڵاتداران سەرکەوتووبوون لە رازیکردنی خێزانە تەقلیدیەکاندا کە کچەکانی خۆیان بنێرنە دەرەوەی شارەکانی خۆیان بۆ خوێندن.

"هەندێک لە خوێندەوارەکان وڵاتیان جێهێشت، و دەسەڵاتدارانیش بۆیاندەرکەوت بۆ ئەوەی وڵاتەکە بەڕێوەببەن پێویستیان بە هەردوو ژن و پیاو هەیە بخوێنن." هالێ ئەفشەر، مامۆستای بەشی خوێندنی ژنان لە زانکۆی یۆرک لە بەریتانیا کە خۆی لە ساڵانی شەستەکاندا لە ئێران گەورەبووە.

**بازاڕکردنی پەنجەرە لە تاران لە ١٩٧٦دا:**




بازاڕکردنی پەنجەرە لە تاران لە ١٩٧٦دا: پێش شۆڕشەکە زۆر لە ژنان پۆشاکی ستایڵی خۆرئاوایان لەبەردەکرد، لەوانە پانتۆڵی کاوبۆی تەسک، تەنورەی کورت و بلوزی قۆڵ کورت.

"پێڵاوەکان هێشتا وەک خۆیان ماون، خولیای پێڵاو لەناو هەمووماندا هەیە! ژنانی ئێران هیچ جیاوازیان لەگەڵ ژنانی دیکەی جیهاندا نیە، چوونە بازاڕیش تەنها مانای هەڵهاتنە لە فشاری دەرونی."




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**سەیرانی رۆژی هەینی لە تاران لە ١٩٧٦دا:**



سەیرانی رۆژی هەینی لە تاران لە ١٩٧٦دا: هاورێ و خزموکەس رۆژانی هەینی پێکەوە کۆدەبنەوە. "سەیران بەشێکی گرنگی کەلتوری ئێرانە و لەناو چینی ناوەڕاستدا زۆر بەربڵاوە. ئەمە گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە لە دوای شۆڕشەوە. تەنها جیاوازی ئەوەیە، ئەمڕۆ، ئەو ژن و پیاوانەی پێکەوە دادەنیشن زیاتر ئاگاداری هەڵسوکەوتی خۆیان دەبن و زیاتر خۆیان دەپارێزن لە کاتی مامەلەکردن لەگەڵ یەکتردا."

**ئارایشتگای پرچ لە تاران لە ١٩٧٧:**



ئارایشتگای پرچ لە تاران لە ١٩٧٧: "ئەمە ئەو دیمەنەیە کە پێشبینی ئەوە دەکرێت چیتر لە ئێراندا نەبیندرێت، بەڵام تەنانەت دوای شۆڕشی ئیسلامیش، ئارایشتگاکان ماونەتەوە. ئەمڕۆ، پیاو نابینی لەناو ئارایشتگاکاندا و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژنانیش دەزانن دەبێت قژیان داپۆشن هەر دوای ئەوەی هەنگاویان نایە دەرەوەی ئارایشتگاکە. هەندێک خەڵک لەوانەیە خاوەنی ئارایشتگای نهێنی بن لە ماڵەکانی خۆیاندا کە تیایاندا ژن و پیاو دەتوانن تێکەڵ بن."

**پاسەوانەکان لە چواردەوری شادا لە ١٩٧١دا:**



پاسەوانەکان لە چواردەوری شادا لە ١٩٧١دا: ژنێک لە شا محەمەد رەزا پەهلەوی نزیک دەکەوێتەوە لە ئاهەنگێکی گەورەدا بەبۆنەی ساڵیادی ٢،٥٠٠ ساڵەی شانشینی فارسی- شۆخ و شەنگ و زیادەڕۆیی بۆنەکە بووە جێگەی رەخنەی چەپەکان و پیاوانی ئاینی دژ لە کاتەدا. "ئەو کاتە شا ببوە کەسێکی ناخۆشەویست و هەندێک پێیانوایە ئەو وێنەی زیادەڕۆیی و زۆر سەرفکردنە بەشداربووە لە وروژاندنی ئەو رووداوانەی بوونەهۆی شۆڕشە هەشت ساڵ دواتر."

**پیاسەکردن بە شەقامێکی بەفراویدا لە تاران لە ١٩٧٦دا:**





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیاسەکردن بە شەقامێکی بەفراویدا لە تاران لە ١٩٧٦دا: "ناتوانێت ڕێگە لە خەڵک بگریت پیاسە بە شەقامەکاندا بکەن بەڵام ئەمڕۆ ئەمە نابینیت - کەسێک گوارە و میکیاجەکەی هێندە بەرچاو بێت."

## دوای شۆڕش

### ژنان دژی سەرپۆش نارەزایەتی دەردەبڕن لە ١٩٧٩دا:



ژنان دژی سەرپۆش نارەزایەتی دەردەبڕن لە ١٩٧٩دا: هەر زوو دوای گرتنەدەستی دەسەڵات، مەرجەعی باڵای نوێی ئێران ئیەتوڵا روحەڵا خومەینی فەرمانی دەکرد کە هەموو ژنێک دەبێت سەرپۆش بپۆشێت- بەبێ گوێدانە ئاین یان نەتەوە. رۆژی ٨ی ئازار، هەزاران ژن لە چین و توێژی جیاجیاوە رژانە سەر شەقامەکان بۆ دەربڕینی نارەزایەتی دژی یاساکە.

**خۆپیشاندان لە دەرەوەی باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە تاران لە ١٩٧٩دا:**





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆپیشـاندان لـە دەرەوەی باڵیۆزخانـەی ویلایەتـە یـەکگرتووەکان لـە تـاران لـە ١٩٧٩دا: خوێنـدکارانی شۆڕشگێڕ ژمارەیەک لە کارمەندی باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە بارمتە دەگرن و هەزارانیش لە دژی ئەمەریکا لە دەرەوەی باڵیۆزخانەکەیان خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن.

خێزانێک دەچێت بەرەو نوێژی هەینی لە ١٩٨٠دا:

"ئـەو کاتـە ئاسایی بـوو خـەڵکی بیروبـاوەڕ جیـاواز یـەک بـاوەڕ بـن لـە رقـی رەهایانـدا لـە ئەمەریکا لـە ئێران. ئەمـەریکی و بەریتانیـەکان مێژوویـەکی درێـژی هەوڵـدانیان هەیـە بۆکاریگـەری دانـان و کـۆنترۆڵکردنی نـەوت لـە ئێراندا، بۆیە ئەم بێمتمانەییە قوڵە رەگوریشەیەکی درێژی هەیە."



Friday prayers are a time for people who are believers " :Family heads to Friday prayers in 1980 or supporters of the Islamic authorities who don't want to be labelled as dissidents to go out and get together - it's a moment of solidarity," says Prof Afshar. "But they are still very much within the male domain. The woman would not be allowed into the same room as the men - ".they would sit in a separate area for prayer, away from the men

خێزانێـک دەچێت بـەرەو نـوێژی هـەینی لـە ١٩٨٠دا: "نـوێژی هـەینی کاتێکـە بـۆ بـاوەڕدار و ئـەو پشـتگیرکەرانەی دەسەلاتدارانی ئیسلامی کە نایانەوێت وەک دژ تەماشابکرێن بـۆ چوونـەدەرەوە و پێکـەوە کۆبوونـەوە- چرکەسـاتێکی پشتگرتنی یەکترە."



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بازاڕی جلی بوکێنی لە تاران لە ١٩٨٦دا:**



بازاڕی جلی بوکێنی لە تاران لە ١٩٨٦دا: "سەرجەم ئەو جلە بوکێنیانەی پیشاندراون خۆرئاواییین- ژنی ئێرانی لە بنەمادا دەتوانن هەر شتێکیان بوێ بیپۆشن تائەو کاتەی لە پشت دەرگای داخراوی ماڵەکانیانەوە بن. ئاهەنگی هاوسەرگیری دەبێت بەجیابێت بۆ ژن و پیاو، بۆیە گرنگ نیە ژنەکان چی دەپۆشن لەبەرئەوەی سەرجەم میوانەکان ژنن. بەڵام تاوەکو ئەمڕۆش ئاهەنگی تێکەڵ ئەنجام دەدرێت- هەندێک خەڵک پاسەوان دەهێنن بۆ ئەوەی ئگایان لە دەرگاکە بێت و هەندێکی دیکەش پارە دەدەن بە پۆلیسی ناوخۆیی بۆ ئەوەی چاوپۆشی لە بۆنەکە بکەن."

**پیاسەکردن لە تاران لە ٢٠٠٥دا:**



پیاسەکردن لە تاران لە ٢٠٠٥دا: هەموو ژنێک لە ئێران عەبا ناپۆشێت. هەندێک سەرپۆش و چاکەتی زۆر شل



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەپۆشن. "پرسیارە راستەقینەکە ئەوەیە تاچەند دەتوانیت پاڵ بە سەرپۆشەکەتەوە بنێیت بۆ دواوە؟ ژنان کاری بچوکی بەرگری خۆیان هەیە و زۆرجار هەوڵ دەدەن تا دەتوانن پاڵ بە سەرپۆشەکانیانەوە بنێن بۆ دواوە."

**قەراغ دەریای قەزوین لە ٢٠٠٥دا:**



قەراغ دەریای قەزوین لە ٢٠٠٥دا: ژنی ئێرانی بۆی نیە بە پۆشاکی مەلەوە لە شوێنی گشتیدا دەربکەوێت. "ژن و پیاو نابێت پێکەوە مەلە بکەن، بەڵام رێگەی جیاجیا دەدۆزنەوە بۆ خۆلادان لەو یاسایە وەک بەکرێگرتنی بەلەم و دوورکەوتنەوە لەناو دەریادا بۆ شوێنێک کە دەتوانن پێکەوە مەلە بکەن."

**رێپێوانی پشتگیریکردن لە سەرپۆش لە ٢٠٠٦دا:**





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێپێوانی پشتگیریکردن لە سەرپۆش لە ۲۰۰٦دا: ۲٥ ساڵ دوای شۆڕش، ژنانی پشتگیریکەری توندەکان لەناو دامەزراوەی دەسەڵاتدا ڕێپێوانێکیان سازکرد وەک نارەزایەتی دژی شکستی دەسەلاتداران لە چەسپاندنی یاسای بەزۆر سەرپۆشکردن.

**تەماشاکردنی یاری دووگۆڵی لە ناوەندی بازاڕی تاران لە ۲۰۰۸دا:**



تەماشاکردنی یاری دووگۆڵی لە ناوەندی بازاڕی تاران لە ۲۰۰۸دا: هەرچەندە هەرگیز بە فەرمی ژنان تەماشاکردنی یاری دوو گۆڵی پیاویان لێ قەدەغە نەکرابوو، زۆرجار ڕێگەیان پێ نەدەدرا بچنە یاریگاکانەوە و ئەوانەشی کە هەوڵی چوونە یاریگاکانیاندابوو دەستگیرکرابوون.

سەرچاوە: بی بی سی

وێنەکان؛ ماگنەم فۆتۆز، گێتی ئیمەجز

سەچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی - ڕێکەوتی: ۸ی فێبریوێری ۲۰۱۹



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گوزەرێک بەنێو سەرەتاکانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران دا

## چیرۆکی گرتنی سەفیرو دیپلۆماتکارە ئەمەریکییەکان لەسەرەتای شۆڕشی ئیسلامی ئێران دا



**ئەرسەلان تۆفیق**




**ڕۆژی یەکەمی ڕوداوەکە:**

سێیەم ڕۆژی دانپێدانانی ئەمەریکا بە حکومەتی تازەی ئێران کە لەلایەن شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ بە سەرۆکایەتی (خومەینی) پێکهاتبوو، ڕوداوێکی ئێجگار گرنگو پڕ لە تەمتومان هاتە کایەوە، کاتێک کۆمەڵێک گەنجی سەربە (سازمان چریکهای خلق ایران) خۆپیشاندانیان ئەنجام دەدا، لە شەقامی (تەخت جەمشید)ی تاران چوونە سەر سەفارەتی ئەمەریکاو دوای ئەوەی لە هەموو لایەکەوە پەلاماری سەفارەتیان دا، سەفیری ئەوکاتی ئەمەریکا (ویلیام سالیوان) فەرمانی بە پارێزەرانی ئەمەریکایی سەفارەت دا کە بەمەبەستی پارێزگاری لە خۆیان و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەفارەتەکەیان بەئەندازەی پێویست تەقەبکەن و خۆپیشاندەران دووربخەنەوە.

بەڵام پەلاماری چەکدارەکان ئەوەندە کەم و بێ بەرنامە نەبوو کە بە ئاسانی کۆڵ بدەن و بکشێنە دواوە، پاسەوانەکان جگە لەتەقەکردن سوودیان لە گازی فرمێسک ڕێژیش وەرگرت و هیچ ئەنجامێکی نەبوو، ئەوەندەی نەبرد سەرجەم کارمەندە ئەمەریکیەکانی نێو سەفارەت چوونە نێو ژورێکی کەپس و قایم و دەستیان کرد بە پەیوەندی گرتن لەگەڵ جیهانی دەرەوە، پێش ئەوەی خۆپیشاندەران بگەنە نێو ژوورەکانی سەفارەت دووکەڵ لەنێو هەندێک لە ژوورەکان بەرز دەبوویەوە، دواجار دەرکەوت بە فەرمانی سالیۆن ویستویانە سەرجەم بەڵگەنامەکان بسوتێنن.

چەکدارەکان چوونە نێو ژووەرەکانی سەفارەت و دەستیان گرت بەسەریدا، خۆپیشاندەران هەڕەشەی ئاگر تێبەردانی ژوورەکەیان کردو لەژێر فشارو وەعدو پەیمانی نەکوشتنیاندا بەفەرمانی سالیۆنی سەفیر خۆیان بەدەستەوەدا.

،،

***کاتژمێر ١٢ نیوەڕۆ سەفارەتی ئەمەریکا بەتەواوی کەوتە دەستی هێزە چەکدارەکان، هەر ئەو ڕۆژە ڕۆژنامەی (ئیتیلاعات) بە مانشێتی گەورە نوسی بوو (سەفارەتی ئەمەریکا کەوت)***

دوای دوو کاتژمێر لە ڕوداوەکە (ئیبراهیمی یەزدی) کە ئەوکات وەزیری دەرەوەی ئێران بوو بە فەرمانی خودی ئیمام خومەینی رابەری شۆڕش، بووە نوێنەر بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە، هێزە چەکدارەکانی شۆڕشی ئیسلامی هاوڕێ لەگەڵ یەزدی چوونە نێو بینای سەفارەت، بەم شێوەیە کاتژمێر ١٢ نیوەڕۆ سەفارەتی ئەمەریکا بەتەواوی کەوتە دەستی هێزە چەکدارەکان، هەر ئەو ڕۆژە ڕۆژنامەی (ئیتیلاعات) بە مانشێتی گەورە نوسی بوو (سەفارەتی ئەمەریکا کەوت) لەدرێژەدا نوسیبووی (لەکۆتاییدا سەفارەتی ئەمەریکا کەوتە دەستی ئەرتەش و هێزە میللیەکان، چەکدارانی هێزە دەریاییەکانی ئەمەریکا کە پارێزگارییان لە بینای سەفارەت دەکرد، خۆیان رادەستی هێزەکان کردو چەندین چەکدار ڕژاونەتە نێو بینای سەفارەت)... دوای ئەوەی یەزدی سالێۆنی بینی داوای لێبوردنی لێکردو گوتی ئەمە کارێکی بەرنامە بۆدارێژراوی شۆڕش نیەو دڵنیایی پێدا کەئەوان پارێزراودەبن ..)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



**بارودۆخی ناوخۆیی شۆڕش لەو کاتەدا:**

ئێران دەوڵەتێکی ئێجگار فراوان، پڕ لە بۆچوون و بیروباوەڕی جیاواز، نەتەوەو ئاینی جۆراوجۆر، ئاراستەی بیرکردنەوەی تەواو جیاواز، کاتێک شۆڕشی ئیسلامی هاتبووە سەرکار، هێشتا لەسەرەتای دامەزراندنی دابوو، هەربۆیە ناکۆکی و ململانێکان زۆر توندتر بەدەر دەکەوتن، دەوڵەتی یەکەمی شۆڕش کە بەشێوەیەکی کاتی دامەزرابوو بە سەرۆکایەتی(مەهدی بازرگان)و خودی ئیمام خومەینی پشتیوانی لێدەرکرد، کارمەندان و بەرپرسەکانی هێشتا ئەزموونی دەوڵەتدارییان نەبوو، ئەوان لەسەر بنەمای دڵسۆزی و نزیکییان لە شۆڕشەوە دەستنیشان کرابوون نەک هیچیتر، هەربۆیە بواری دەستێوەردان و قسەکردن لە لایەن (مەلا) و(لایەنگرانی شۆڕش) لەسەر ڕێڕەوی کارەکان دیاردەیەکی ئاسایی بوو.

دەوڵەتی سەرەتای مەهدی بازرگان تێکەڵەیەک بوو (مەزهەبی و سیکۆلار)ەکان، گەرچی ئەم پێکهاتەیە سەرەتایەکی خراپ نەبوو، بەڵام نەیتوانی لەبەردەم فشارو تواناکانی بەرەو دەسەڵاتی (مەزهەبگەرایی) شێعەکان و دەسەڵاتی مەلاکان دا خۆی بگرێت و زەمینەی گونجاو بۆ (ناسیۆنالیزمی ئێرانی) فەراهەم بهێنێت، شۆڕشگێڕی و ئینقیلابی بوون لەنێو کایەی کۆمەڵایەتی ئەوکاتەی ئێراندا پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی هەبوو، خودی خومەینیش کەسایەتیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی و ئاینی بوو، هەربۆیە توانی بوولەنێو ڕۆحانی و مەلاکاندا پێگەی هەرەگەورە داگیربکات و یەکلایی کردنەوەی هەموو کارەکانی دەوڵەت بگەڕێتەوە بۆ خۆی، ئەمەش ناونرابوو (دەوڵەت لەنێو دەوڵەت).

،،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

***هێشتا دەوڵەت بەتەواوەتی نەکەوتبووە سەرکارەکانی خۆی (ئەنجومەنی خوبرەگان- شارەزایان) کە هەموویان لە لایەنگرانی خودی خومەینی بوون، کەوتنە دانانی (قانون ئەساسی – دەستوور)و لەنێو ئەو دەستورەشدا دەسەڵاتێکی ئێجگار زۆر درابوو بە خومەینی***

هێشتا دەوڵەت بەتەواوەتی نەکەوتبووە سەرکارەکانی خۆی (ئەنجومەنی خوبرەگان - شارەزایان) کە هەموویان لە لایەنگرانی خودی خومەینی بوون، کەوتنە دانانی (قانون ئەساسی - دەستوور)و لەنێو ئەو دەستورەشدا دەسەڵاتێکی ئێجگار زۆر درابوو بە خومەینی لەوانەش (سەرۆکی هێزە چەکدارەکان، دانانی نیوەی زیاتری ئەندمانی ئەنجومەنی چاودێری –شورای نیگەهبان) چین و توێژەکانی قەومیەکان و چەپ و موجاهیدینی خەلق و چەندین گروپیتر، نارەزاییان ئەنجام دا، بەڵام لەبەر ئەوەی یەکگرتوو نەبوون نەیانتوانی لەبەرامبەر ئەم تەوژمەدا خۆیان بگرن و قانوون ئەساسی جێگەی خۆی گرت.

لەو کات و ساتانەدا کە قەومی و سیکۆلارەکان خەریکی گفت و گۆکردنبوون لەسەر پرۆژەی دەستوور کێشەی (بارمتە ئەمریکیەکان رویدا).. ئەمەش ئەو راستیەمان بۆ دەردەخات کە پلان و توانای ئینقیلاب زۆر لەتوانای ئەوانی تر بەهێزترو چالاکانە تر بووە. روداوەکە ئەوەندە گرنگ و چاوەڕوان نەکراو بوو کە هەرچی گفت و گۆو ململانێکانی گۆڕەپانەکە بوو لوول بدات و بەیەکجاری بیانپێچێتەوە، هەربۆیە تەنها رێگەیەک کە لەبەردەم نەتەوەیی و سیکۆلار و مارکسیەکاندا مایەوە نیگەرانی و بەرهەڵستکاری بوو لە ئاستێکی لاواز دا.


موج گسترده تظاهرات ضدامپریالیستی در برابر سفارت امریکا

خیابان آیت‌الله طالقانی (تخت‌جمشید سابق) که‌سفارت امریکا در آن قرار دارد این روزها شاهد تظاهرات ملی وضد امپریالیستی گروههای مختلف مردم تهران است. در این‌عکس گروهی از خانم‌های تهرانی، با شعار های کوبنده روش‌مداخله‌گرانه و استعماری آمریکا را محکوم میکنند. اخبار مربوطه وضع سفارت آمریکارا در صفحه۲بخوانید



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

### هۆکارەکانی رووداوەکە:

مەهدی بازرگان لەسەردەمی دەوڵەتداری خۆیدا زۆر کاری لەسەر ئەوە دەکرد کە پەیوەندیەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا پتەو بکاتو بۆ ئەو مەبەستەش ئیبراهیم یەزدی وەزیری دەرەوەش پشتویانی لێدەکرد، ئەوان کاریان لەسەر ئەوە دەکرد کە دیدارێک بۆ نوێنەرێکی ئەمەریکاو ئیمام خومەینی رێک بخەن تا لە تاران یەکتری ببینن‌و کۆتایی بە کێشەکە بهێنن، بەڵام پرۆژەی دوو سیناتۆری ئەمەریکی سەبارەت بە مەحکومکردنی لەسێدارەدانی بەرپرسەکانی رژێمی شاهەنشایی لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە ئێران پێیانوابێت ئەمەریکا دەست لەکاروباری ناوخۆیی وڵاتەکەیان وەردەدات و ئەمەش نیگەرانی زۆری دروست کرد بۆیان.

لەلایەکی ترەوە پێشوازی کردنی ئەمەریکا لە پادشای هەڵهاتوو، کەبەمەبەستی چارەسەری پزیشکی رووی لەو وڵاتەکردبوو، ئێرانیەکان پێیان وابوو ئەمەریکا بەم هەنگاوەی پشتیوانی تەواوی لێدەکات. هەر بۆیە ئێرانیەکان داوایان لە ئەمەریکا کرد بە هیچ پاساوێک پێشوازی لە (شا) نەکات، بەڵام ئەمەریکا گوێی لە نارەزاییەکان نەگرت و لەژێر ناوی (مافی مرۆڤ)دا پێشوازییان لە (شا)کرد. هەر بۆیە ئەم بابەتە بوو بەهۆی گۆڕانکاری گەورە، لەلایەک گرژی و ئاڵۆزی گەورە بکەوێتە نێو پەیوەندیەکانی نێوان ئەمەریکاو ئێران‌و لە ئاستی ناوخۆیش ببێتە هۆی کۆتایی هێنان بە دەوڵەتەکەی مەهدی بازرگان..

،،

***دوای ئەوەی ساڵی ١٩٧٩ شۆڕشی گەلانی ئێران بەناوی شۆڕشی ئیسلامی ئێران هەنگای یەکەمی هاویشت و کۆتایی بەرژێمی پادشایی ئەو وڵاتە هێنا کە هەزاران ساڵ بوو ریشەی داکوتابوو، شۆڕشی گەلانی ئێران بەرەو رێگەیەکی تر هەنگاوی دەنا، بەڵام توانا رۆحی و مادیەکانی مەلا شیعەکانی ئێران بەجۆرێکبوو کە توانی پێش لەهەر رووداوێک بگرێت***

### ئینقلابی دووەم:

دوای ئەوەی ساڵی ١٩٧٩ شۆڕشی گەلانی ئێران بەناوی شۆڕشی ئیسلامی ئێران هەنگای یەکەمی هاویشت و کۆتایی بەرژێمی پادشایی ئەو وڵاتە هێنا کە هەزاران ساڵ بوو ریشەی داکوتابوو، شۆڕشی گەلانی ئێران بەرەو رێگەیەکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تـر هەنگـاوی دەنـا، بەڵام توانـا رۆحـی و مادیەکـانی مەلا شیعەکانی ئێـران بەجۆرێکبـوو کە تـوانی پـێش لەهەر ڕووداوێک بگرێت، دوای ئەوەی سەفارەتی ئەمەریکا لە (٤ - ١١ - ١٩٧٩) دا کەوتە ژێردەستی چەکدارەکانی سەر بەشۆڕش، یەک رۆژ داوی ئەوە مەهدی بازرگان دەست لەکارکردنی خۆی پێش کەش بە خومەینی کرد، زۆرێک لە شرۆڤەکارانی ئەو کات پێیانوابوو ئەوە فشارێکی بەهێزی دەوڵەتە بۆ سەر خومەینی تـا ناچار بە دروستکردنەوەی پەیوەندی ئێران بکـاتەوە لەگەڵ ئەمەریکـا، بەڵام هەر رۆژی دوایـی بەدەر لە چاوەڕوانی خەڵـک، خومەینی دەست لەکارکردنەکەی پەسەند کرد، دەست بەسەردا گرتنی سەفارەتی ئەمەریکا لەلایەن چەکدارەکانی (پەیڕەوانی خەتی ئیمـام) لە ئەدەبیـاتی شۆڕشی ئیسلامی دا نـاونرا بە دەستگرتن بەسـەر لانەی جاسووسی ئەمەریکـادا لەنـاوچەکەو گوتیان ئەمە ئینقیلابی دووەمە. لە کـات و سـاتی ئامادەکـاری بـۆ ئەوکـارەدا چەنـدین رێگە گیـرایە بەرو لەوانەش یەکێک لەگەنجە توندڕەو بەباوەڕەکانی خەتی ئیمام لەبەردەم سەفارەتی ئەمەریکـادا بەنزینی بە جەستەی خۆیدا کردو ئاگری لەخۆی بەردا، تا ئەوە رۆژانە لەبەردەم ئەو سەفارەتەدا خۆپیشاندانی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرا.

## لانەی جاسووسی وەک دیکۆمێنت:

ماوەیەک دوای دەست بەسەردا گرتنی سەفارەتی ئەمەریکا بەرپرسە ئێرانیەکان رایان گەیاند کە بە هەزاران لاپەڕە لە زانیاری هەستیارو مەترسیداری وڵاتانی ناوچەکە لەنێو سەفارەتی ئەمەریکادا دەستی بەسەردا گیراوەو دواجار کۆیـان کـردەوەو لە زنجیـرە کتێبێکـی (٥٠) بەرگیـدا لەژێرنـاوی (لانە جاسوسی امریکـا)دا بەچاپیـان گەیانـد، لەو کتێبانەدا کە هەریەکەیان تایبەت کراون بە وڵاتێک زانیاری ئێجگار وردو هەستیاری شۆڤاری لەرێگەی سەفارەتەوە گەیەنـراوەتە دەزگـا پەیوەندیـدارەکانی ئەمەریکـا، خـومەینی بەتەواوی پشتیوانی لەو کـارەدەکرد و پێیوابـوو ئەو روداوە دەستی هەموو پارێزکـارو لایەنگرانـی ئەمەریکـای لەنـاوچەکەدا بـڕی، لەو روداوەدا (٥٢) لە فەرمـانبەران و کارمەنـدانی سـەفارەتی ئەمەریکـا بـۆ مـاوەی (٤٤٤) رۆژ بە بـارمتە دەسـتگیرکران، لەو ماوەیەشـدا دەیـان هەوڵـی جۆراوجۆری سیاسی و سەربازی و ئـابووریش دران بەڵام بـێ ئەنجـام بـوون، یەکێک لەو هەوڵانە نیشتنەوەی شەش کۆپتەری ئەمەریکی بوو لە فڕۆکەخانەیەکی کۆنی رۆژهەڵاتی ئێـران و لەسـەر دەمی دەسـەڵاتی حکومەتەکەی بەنی سەدر دا، بۆ ئەوەی لەو رێگەیەوە جاسوس و شۆڤارەکانی دەزگای هەواڵگیری ئەمەریکا ئەو بارمتەگیراوانە بڕفێنن، بەڵام بە هۆکارێکی سرووشتی کە هەڵکردنی رەشەبای توندو بـارینی تەپوتـۆز و لم و خـۆڵ بـووە هـۆی ئەوەی کە یەکێک لە کۆپتەرەکان بکەوێتە خوارەوەو ببێتە هۆی کوژرانی هەشت لە سەرنشینەکان و ئەوانی تریش ناچار بکات بەهەڵاتن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

،،

*جیمی کارتەری سەرۆکی ئەو کاتی ئەمەریکا بەڕەسمی و لەبەردەم میدیاکاندا دانی بەو شکستەدا ناو گوتی نەمانتوانی هاوڵاتیەکانمان ئازاد بکەین.*

ئەم رووداوە لەنێو خەڵکی سادەو شەقامی گشتی پەیڕەوانی خەتی ئیمام وەک موعجیزەیەکی خودایی لێک درایەوە، بەڵام بە هەموو حاڵەتەکان بێ ئاگایی و پەلەپڕوزەی ئەمەریکیەکان بوو بۆ گەڕاندنەوەی شکۆی شکاوی، خۆ ئەگەر توێژینەوەی تەواویشیان لەو دۆخە سروشتیەی ئەو ناوچەیەش کردبێت ئەوا پێیان وابووە لەو کەش و هەوا نالەبارەدا هەلێکی باشتر دێتە پێشەوە کە کارەکە ئەنجام بدەن.

جارێکی تر ئەم روداوە بەرۆکی سەرۆک وەزیرانی دەوڵەت (بەنی صدر)ی گرتەوەو بووە هۆی ئەوەی ئەویش لەکار دووربخرێتەوەو لەکاتی دورخستنەوەی لەکاریش خومەینی گوتی بۆ بەنی صەدر تەنها یەک رستەم هەیە کە بۆ هەمووشمان دەبێت ئەویش ئەوەیە (خۆشەویستی دونیا سەری هەموو هەڵەیەکە) ، ئەم وتەیە ئاماژە بوو بۆ ئەوەی بەنی صدر لەبەرامبەر بەخشیشێکی دونیایی دیاری کراودا کار ئاسانی بۆ ئەمەریکیەکان کردبێت..

### ئازادکردن و خەڵەتاندنێکی تر:

دواجار لە (٢٠ - ١ - ١٩٨١) و پاش (٤٤٤) رۆژ مانەوەی ئەو بارمتانە و بە میانگیری وڵاتی جەزائیر و رای زۆرینەی نوێنەرانی مەجلیس (پەرلەمان) ئازاد کران، ئەوەش لەبەرامبەر ئەوەدا کە سەرجەم پارە بلۆک کراوەکانی ئێران کۆتاییان پێبێت و بگەڕێنرێتەوە بۆ ئێران کە زۆرینەی هەرەزۆریان پارەی نەوتی فرۆشراو بوون، هەرچەندە شرۆڤەکاران پێیانوایە لەو میانەیەشدا ئێران نزیکەی (٣٠٠) ملیۆن دۆلاری ئەمەریکایی ئەو کات خەڵەتێنراوە، مەرجی دووەمیشیان جارێکی تر دەست لەکاروباری ناوخۆی ئێران وەرنەدەن، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٥ دا و لە پاش ٣٥ ساڵ ئەمەریکا سزای بانکێکی فەرەنسی دا کە ئابلۆقەی سەر ئێرانی شکاندووە.

پرسیاری جدی ئەوەیە: ئایا ئەمەریکا ئەو هەموو دروشم و سەرپێچیانەی ئێرانی لەماوەی رابوردوودا لەهەمبەر وڵاتەکەیدا لەیاد دەکات؟ ئاخۆ لە ئێستەدا خەمی ئەوان گەڕانەوەی شکۆی لەکیس چوویانە؟ یاخود خەمی مافەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مرۆڤــو بنبڕکردنــی تیــرۆی دەوڵەتە وەک خۆیــان ئامــاژەی پێــدەکەن؟ هەمــوو ئاماژەکــان بــاس لەوە دەکەن کە هەنگاوەکانی ئەمەریکا بۆ ئابلۆقە خستنە سەر ئێران مانایەکی تری نییە لە شەڕی کۆنە ڤین.

* مامۆستاو ڕۆژنامەنووس

ئەزموونی بیست و پێنج ساڵ کاری ڕۆژنامەنووسی

شارەزا لە زمانی عەرەبی و فارسی

سەرچاوە: ماڵپەڕی دیپلۆماتیک مەگەزین - ڕێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

## شۆڕشی گەلانی ئێران چۆن دزرا



**ڕۆژ نیوز**

خۆپیشاندانی گەلانی ژێردەستی ئێران دژ بە سیستمێک ڕوودەدات، کە وابڕیاربوو ببێتە دەنگی هەژارانی کۆمەڵگا، مێژوونووسان لە سەر ئەوە کۆکن، کە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٩٧٩دا شۆڕشی هەژاران و کرێکاران بـوو، ئێسـتاش چاودێرانی سیاسی بۆ ئەم خۆپیشاندانانەی ڕوودەدەن هەمان بۆچوونیان هەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمڕۆ پێنج ڕۆژ بەسەر خۆپیشاندانەکانی گەلانی ئێراندا تێپەڕی و ئەگەر هەیە لە ڕۆژی شەشەمیدا بەردەوامی هەبێت، لەم دۆسییەیەدا تیشک دەخەینە سەر مێژووی بەشێک لە شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی ئێران لە سەدەی ڕابردووەو تا ئێستادا.

پاش کودەتای ١٩ی ئابی ساڵی ١٩٥٣ی محەمەد ڕەزا شا دژ بە حکومەتی دیموکراسیخوازی دکتۆر محەمەد موسەدق، ڕۆژ لە دوا ڕۆژ فەزای سایسی لە ئێران زیاتر داخرا و لە بەرامبەردا بەهۆی بەرزبوونەوە نرخی نەوت سەرمایە و دەسەلاتی حکومەتی شا زیاتری کرد، ئەو دەسەڵاتە وایکرد، کە شا دەست بداتە پەرەپێدانی ئابوری لە ئێراندا و لەولاشەوە بەهۆی پشتگیرییەکانی ئەمریکا لە حکومەتەکەی ئابوری حکومی لە ئێران گەشە بکات، هاوکات جیاوازیی چینایەتی لە نێوان چینی کرێکار و هەژاری کۆمەڵگا و چینی بورژوازی گەیشتە بەرزترین ئاست.

جیاوازیی چینایەتی کە بە هۆی سیاسەتەکانی شاوە لە ئێڕاندا پێکهاتبوو وایکرد، کە دوو دەستەی سیاسی کە خۆیان بە نوێنەر و وتەبێژی چینی هەژاری کۆمەڵگا دەناساند کاریگەرییان لە ناو خەڵکدا زیاد بکات ئەویش چەپەکان و ئیسلامییەکان بوون.

ئەوە لە کاتێکدا بوو، کە بەرەی لیبرالی ئێرانی کە درێژەپێدەرەکانی ڕێگای موسەدق بوون، پێگەی خۆیان لە نێوان چینی بورژوازی ئێراندا مابوو، بەڵام بە هۆی کاریگەریی زۆری ئەو دوو دەستەیەی دیکە، پێگەی بەرەی لیبرالیش وردەوردە کەم ڕەنگتر بووەوە.

دەسەڵاتی لە ڕادەبەدەری شا ئەو متمانەیەی بەخۆی هەبوو، کە هەموو جۆرە گۆڕانکارییەک بە سەر کۆمەڵگادا بسەپێنێت، شا جیا لە فەزایەکی داخراو کە بە سەر فەزای سیاسیی کۆمەڵگا دا سەپاندبووی، دەستی دایە هەندێک چاکسازیی ئابوری لە ئاستی وڵاتدا، کە بەپێی ئەو چاکسازییانە هەموو دەسەڵاتەکانی ئاغا و بەگەکان کە لە گوندەکان هەیان بوو، لێیان سەندرایەوەو زەوییەکان لە نێوان خەڵکدا دابەشکران، ئەوەش بە پێچەوانەوە نەبووە هۆی ئەوەی شا بچێتە ناو دڵی خەڵکی هەژارەوە، بەڵکو ئەو دەرفەتەی بۆ مەلاکان و چەپەکان ڕەخساند کە لە بۆشایی دەسەڵاتی ئاغا و بەگەکان و حکومەت، لە ناو گوندەکان دەستبکەن بە ڕێکخستنی خەڵکی هەژار لە ناو گوندەکاندا و هەروەها کۆچکردووە گوندییەکان کە ڕوویان کردبووە پەراوێزی شارە گەورەکان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران لە ڕوانگەی یەروان ئابراهامیان لە کتێبی "ئێران لە نێوان دوو شۆڕش"دا کە سەرەکەیترین سەرچاوەی مێژووییە بۆ خوێندنەوەی مێژووی هاوچەرخی ئێران بریتی بوون لە: حزبی تودە، بەرەی نەتەوەیی، نەهزەی ئازادی، مەلاکانی دژ بە حکومەت و ڕێکخراوە گەریلاییە چەپەکان، کە لەوان دەکرێت نەهزەی ئازادی و بەرەی نەتەوەیی وەک درێژەپێدەرەکانی ڕێگای موسەدەق ڕەچاوبکەین و حزبی تودە و ڕێکخراوە گەریلاییەکانیش وەک بەرەی چەپ دابنێین بە دوو ڕێبازی جیاوە، لەو نێوانەدا مەلاکان هیچ ڕێکخستنێکی سیاسییان نەبوو و تەنیا لە منبەری مزگەوتەکانەوە خەڵکیان دژ بە حکومەتی شا هاندەدا.

لە نێوان هێزە لیبرالەکاندا، نەهزەی ئازادی بە نزیکبوونەوەی لە ئیسلامی سیاسی و ئاوێتەکردنی ئیسلام و ئازادییە لیبرالییەکان توانی زیاتر لە بەرەی نەتەوەیی لە ناو خەڵکدا جێگا بۆخۆی بکاتەوە، ئەوەش وایکرد، لە یەک دووساڵی پاش شۆڕشی ٧٩ و دەست بەس سەرداگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن مەلاکانەوە ئەندامانی نەهزەی سیاسی ڕۆڵیان هەبێت لە حکومەتدا، لەلایەکی دیکەوە حزبی تودە کە بە کۆنترین و گەورەترین حزبی چەپ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەناسرا تا پێش شۆڕشی ٧٩ش یەکێک بوو لە سەرەکیکی ترین ئەکتەرەکانی سیاسەت لە ئێراندا، حزبی توودە پاش شۆڕسی ٧٩ سەرەڕای پشتگیرییکان لە حکومەتی مەلاکان بەتەواوی سەرکوتکرا و ڕێبەرەکانی لە سێارەدران و هەموو جۆرە چالاکییەکی قەدەغەکرا.



ڕێکخراوە گەریلاییەکان کە بریتی بوون لە گەریلاکانی فیدایی خەڵک و موجاهدینی خەڵک لە ٧٠کان بەدواوە بە چالاکییە سەربازییەکانیان بوونە گەورەترین هەڕەشە بۆ مانەوەی حکومەتی شاهەنشایی لە ئێراندا، لەوان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

موجاهدینی خەڵک کە بەرەیەکی گەریلایی ئیسلامی-چەپ بوون بۆ ماوەی دوو سێ ساڵ رۆڵیان هەبوو لە دەسەڵاتی سیاسیی پاش شۆڕشدا، بەڵام گەریلاکانی فیدایی خەڵک دەستبەجێ پاش شۆڕسی ٧٩ سەرکوتکران و بە هەزارانیان لە سێدارەدرا.

لە مێژووی ٢٦ ساڵی ١٩٥٣ بۆ ١٩٧٩دا، مەلاکان کە دواتر و پاش شۆڕشی گەلانی ١٩٧٩ خۆیان بە حزبی کۆماری ئیسلامی ناوزەدکرد، هیچ رێکخستنێکی سیاسییان نەبوو، جگە لە چەند خۆپیشاندان لە شاری قوم بە پێشەنگایەتی خۆمەینی کە لە ساڵی ١٩٦٣دا ڕوویاندا و بوونە هۆی دوورخستنەوەی خۆمەینی لە وڵاتە و ناردنی بۆ عێراق و پاشان تورکیا و فەرەنسا.

ئەوەی لە هاوسەنگیی حزبەکانی دژ بە حکومەتی شا لە پێش شۆڕشی ١٩٧٩دا زۆر بەرچاوە، ئەوەیە کە مەلاکان بە بەسەنگەرکردنیی مزگەوتەکان شوێنێکی ئەمانیان بۆ خۆیان دروستکرد و رێکخستنی حزبەکانی دیکەیان بۆ ڕووخاندنی حکومەتی شا لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بە شێوەیەک بە کار هێنا، کە بۆخۆیان کەمترین باج بدەن، سەیر نییە کە هیچ ناوێک بە ناوی کۆماری ئیسلام پێش شۆڕشی ٧٩ لە گۆڕێدا نەبوو، تەنیا پاش شۆڕش بوو کە ئەو حزبە بە کۆکردنەوەی مەلا نوخبەکان لە سەرتاسەری ئێرانەوە دامەزرا بەناوی "حزبی کۆماری ئیسلامی ئێران".

بەرفراوانبوونەوەی چالاکییە چەکدارییەکانی گەریلاکانی فیدایی خەڵک و موجاهدینی خەڵک لە ٧٠کاندا، هاوکات بوو بە وەستانی گەشەی ئابوریی حکومەتی شا، ئەوەش وایکرد، کە نەک تەنیا چینی هەژار، بەڵکو فەرمانبەرانی حکومیش وردە وردە بچنە ناڕازییانی حکومەتی شاهەنشاییەوە.

یەرواند ئابراهامیان هەر لەو کتێبەدا دەڵێت، کە لە شۆڕشی مەشرووتەدا کە لە ساڵی ١٩٠٥ بۆ ١٩١١وە لە ئێراندا دژ بە حکومەتی قاجاری ڕوویدا، ڕۆشنبیران توانییان مەلاکان لە سیاسەت لە ئێراندا بسڕنەوە، بەڵام لە شۆڕشی ١٩٧٩دا ئەوە مەلاکان بوون کە هەموو هێزی پۆپۆلیستیی خۆیان خستە گەڕ بۆ ئەوەی ڕۆشنبیران، حزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوە کاریگەرەکانی کۆمەڵگا لە سیاسەتدا بسڕنەوە و دەست بدەنە سەرکوتکرنی بەتەواوەتییان. تا مانگێک پێش شۆڕشی ١٩٧٩ هیچ کەس بیری لەوە نەدەکردەوە، کە لە ئەگەری ڕووخانی حکومەتی شادا مەلاکان بتوانن لە سیاسەتدا ڕۆڵ بگێڕن، چونکە جگە لە خومەینی وەک کەسایەتییکی ئایینی، هیچ کەسێکی دیاری دیکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە گۆڕێدا نەبوو کە بکرێت وەک ئەکتەری سیاسیی پێش شۆڕش ڕەچاوبکرێت، لە ماوەی ١٠ ڕۆژ پێش شۆڕشدا کە خۆمەینی لە فەرەنساوە گەڕایەوە بۆ تاران، بەهۆی پێشخستنیی خۆمەینی لەلایەن ئەندامانی نەهزەی ئازادییەوە وەک پێشەنگ و ڕێبەری شۆڕشی هەژاران، مەلاکان تازە لە ناو هاوسەنگیی هێزە سیاسییەکاندا بە شەرعی ناسێندران.

پاش شۆڕشی ١٩٧٩ و پێکهاتنی حکومەتی کاتی بە سەرۆکایەتیی مهدی بازرگانیی، نەهزەی ئازادی و ڕێبەرایەتی خۆمەینی، مەلاکان وردە وردە خۆیان لە ئاستی سەرەوەی سیاسەتدا بە سەر کۆمەڵگادا سەپاند و مانگێک پاش شۆڕش بە دامەزرانی حزبی کۆماری ئیسلامی هەبوونی مەلاکان بە فەرمی شەرعییەتی پێدرا و سێ مانگ پاش شۆڕشەکەش بە بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆمی "کۆماری ئیسلامی، بەڵێ یان نەخێر" بە فەرمانی خۆمەینی، مەلاکان توانیان دەست بە سەر دەسەڵاتدا بگرن.

بە سەرکەوتنی ئەو ڕیفراندۆمە، مەلاکان بیریان لە سڕینەوەی هەموو لایەن و حزبەکانی دیکە لە سیاسەتدا و سەپاندنی هێزی خۆیان بە سەر کۆمەڵگادا کردەوە، ئەوەش لە ماوەی یەک دوو ساڵی سەرەتای شۆڕشەکەوە بە سڕینەوەی هێزە چەپەکان و لیبرالەکان دەستیان پێکردو بە دەستپێکردنی شەڕی نێوان ئێران و عێراقیش سڕینیەوەی موجاهدنی خەڵک لە دەسەلاتدا ڕوویدا.

کەواتە ئەگەر بوترێت مەلاکان بە خەڵەتاندنی خەڵک بە دروشمە ئیسلامییەت بوونە خاوەنی شۆڕشێک، کە وا بڕیاربوو دەنگی هەژاران بێت، ئێستا هەر ئەو خەڵکە هەژارەی لە شۆڕشەکەیان لە ساڵی ١٩٧٩دا لەلایەن مەلاکانەوە دزرا، ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و بەنیازی وەرگرتنەوەی حکومەت لێیان لە هەوڵداندان بۆ ڕێکخستنی شۆڕشێکی دیکە لە مێژووی سیاسیی ئێراندا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژ نیوز - ڕێکەوتی: ٢ی جانێوێری ٢٠١٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دەرسێک کە ئێمەی کورد لە شۆڕشی ١٣٥٧ وەرمان نەگرتوە!



**قادر وریا**

٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ، ٤٠ ساڵ لە سەر هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕادەبرێ. کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە گەڵ ئەوەی هەم لە شۆڕشی ١٣٥٧ دا چالاکانە بەشدار بوو، هەم پێشینەیەکی درێژی خەبات بە دژی ڕێژیمی شایەتیی هەبوو، بە ڕووخانی ئەو ڕێژیمەش ئامانجەکانی نەهاتە دی و دەسکەوتێکی لەو شۆڕشە پێ نەبڕا. نەک هەر نەبوو بە خاوەنی مافەکانی، بەڵکوو شەڕ و سەرکوتێکی بێبڕانەوەی تووش بوو کە هەتا ئێستاش قوربانیی لێ دەستێنن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران درەنگ یا زوو بە دەردی ڕێژیمی شایەتی دەچێ، چونکە کارنامەی دەسەڵاتداریێتیی لەم چوار دەیەی تەمەنیدا لە جیاتی داهاتووی بۆ دەستەبەر کردبێ، داهاتووی لێ لێڵ کردوە و، خەڵکی ئێران، ئەوەندە لێی هیوابڕاو بوون کە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر خوازیاری نەمانی ئەو ڕێژیمەن. بەڵام پرسیارە بنەرەتییەکە بۆ ئێمەی کورد ئەوەیە ئەگەر ئەو ڕێژیمە بەم زووانە و لە ئاکامی دەستوێکدانی ڕاپەڕینی خەڵک لە نێوخۆی ئێران و گوشاری دەرەکی دا بڕووخێ ، ئێمەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، ئایا وەزعێکی باشتر لە کاتی شۆڕشی ١٣٥٧مان هەیە؟ چیمان کردوە بۆ ئەوەی ئەمجاریش بێدەسکەوت و ناهومێد نەمێنینەوە ؟

ئەگەر گۆڕانێک لە تاران ڕوو بدا، چ دەکەین؟ هەرحیزبەی بە پەلە هێندێک شار و گوند دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی بۆ ئەوەی حیزبەکەی دیکە نەیگرێتەوە؟ هەر لایەنەی هێزی پێشمەرگەی خۆی رادەسپێرێ کە ڕێگەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشمەرگەی هیچ لایەنێکی دیکە نەدەن بنکە و سەیتەرە لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی ئەودا دامەزرێنن؟ میلیشیا حکوومەت دەکا یا ئیرادەی سەرچاوە گرتوو لە ویست و دەنگ و پشتیوانیی خەڵک؟ بە پێی کام بەرنامە و میکانیزمی لە ئێستاوە پێشبینی کراو و بناغە بۆ دانراو؟

چ دڵنیاییەک هەیە کە نیاز و نەخشە و پلانی دەسەڵاتی تازە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی کوردستانی داواکاری مافە نەتەوەییەکان، لە هی ڕێژیمی پێشوو، شوومتر نەبێ؟ ئەدی دەوڵەتان و ئەکتەرانی دیکەی ناوچە، دەست لە سەر دەست دادەنێن تا کوردی ڕۆژهەڵات، کوردستانی خۆیان بە دڵی خۆیان بەڕێوە بەرن؟ چەندە ئەگەری ئەوە هەیە لە گەڵ دراوسێ تورکەکانمان بە لێک تێگەیشتن پێک بێین و جارێکی دیکە تووشی ئەزموونە تاڵەکانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ نەبینەوە؟ چەندە دەتوانین یەکگرتوویی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی دانیشتوانی کوردستان، بە ئایین و دیالێکت و زاراوە و پێگەی کۆمەڵایەتیی جیاوازەوە، بپارێزین و ڕێگە نەدەین نەیاران لە دژی خۆمان، هێلانەیان لە نێودا بکەن؟

کەمترین چاوەڕوانی ئەوەیە، ئەمجار ئەگەر دەرفەتێکی دیکەی وەک شۆڕشی ١٣٥٧ بۆ ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕەخسێتەوە، ئیدارەیەکی کاتیی هاوبەش و یەکگرتوو لە هێزە سیاسییەکان (هەتا گەیشتن بە هەڵبژاردنێکی گشتی) کوردستان بەڕێوە ببا نەک هەر لایەنێک بەشێکی کوردستان بۆ خۆی بڕ بدا و، بڕیار و یاسای خۆی بە سەر خەڵکدا بسەپێنێ. کەمترین چاوەڕوانی ئەوەیە یەک هێزی پێشمەرگە بە یەک ناوەندی فەرماندەییەوە هەبێ و ئەرکی پارێزگاری لە ئەمنیەت و ئاسایشی کوردستان لە بەرامبەر هەڕەشەی نەیارانی خاک و خەڵکی کوردستاندا بگرێتە ئەستۆ، نەک کوردستان ببێتە گۆڕەپانی مەیدانداریی میلیشیای ڕەنگاوڕەنگ. کەمترین چاوەڕوانی ئەوەیە لە جیاتی هەر لایەنەی بۆ خۆی لە گەڵ دەسەڵاتی تازە و دەوڵەتان و ئەکتەرانی ناوچەیی دا، بە ناوی نوێنەری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵام لە ڕاستی دا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بکەوێتە وتووێژ، دەستەیەکی نوێنەرایەتیی پێکهاتوو لە هێزە سیاسییەکان، پشت ئەستوور بە ڕێنوێنی و ویست و پشتیوانیی خەڵک پێک بێ. چاوەڕوانییەکی زۆر بە جێشە وێڕای دەرسوەرگرتن لە لاوازی و کەموکورتی و خاڵە نەرێنییەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧، لایەنە بە هێز و ئەرێنییەکانی ئەو کات لە بواری خۆبەڕێوەبردن و دابینکردنی بەشێک لە ماف و ئازادییەکان و پێکهێنانی کەشوهەوای ئازاد لە کوردستان، دەوڵەمەندتر و بەدامەزراو بکەین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

### ئایا هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات کە:

ئەزموونی تاڵی ڕەنج بەخەساریی گەلی کورد لە ئێران لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧یان هەیە؛
باشترین ڕێبەران و تێکۆشەرانی خۆیان و ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستانیان لە خەباتی ٤٠ ساڵە لە گەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا لە دەست داوە ؛
بە چاوی خۆیان، ئاکامی ویکهەڵنەکردن و ململانێی زیانبار لە گەڵ یەکتریان دیتوە و، لاوازبوونی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستانیان لە درێژەی ڕقبەڕقە و پێکەوەنەسازان و ناتەبایی دا تاقیی کردووەتەوە ؛
دەشزانن کە پیلانگێڕیی ئیقلیمی و، بەربەست و نەیاری گەیشتنی کوردی ڕۆژهەڵات بە مافە نەتەوەییەکان و داوا لەمێژینەکانی، لە ئاستی ئێران و ناوچە دا لە جاران زیاترە ؛
دەرسیان لەم ڕابردووە وەرگرتوە؟ هیچ نیشانەیەک لە خۆ ئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانێکی وەکوو ساڵی ١٣٥٧یان پێوە دیارە؟

بە داخەوە، وڵامی ئەو پرسیارانە"نا"یە. ئەمەش جێگای ئەوپەڕی داخە. کێ لەم دەرسوەرنەگرتن و کەمتەرخەمییانە بەرپرسیارە؟ لێرە دایە هەر تاکێک لە نێو هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هەر پلە و بەرپرسایەتییەکدا کە هەیە پێویستە ئەو پرسیارە لە خۆی بکا، حیزبەکەی خۆی لەم بارەیەوە چ بەرپرسایەتییەکی لە سەر شانە؟ ئایا هەنگاوی پێویستی لەم بارەیەوە هەڵگرتووە ؟ ئەگەرڕێبەریی حیزبەکەی لەم پێوەندییەدا کەمتەرخەم و نابەرپرسە، ئەو وەک ئەندام و کادر و پێشمەرگەی ئەو حیزبە لەم کەمتەرخەمییە وەدەنگ هاتوە و نارەزایەتیی دەربڕیوە؟ هەر لە جێدا حیزب و حیزبایەتی، ئەگەر بایەخ بە گرنگترین پرسیارەکان و پێویستییەکانی خەڵک و کۆمەڵ نەدەن و بە دەنگیانەوە نەچن، خێریان چیە و چ سوودێکیان هەیە؟!

کاتی ئەوە هاتوە ئەم کەمتەرخەمییەی حیزبەکان، ببێتە پرسی گشتی و لە ئاستی کۆمەڵ دا قسەی لە سەر بکرێ. بە تایبەتی ڕووناکبیران، چالاکانی سیاسی، کەسایەتی و دەنگە دیارەکانی بواری فکر و ڕەخنە، کە دۆست و دلسۆزی هێزە سیاسیەکان و پرسی ڕەوای نەتەوەکەیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، پێویستە وەدەنگ بێن. با



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەخنەگرتنی ڕاشکاوانە و دەنگهەڵبڕینی بوێرانەی پڕ لە دڵسۆزی و ڕاستگۆیی لەم دۆخە و کەمتەرخەمیی حیزبەکان و ڕێبەرییەکانیان، ڕێگای خۆدزینەوە لە وەڵامدانەوە بەو پرسیارە جیددییانەیان لێ ببەستێ.

ئەگەر ئەمڕۆ بەرامبەر ئەم بارودۆخە، بێدەنگ و بێخەم بین، سبەی بە لەدەستچوونی دەرفەتە مێژووییەکان و دووبارەکردنەوەی مێژووی پڕلەقوربانیدان بەڵام بێ دەسکەوتی خۆمان، نرخەکەی دەدەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی فێبریوێری ٢٠١٩

## کورد و چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی



**کەماڵ کەریمی**

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەک سەدەی ڕابردوودا بەردەوام لە خەباتدا بووە بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافە نەتەوەییەکانی. لە حەوت دەیەی ڕابردووشدا و بە دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە پێی بەرنامەیەکی دیاریکراو خەباتگێڕانی کورد شێلگیرانە خەباتیان کردووە و لە تێکۆشان ڕانەوەستاون. دامەزرانی کۆمار کە یەکێک لە شانازییە نەتەوەییەکانی کوردە، بەشداری لە ناڕەزایەتییەکانی ساڵەکانی ٣١ و ٣٢، خەباتی چەکداریی ساڵانی ٤٦ - ٤٧ و خۆڕاگری لە بەرامبەر دەزگای پۆلیسی ساواکی شادا چەند نموونەیەکن لەو هەنگاوە بەرزە شۆڕشگێڕانەی تێکۆشەرانی دێموکرات و ئازادیخوازی کورد، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. ئاکامی ئەم دەورە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە خەبات هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی خەڵکی ئێران لە دژی دەسەڵات ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و ڕزگاربوونی خەڵکی کوردستان بوو لە چنگ ستەمی ئەو ڕێژیمە.

چل ساڵ لەمەوبەر و بە دوای لە نێوچوونی دەسەڵاتی پاشایەتی خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی کە لە پێناو وەدەستهێنانی ئازادیدا قوربانیی زۆریان دابوو، بەهومێد بوون کە بەری خەبات و چەند دەیە هەوڵ و تێکۆشانیان بچننەوە و لە سێبەری ئازادیدا بحەسێنەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە تەواوی ئەو ساڵانەدا لێبڕاوانە لە دژی ڕێژیمی شا خەباتی کردبوو و لەو پێناوەدا قوربانیی زۆری دابوو بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لە سەرکەوتنی شۆڕش کرد. حیزبی دێموکرات هەر زوو ڕایگەیاند کە... ل٢خەڵکی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خەباتی کردووە و دەرکەوت کە ڕێژیمی شا بە هەموو ئیمکاناتییەوە نەیتوانی ئەم خەڵکە مەجبوور بکا واز لە داخوازییەکانیان بێنن. هەر بۆیە باش وایە ڕێبەرانی شۆڕش لە ئیستادا پەیامی ئاشتیخوازانەی خەڵکی کوردستانیان لەبەرچاو بێ و وەک بەڵێنیان داوە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەستەبەر بکەن.

بەداخەوە لە یەکەم کاردانەوە بەرامبەر ئەم پەیامەی خەڵکی کوردستان و لە سەری ساڵی ١٣٥٨دا، بە پیلانی هاوبەشی ئاخوندەکان و پاشماوەکانی ئەرتەشی شا کە لە کوردستاندا تا ئەو کاتەش فەرماندەیی پادگانەکانیان دەکرد، لە پادگانی سنەوە ئەم شارەیان دایە بەر هێرشی تۆپخانە و بە پشتیوانی هێلیکۆپتر خەڵکی ئازادیخوازی ئەو شارەیان خەڵتانی خوێن کرد و نەورۆزی خوێناویی سنەیان بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک خوڵقاند. ئەوان بەمەش نەوەستان و ئەوجا هەمان ئەو باندانە لە ورمێوە گەلاڵەی تێکدانی میتینگی حیزبی دێموکرات و قەتڵوعامی کوردەکانی نێشتەجێی نەغەدەیان داڕشت و لە بانەمەڕی هەمان ساڵدا ئەم هێرشەیان جێبەجێ کرد کە بوو بە هۆی شەهیدبوونی دەیان کەس و ئاوارەبوونی هەزاران کەس لەو شارە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە دەرکی دروستی لە بیرکردنەوەی مەلا تازە بەدەسەڵات گەیشتووەکان هەبوو، مەترسیی هێرش و شەڕی لە کوردستان هەست پێکردبوو. هەر بۆیە لەگەڵ خۆ ئامادەکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر پیلانێک لە دژی خەڵکی کوردستان، هەموو هەوڵی خۆی دا کە لە ڕێگەی ئاشتی و وتووێژەوە کێشەی کوردستان چارەسەر بکرێ. بەڵام بیری شەڕەنگێزانەی خومەینی و داروودەستەکی گەیشتە ئەو ئاستەی لە ٢٨ی گەلاوێژدا، خومەینی بڕیاری جیهادی لەدژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند و لە پاوەی خۆڕاگرەوە پەلاماریان بۆ سەر کوردستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەست پێکرد کە بە شەڕی سێ مانگە ناوبانگی دەرکرد و لەو سێ مانگەدا پاش شکانی یەک لە دوای یەکی هێرشەکانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و خەسارێکی زۆر، لە ٢٦ی خەزەڵوەردا و بە دوای پەیامی خومەینی بۆ ڕاوەستانی شەڕ و وەڵامی ئەرێنی حیزبی دێموکرات کۆتایی بەم دەورە لە شەڕ هات. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر ئەو کات بۆ جارێکی دیکەش لەسەر ڕێگەچارەی ئاشتیخوازانە و وتوویژ بۆ گەیشتن بە چارەسەرێک کە مافی خەڵکی کوردستان دابین بکا، پێداگری کرد.

بەم جۆرە هاتوچۆی نوێنەرانی دەوڵەت بۆ کوردستان و دانیشتن لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان دەستی پێکرد. سەرەتا گەڵاڵەیەکی ٢٦ مادەیی ئامادە کرا کە دواتر لە درێژەی کاری هەیئەتی نوێنەرایەتیدا لەگەل هەیئەتی دەوڵەت خرایە بەر باس. بەداخەوە هاوڕانەبوونی لایەنەکانی دیکەی بەشدار لە هەیئەتدا لەگەڵ حیزبی دێموکرات و جیاوازیی ڕوانین لە چۆنیەتیی وتوویژ لەگەڵ دەسەڵات بیانووی دایە دەست دەوڵەت بۆ خۆ دزینەوە لە وتوویژەکان. حیزبی دێموکرات کە وەک هەمیشە بەرپرسانە دەیڕوانییە هەلومەرجەکە، دەیزانی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەهانە دەگەڕێ بۆ دەسپێکردنەوەی پەلامارەکانی بۆ سەر کوردستان. بەڵام ئەوەیشی نەدەشاردەوە کە هەر ڕۆژێک شەڕ درەنگتر دەست پێبکا بە قازانجی خەڵکی کوردستانە. هەر بۆیە بۆ ئەوەی هەم دەرفەتی وتوویژ لەکیس نەچێ و هەم کاتی زیاتر بۆ خۆ ئامادەکردن لەگەڵ شەڕفرۆشییەکان ڕێژیم بەدەستەوە بێ، دوای هەڵبژاردنی بەنی سەدر بۆ سەرۆککۆماری لە دیداری هەیئەتێکی حیزب لەگەڵ ناوبراو، بە پێی تەوافوقی هەر دوولا گەڵاڵەیەکی شەش مادەیی بۆ وتوویژ خرایە بەر دەستی بەنی سەدر، سەرۆک کۆماری کاتی ئێران. ئەوەش بڵێین کە ئەوەندەی لەلایەن حیزبەکانی دیکەوە سیاسەتەکانی حیزب بە «فورسەت تەڵەبی» لەقاو دەدرا، زیاتر لەوە خەڵکی کوردستان کە خوازیاری جێبەجێبوونی داواکانیان لە ڕێگەی ئاشتییەوە بوون متمانەیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبوو و پاڵپشتییان دەکرد.

بەداخەوە وەک چاوەڕوان دەکرا بیری کۆنەپەرستیی زاڵ بەسەر دەسەڵاتی تازەدا، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا بیری لە ئازادی و مافەکانی خەڵک نەدەکردەوە، ڕێگەی درێژەدانی شەڕی لە کوردستان هەڵبژارد. شەڕێک کە ئەگەر بە پێی ئامارە تەواو نەکراوەکانیش لانیکەم لە دەوری دوو سەد هەزار چەکداری ڕێژیمی تێدا کوژرا و بە سەدان هەزار بریندار و دیلیشیان هەبوو، هەتا ئێستاش بە میلیتاریزە کردن و برەودان بە فەزای ئەمنییەتی، سێبەری شوومی بەسەر کوردستانەوە ماوە. بەو حاڵەش لەگەڵ ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان شێلگیرانە لە بەربەرەکانێ بۆ پاراستنی کەرامەتی خەڵکی کوردستان و هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانیان لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەبات بەردەوام بووە، هەمیشەش وەک پرێنسیپێک چاوی لە دیالۆگ و ڕێگەی چارەی ئاشتییانە کردووە. حیزبی دێموکرات هاوکات لەگەڵ خەباتی بەردەوام بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمێک کە توانای وڵامدانەوەی بە دابینکردنی مافە ڕەواکانی خەڵک نییە کە ئەوەش بە دوور نابیندرێ، نەیشاردووەتەوە کە هەر کات دەرفەتی وتووێژێکی ئوسوولی و مەنتقی لەگەڵ دەسەڵات بێتە پێش، وەک یەکێک لە شێوازەکانی خەبات چاوی لێدەکا و بە مەبەستی دوورخستنەوەی مەترسییە بەردەوامەکانی سەر خەڵک و هەوڵدانێک بۆ گەیشتن بە ئامانجە لە مێژینەکانیان کەڵکی لێوەردەگرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٩

## با ئامانجمان ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ



**سەید خدر میرسەیدی**

لە کەس شاراوە نییە لەو کەشە ئاڵۆز و لێڵەی کە سێبەری بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە، لەهەر چوار پارچەی کوردستان خەبات بەشێوەیەکی شێلگیر و بەردەوام دژ بەداگیرکەرانی نیشتمان لە ئارا دایە! بەڵام مەبەست لە نووسینی ئەو چەند دێڕە، سەرنجدانە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ژێر سێبەری یەکێک لە دواکەوتووترین دەستەڵاتەکانی جیهاندا کە شان لە دەستەڵاتەکانی قروونی وەستایی دەدا، بەناوی حیزبی خودا و ڕێبازی شەریعەتی ئیسلام تەنگی بە کۆمەڵگەی ئێرانی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵچنیوە، بەجۆرێک کە دەرفەت و بوار بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر چەشنە خەباتێکی سیاسیی بەقازانجی نەتەوە کانی ئەو پێکهاتە جوغرافیایە بە تاوان و دژە خوا دەژمێردرێ و؛ ئەویش وەلی فەقیە سزاکەی لە قورئان هەڵێنجاوە ئەویش مەرگە! با نیزیکتر بڕوانین، ٤٠ ساڵە ئۆپۆزیسیۆنی کورد وەک تەنیا دژبەری ئەو دەستەڵاتە مرۆڤکوژە بەکردەوە وێستاوەتەوە و، بۆ بەربەرەکانی و پارێزگاری لە هەرمانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە هیچ فیداکارییەک خۆی نەپاراستووە! بەڵام مخابن ناکۆکی و ململانێی نابەجێی ئەحزابی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ئەو دەرەتانەی بەدەستەڵاتی ئیسلامی داوە بۆ پتر وێرانکردنی کۆمەڵگەی کوردستان، دەست بداتە پیلان و تەرفەندگەلێکی بێ ئامان و نەخوازراو کە ساختار و ژێرخانی کۆمەڵگەکەمانی کردۆتە ئامانج، ئەویش لە سێ ڕەهەندی مەترسیدارەوە:

١- گەلاڵەی بەموعتادکردنی خەڵک کە ڕەنگە ئاسەوارێکی کاولکاری بۆ ماوەی ساڵگارێکی زۆر لە دوای خۆی بەجێ بێڵێ

٢- مەیدان و پەرەدان بە بیری سەلەفییەت وەک ئامرازی بەربەرەکانیی دژ بە گەشەکردنی دێموکراسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و بیری نەتەوەخوازی لە داهاتووی کوردستاندا!

٣- ڕەواییدان بە خەیانەت و سیخوڕی و بەلاڕێدابردنی زەینییەتی خەڵک بەرەو گەندەڵی و فەساد و بێسەرەوبەرەیی! بەڵام لەو نێوەدا خەڵکی وشیار و نیشتمانپەروەر و دڵسۆز لە بەربەرەکانی و دژایەتیکردن لەگەڵ ئەو دیاردە نامۆیانە بێتەفاوەت و بێدەنگ نەبوونە، ژمارەیەکی یەکجار زۆر خۆیان لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی حیزبە کوردییەکاندا دیتۆتەوە، سەرەڕای وەش ڕێژەیەکی زۆریش بە وەرێخستنی "ئێن جی ئۆ" و ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە لایەک خەڵکیان لە خۆ هاڵاندووە بۆ پەرەدان بە ڕێژەی بەشداربووانی کچان و کوڕانی کورد لە مەیدانەکانی وەرزش و شاخەوانی و هونەر و ژینگەدا! لەلایەکی دیکەوە توانیویانە خەڵکێکی زۆر بپارێزن لە ئیعتیاد و دیاردەگەلی دوژمنان! بەخۆشییەوە جووڵانەوە مەدەنییەکان لە چلەپۆپەدا دەتوانن خەڵک بە شێوەیەکی سیستماتیک بێننە سەر خەت بۆ ئەو ڕۆژانەی کە شیمانە دەکرێ، ببنە دیواری بەرخودان! خەڵک دەبینن ئەو حیزبانەی کە بەرچەسپی نایاساییان لێ قایم کراوە لە لایەک، بەتەواوی خوێندنەوەی ئەوڕۆییان لە بارودۆخی نێوخۆیی نییە ئەگەر هەشیان بێ بەشێکی نوسخەی کۆپی کراوە، بۆ خۆشیان لەسەر گوتارێکی هاوبەش دژ بە دوژمنێکی هاوبەش ناکۆک و ناتەبان. خەڵک ئەو ئاوازە فاڵژانە بە باشی دەبیسێ و هەست پێدەکا! هەر بۆیەشە دەستەڵاتی ئیسلامیی ئێران وەک دەستەڵاتێکی تەواو تۆتالیتێری خۆی لە ژیانی تاکەکانیش هەڵدەقورتێنێ، دەیان سنوور و پاوانکاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ڕوانگەی سواوی ئایینەوە ئاراستەی کۆمەڵگە کردووە! لەو هەلومەرجە دژوار و تێکچڕژاوە دایە کە کۆمەڵگەی مەدەنی بە ڕێکخراوەکانییەوە وەک سەرهەڵدانێکی کۆمەڵایەتی دەتوانێ دەوری خۆی بگێڕێ، ئەوڕۆ ئەحزابی سیاسیی کورد کە سەرکردایەتییەکانیان لە تاراوگەدان، پێویستیان بە هاودەنگی و خۆدیتنەوەیە لە بەرەیەکی یەکگرتووی نیشتمانیدا وەک خەباتی شاخ، بۆ متوربەکردنی خەباتی شاخ و شار بۆ پێکانی ئامانجە نەتەوەییەکانمان و وەدیهاتنی ویستی گەلەکەمان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٩ی فێبریوێری ٢٠١٩

---

## بەرگری و بەگژداچوونەوەیەکی ڕەوا



**سمایل شەڕەفی**

*(خوێندنەوەیەک بۆ ڕەفتاری خەڵکی کوردستان بەرانبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی)*

لە دوایین ساڵەکانی دەسەڵاتی پاشایەتیدا، کوردستان هەلومەرجێکی تایبەتیی سیاسی - ئەمنیەتیی بەسەردا سەپێندرابوو؛ ساواک سێبەرێکی پڕ سام و تۆقاندنی بەسەر ژیانی خەڵکەوە هەبوو، هەر جۆرە جموجوڵێکی سیاسیی بە گرتن، ئەشکەنجە و داسەپاندنی حوکمی قورس وڵام دەدرایەو؛ کورد وەک نەتەوەیەک کە داوای مافە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئینسانی و ڕەواکانی خۆی دەکرد، حاشا لە بوونی دەکرا، کوردستان لە ڕووی ئابووری و پیشەسازییەوە لەوپەڕی پاشکەوتووییدا ڕاگیرابوو. بۆیە سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکانی شارە گەورەکانی ئێران دژ بەم نیزامە بۆ خەڵکی کوردستان جێی هیوا و هومێد بوون. هاوکات لە گەڵ پەرەسەندنی نارەزایەتییەکان و دەستپێکردنی خۆپێشاندان دژ بە دەسەڵاتی پاشایەتی لە شار و ناوچەکانی ئێران، ڕق و قینی پەنگخواردووی خەڵکی کورد تەقییەوە و خۆپیشاندانەکان لە ئاستێکی بەربڵاودا کوردستانیشی گرتەوە.

درووشم و داوای خەڵکی کوردستان هەر لە سەرەتاکانی شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوییەوە وردەوردە تایبەتمەندیی خۆی هەبوو. ئەگەر ئەم شۆڕشە لە تاران و شار و ناچەکانی دیکەی ئێران ڕوخسار و نێوەرۆکێکی مەزهەبیی هەبوو و خەڵک چاویان لە "ڕێبەری" ئەم شۆڕشە - خومەینی - بوو، لە کوردستان نە داواکارییەکان مەزهەبی بوون و نە خومەینی ڕێبەر بوو. داواکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی گەلاڵەی خودموختاری لەلایەن حیزبی دێموکرات و حیزب و کەسایەتییەکانی دیکەوە دیاری کرابوون و بەرەوڕووی کاربەدەستانی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی تاران کرانەوە.

خەڵکی کوردستان کە هەر لە سەرەتای ئەم شۆڕشەوە لە دەوری بەرنامە و سیاسەتی حیزبەکان کۆببوونەوە، لە ڕێگای کۆبوونەوە و میتینگی جەماوەری و یەکەم هەڵبژاردنەکانەوە بەزۆری متمانەی خۆیان بە حیزبی دێموکرات بەخشیبوو. بۆیە لە قۆناغی ساڵەکانی سەرەتای شۆڕشدا، هەیئەتێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان چەند جارێک لەگەڵ خودی خومەینی و کەسانی دیکە لە دەوڵەتی کاتی چاوپێکەوتنیان کرد. پیاوە مەزهەبییە تازە بەدەسەڵاتگەیشتووەکان کە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی ئێرانیان لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی ڕوانینی مەزهەبی بە ناوی "ئۆممەتی ئیسلامی"دا پێناسە دەکرد، حاشایان لە بوونی نەتەوەیەک بە ناوی کورد کرد و داخوازییەکانی ئەم میللەتەیان بە بێبایەخ سەیر دەکرد. ئەوە بوو کە خومەینی فەرمانی جیهادی دا و شەڕێکی ماڵوێرانکەری سێ مانگە بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپا. لە ئاکامی ئەم فەرمان و ئەقڵییەتە کۆنەپەرەستانەدا هێرش بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد و بە سەدان کەسی بێدیفاع بوونە قوربانی. دوای بەرەبەرەکانیی قارەمانانەی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە و بەدەستەوەگرتنی بەشێک لە شار و ناوچەکانی کورستان، ویست و داخوازییەکانی خەڵک لە لایەن "دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کوردستان" کە لە مامۆستا شێخ عێزەدین حوسینی وەک سەرۆک، حیزبی دێموکرات وەک وتەبێژ، کۆمەڵە و چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران وەک ئەندامانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستەی نوێنەرایەتیی پێک هاتبوو، نوێنەرایەتی دەکرا.

خەڵکی کوردستان کە پێشتر لە ١٠ی خاکە لێوەی ساڵی ١٣٥٨دا بایکۆتی بەناو ڕێفراندۆمی بۆ دیاریکردنی نیزام کردبوو و لە ڕێگای نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیانەوە دەیانزانێ کە ماهییەت و نێوەڕۆکی ئەم نیزامە چییە، بەڵام دیسانیش بە پێی ماهییەتی ئاشتیخوازانەی خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی، هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە ئەم ڕێگایە بە ڕێڕەوی ئاشتیخوازانە و دیالۆگدا بەرێتە پێش. هەر لە سەر ئەم ئەساس و بنەمایە بوو کە لە چەند دەرفەتی دیکەدا چالاکانە لە هەڵبژاردنەکان مەجلیسی خیبرەگان لە ١٢ی گەلاوێژی ١٣٥٨ و یەکەم خولی هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارلمان لە ٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٥٨ بەشدارییان کرد و دەنگیان بە نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان دا. بەڵام هەموو ئەم "حوسنی نییەت"انەی خەڵکی کورستان بە هەڵوەشانەوەی سندووقەکانی دەنگدان لە بەشیک لە حەوزەکان و هەڕەشەکردن لە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستان وڵام درایەوە.

لە قۆناغەکانی دیکەدا و دوای بێئاکام هێشتنەوەی هەوڵی دەستەی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لەگەڵ تاران لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، خەڵکی کوردستان بە پەیوەستبوونیان بە ڕیزی حیزبە سیاسییەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە پشتیوانیی مادی و مەعنەوی لەم خەباتە و بەربەرەکانیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆی نیزام و سیاسەتە دژی گەلییەکانی لە کوردستان، لێبڕاوانە لەسەر ویست و داخوازە نەتەوەییەکانی خۆیان بەردەوام بوون.

ڕەفتاری خەڵکی کوردستان لە ماوەی ئەم چوار دەیەدا بەرانبەر بە سیاسەت و ڕوانینەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران شێوازی جۆراوجۆری بە پێی هەل و دەرفەتەکان بە خۆوە بینییەوە. لەگەڵ ئەوەیکە تا ئێستایشی لەگەڵ بێت - سەرەڕای ئەو هەمووە ڕەخنە و گلەییانەیان لە حیزبەکان کە زۆری دروست و لەجێی خۆیان دان - خەڵکی کورستان خۆیان بە پشتیوانی حیزبەکان دەزانن، بەڵام دیسانیش هەوڵ دراوە بە خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرج و بە کەڵکوەرگرتن لە کۆمەڵە فاکتەرێک کە لەوانەیە ئەوان زیاتر لە حیزبەکان دەرکیان بە واقعییەتەکان کردبێ، کۆمەڵە ڕەفتارێکی جیاواز و لە هەمان کاتدا مانادار لە خۆ نیشان بدەن.

ڕێژیم لە ماوەی ئەم چوار دەیەدا هەمیشە هەوڵی داوە جیا لە بەرخوردێکی ڕژد بەرانبەر بە چالاکانی سیاسیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کورد و دوورخستنەوەی حیزبەکان، زۆر بە هێواشی و نەرم، خەڵکی کوردستان لە هۆڤییەت و شوناسی کوردبوون دابماڵێ و بۆ بەجێگەیاندنی ئەم پیلانە بە دڵنیاییەوە هەزینەیەکی زۆری مادی و ئینسانیی کردووە. بەڵام وەک دەبینین ئەم میللەتە بە هەوڵی چالاکان و هەڵسووڕاوانی بوارەکانی کولتووری، ئەدەبی، هونەری بەتایبەت لە بەستێنی زمان و موزیک و پۆششدا، نەتەنیا توانەوە و ئاسمیلەبوونی پێوە نابیندرێ، بەڵکوو بە کۆمەڵگەیەکی زیندوو و بەرهەست دادەنرێ.

ڕاست لەسەر ڕەوتی ڕێژیمی پێشوو، کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هەمیشە هەوڵی داوە کوردستان لەرووی گەشەی ئابووری و پیشەسازییەوە لە هەژاری و بێدەرەتانیدا ڕابگرێ. ئامانجی لەم کارەش پەرەپێدان بە دیاردەی خۆبەدەستەوەدان و جاشایەتی و پەرەسەندنی دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان بووە. بەڵام دیسانیش ئەم میللەتە بە عیزەتی نەفسەوە ژیانی پڕ لە نەداری و کوێرەوەریی تەحەموول کردووە و ئامادە نەبووە خۆی بەدەستەوە بدا. ئەگەر دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم توانیبێتیان لەم ڕێگایەوە کۆمەڵە خەڵکێکی نەفس نزم بەلای خۆیاندا ڕابکێشن کە خۆشخزمەتییان بۆ بکەن، بەڵام بە دڵنیاییەوە نەیانتوانیوە ئیرادە و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بشکێنن و دەستەمۆی بکەن. کاروانی دوور و درێژی هەزاران پیر و لاوی کورد لە سنوورەکانی کوردستان کە بە کۆڵبەری یەوە خەریکن و ڕۆژ نییە کەس یان چەند کەسیان بە تەقەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم گیانی لێ نەستێندرێ، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ئینسانی کورد بۆ پاراستنی شەرافەتی خۆی و خاوخێزانی ئامادەیە گیان بدا بەڵام سەر بۆ دوژمن نەوی نەکا.

ڕەفتاری سیاسیی خەڵکی کوردستان لە کۆمەڵە پرسێکی وەک هەڵبژکاردنەکان لە چوارچێوەی ئەم نیزامەدا، شێوازی جۆراوجۆری بەخۆوە بینییەوە کە باس و لێکدانەوەی فرە هەڵدەگرێت. ئەگەر بە نیسبەت قسەکردن لەسەر جۆری ڕەفتاری خەڵکی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ پرسە سیاسییەکان لە ئێراندا، هەڵبژاردنەکانی نێو ئەم نیزامە بە نموونە بهێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە ڕەفتاری خەڵکی کوردستان لە هەڵومەرجی جیاوازدا هەڵگری پەیامی سیاسیی جیاواز بووە. بۆ نموونە خەڵک لە گەڵ ئەوەیکە قەت باوەڕی بە دێموکراتبوونی ئەم هەڵبژاردنانە نەبووە و نییە، بەڵام لە هێندێکیاندا بەشداریی کردوە و ڕاشکاوانە لایەنگیری لە ڕەوتێک، کەسێک یان کەسانێک کردووە و هێندێک جاریش بە تێکڕایی بایکۆتی کردووە. ئەم شێوە ڕەفتارەی خەڵک بەتایبەت لەو هەڵبژاردنەنەدا کە پێوەندییان بە بەڕێوەبەریی دەوڵەت و ژووری پارلمانەوە هەیە، نیشان دەدا کە بە نیسبەت گۆڕانکارییەکان لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەر ئاستی نێوخۆی ئێران و تەیفبەندیی نێوباڵەکانی ڕێژیم لەسەر هەستە و بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ کە هاوکات لەگەڵ زەفکردنەوەی کەلین و کەلەبەرەکان، دژ بە نماد و ڕەمزەکانی سەرەوەی ئەم ڕێژیمە هەڵوێست بگرێ. لەلایەکی دیکەوە هەوڵ دەدا لە چووکەترین هەل و دەرفەتەکان بۆ هێنانەئارا و مەترەحکردنی ویست و داخوازییەکانی خۆی کەڵک وەربگرێ. ڕاست بە پێچەوانەی بەشێک لەو بۆچوونانەی کە لەم ڕەفتارەی خەڵک نیگەرانن و پێیان وایە ئەم بەشداریکردنەوەی خەڵکی کوردستان و ئەم لەگەڵ کەوتنانە دەتوانێ مانای مەشرووعیەتدان بە ڕێژیمی لێ بکەوێتەوە، خەڵک لەم ڕێگایەوە هاوکات لەگەڵ بەرزکردنەوەی ویست و داخوازییەکانی خۆی، هەموو هەوڵی ئەوە بووە کە دەتوانێ لەم بوارەشدا بەگژداچوونەوەی نماد و ڕەمزەکانی سەرەوەی ئەم ڕێژیمە بکا.

ئێستا کە لە ساڵرۆژی چل ساڵەی هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران نزیک دەبینەوە، ئەم ڕێژیمە لاوازترین پێگەی لە کوردستاندا هەیە. سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە لە هەموو بوارەکاندا کە هەر هەموویان بۆ لانیکەم دەستەمۆکردنی خەڵکی کوردستان بووە، تووشی شکست و پووچەڵکردنەوە هاتووە. لە کوردستان بزووتنەوەیەکی بەربەرینی مەدەنی، جەماوەری و ڕێکخراو هەیە. ئەم خەباتە کە ماهییەتێکی شوناسخوازانەی نەتەوەیی و نیشتمانی هەیە، کار لەسەر درووستکردنی گوتاری یەکگرتووانە دەدا. بوونی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و متمانەی خەڵک بەم ڕێکخراوانە و پشتوانی لێکردنیان و لەگەڵ کەوتنیان، کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراوی لێ دەستەبەر بووە.

لە لایەکی دیکەوە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ماوەی ئەم چواردەیەدا هەموو پیلانێکی ڕەشی ڕێژیمیان لەسەر تاقی کراوەتەوە، زیاتر لە هەمیشە خاوەنی جێگە و پێگەی جەماوەریی خۆیانن. ئەوان کە لە ماوەی دەسەڵاتداریی ئەم ڕێژیمەدا ڕێبەرانیان لێ تێرۆر کرا، بە هەزاران کادر و پێشمەرگەیان گیانیان لێ ئەستێندرا، بنکە و بارەگایان لێ بوردمان کرا و، هەر لە چلەمین ساڵرۆژی تەمەنی ئەم ڕێژیمەدا، مووشەکبارانی کۆبوونەوەی ڕێبەرانیان لە قەڵای دێموکرات کرا، ئێستا زیاتر لە هەمیشە هەوڵی یەکگرتووی و یەکریزی دەدەن و خەڵکی کوردستان چاوی لێیانە.

بە گشتی؛ ڕەفتاری خەڵکی کوردستان بەرانبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تا ئێستا لەسەر ئەساسی داکۆکیکردن لە ماف و ئازادییە ئینسانی و نەتەوەییەکانی خۆی بووە و بەرانبەر هەوڵەکانی ئەم ڕێژیمە بۆ حاشالێکردن و سڕینەوەی، هەڵوێست و بەگژداچوونەوەی ڕەوای هەبووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٩

## کورد و مێژووی کۆماری ئیسلامی



ڕەزا محەممەدئەمینی

کورد لەدوای شەڕی جیهانی یەکەم و دامەزرانی دەسەڵاتی ناوەندگەرا لەسەر بەستێنی تیئۆریی «دەوڵەت - نەتەوە»ی ئێرانی (فارس) لە ئێراندا، لەلایەک هەمیشە لەژێر چەوسانەوە و سەرکوتدا بووە و دەسەڵاتی ناوەندی هەوڵی داوە شوناسی نەتەوەیی کورد لە هەموو ڕێگاکانەوە بسڕێتەوە و لەلایەکی دیکەش، کورد بە هەموو شێوەکان بەرگریی لە مافەکانی کردووە و هەوڵی دەستەبەرکردنی مافە زەوتکراوەکانی خۆی داوە.

لەسەردەمی پاشایەتیی پەهلەوییەکاندا گەلی کورد کەوتە بەر پیلان و هێرشی دەوڵەتی ناوەندی و بەتایبەت لە سێ قۆناغی شۆڕشی سمکۆی شکاک، سەردەمی کۆماری کوردستان و ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ بە دژی داگیرکەرانی نەتەوەکەمان، غەدری زۆری لێکرا و بەتوندترین و خوێناویترین شێوەکان سەرکوت کرا؛ بەڵام بەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حاڵەش گەلی کورد نیشانی دا بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی خۆی و دامەزراندنی دەسەڵاتی کوردی و شکاندنی هەیمەنەی نەتەوەی باڵادەست لە هیچ فیداکاری و قوربانیدانێک درێغی ناکا.

دوابەدوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی زوو دەرکەوت کە ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو لە دژایەتی لەگەڵ کورددا دڵڕەقتر و دڵڕەشتر لە ڕێژیمی پێشوویە و هەر چەند مانگ دوای سەرکەوتنی شۆڕش، بۆ سەرکوتی گەلی کورد و داگیرکردنەوەی کوردستان کە وەک مەکۆی ئازادیخوازانی ئێرانی لێ هاتبوو، لەشکری هێنا و شەڕێکی نابەرامبەری بەسەر کورددا سەپاند. لەو شەڕە نابەرامبەر و نارەوایەدا کۆماری ئیسلامی دەستی لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە و جینایەتکارانە نەپاراست و تەنانەت خومەینی فەرمانی جیهادی بە دژی گەلی کورد دەرکرد و کورد و کوفری لە تای تەرازوویەک هاویشت. دیارە پاش شکستی سەرشۆڕانەی لە شەڕی سێ مانگەدا و ئازادکردنەوەی شارەکان لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە، کۆماری ئیسلامی کە ئەوکات لەوپەڕی لاوازیدا بوو بۆ کڕینی کات و نیشاندانی بەناو «نیازپاکی»ی خۆی، هەیئەتی دەوڵەتی بۆ چارەسەری پرسی کورد نارده کوردستان و دانوستانەکان چەند مانگێکی خایاند، بەڵام هەروەک لە نێوەرۆکی دژی گەلیی ئەم ڕێژیمەوە دیار بوو، ئەو دانیشتنانە هەر بۆ خۆسازدان و تەیارکردنی هێزە چەکدارەکانی و هێرشی دووبارە بۆ سەر کوردستان بوو؛ هەربۆیەش هەروەک دیتمان دیسان شەڕیان بەسەر کورددا سەپاندەوە و کوردستانیان کاول کرد و خاکی کوردستانیان بە خوێنی هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان سوور کرد.

هەر لەو کاتەوە تا ئێستا کە چوار دەیە تێدەپەڕێ ئەو ڕێژیمە کوردکوژە بەردەوام بووە لە سیاسەتی خۆی و درێژەی بە هێرش و سەرکوت و کوشتاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان داوە و لەو پێناوەدا لە هیچ جینایەتێک دەستی نەپاراستووە. کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستان، لەسێدارەدانی پۆل پۆل لە لاوانی کورد لە بەندیخانەکان و میلیتاریزەکردنی کوردستان و تیرۆری سەدان کەس لە شۆڕشگێڕانی گەلەکەمان لە نێوخۆ و باشووری کوردستان و دەرەوەی وڵات کە لەنێویاندا ڕێبەرانی حیزب و گەلەکەمان د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی دیارترینیانن و کردەوەی تێرۆریستی شەوی یەلدا لە ساڵی ١٣٩٥ لە بەردەم قەڵای دێموکرات و هەروەها مووشەکبارانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٧ی خەرمانانی ئەمساڵ کە بوو بە هۆی شەهیدبوون و بریندار بوونی دەیان کەس لە خەباتگێڕانی دێموکرات کە لە نێویاندا شەش ئەندامی ڕێبەری حیزبیش دەبیندران، تەنیا بەشێک لە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی بە دژی گەلی کوردن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا نیشانی دا نەک هەر باوەڕی بە مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد و باقیی گەلانی ستەملێکراوی ئێران نییە، بەڵکوو تەنانەت «چەمکی نەتەوە» هیچ جێگە و پێگەیەکی لە ئیدۆلۆژی دواکەوتووی ئەو ڕێژیمە تۆتالیتێرەدا نییە و ئەگەریش جارناجارێک باسیان لە نەتەوە کردووە، ئەوە مەبەستی سەرەکییان نەتەوەی باڵادەستی فارسە کە لە هەیکەلی ئێرانیبووندا و بە مەزهەبی شێعەوە ویستوویانە بەسەر هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیدا بیسەپێنن. سیاسەتێک کە لە لایەک دووپاتکردنەوەی شوێنیزمی پان ئێرانیستی سەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوییە - دیارە بەشێوەیەکی زۆر زبر و ناشیرین - لەلایەکی دیکەش دەربڕی ئەو ڕاستییەیە کە نەتەوە و نەتەوەخوازی تەنیا کاتێک بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی گرینگی هەیە، کە لەخزمەت ئایدۆلۆژیای بناژۆخوازیی ئیسلامی لە مەکتەبی ویلایەتی موتڵەقەی فقیهـ دابێ؛ ئەگینا، ئەوان باوەڕیان بە ئۆمەتی ئیسلامی هەیە و حاشا لە نەتەوە و وڵات و نیشتمانپەروەری دەکەن.

کورد لە وڵاتی ئێران هەم لە بەر کورد بوون و داوای مافی نەتەوایەتی کردنی سەرکوت کراوە و چەوساوەتەوە و، هەم وەک بەشێک لە سوننەمەزەبەکان ستەمی لێکراوە. هەروەها ڕێژیم هەوڵی داوە کەلێن و مەودایەکی زۆر لە نێوان کوردی شیعە و کوردی سوننی لە ئێراندا دروست بکا، بەڵام ئەو سیاسەتەشی شکستی هێناوە و ئێستا دەبینین شوناس و ئینتمای نەتەوەیی لە نێو کوردەکانی خوارووی کوردستان (کوردە شێعەکان) زۆر بەرز بووەتەوە و ئەمەش ڕێژیمی تاساندووە. جگە لەوەش کوردستان لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا هەم وەک ناوچەیەکی ئەمنییەتی سەیر کراوە و هیچ پرۆژەیەکی ئابووریی خوڵقێنەری کار و داهاتی لێ جێبەجێ نەکراوە و هەمیسان لە زۆر بارەوە تاڵان کراوە؛ هەر بۆیەش دەبینین لە لایەک کوردستان دوای پارێزگای بەلووچستان لە باری ئابوورییەوە هەژارترین ناوچەی ئێرانە و لە لایەکی دیکە لە ڕیزی سەرەوەی ڕێژەی بێکاری لە ئێران دایە.

دیاردەی بێکاری، خەڵکی کوردستان و بەتایبەت خەڵکی ناوچە سنوورییەکانی ناچار کردووە بۆ بژێوی ژیان ڕوو لە کاری زۆر پڕ مەترسی وەک کۆڵبەری بکەن و هیچ ئێغراق نییە ئەگەر بڵێین لەماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتداریی ئەو ڕێژیمە دژی گەلییەدا بە هەزاران کەس لە کۆڵبەران و کاسبکاران و خەڵکی ئاسایی کوردستان بەهۆی تەقەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم و هەروەها بەهۆی تەقینەوەی مینە چێندراوەکانی سپای پاسداران کوژراون و بریندار و نقوستان بوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کارنامەی کۆماری ئیسلامی زۆر لەوە ڕەشترە کە باسی لێوە کرا و دەکرێ بە سەدان لاپەڕەی لەسەر بنووسرێ. بەڵام ئەگەر لە ڕستەیەکدا بمانەوێ کۆبەندی بابەتەکە بکەین و کۆتایی بە باسەکە بێنین دەبێ بڵێین چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ گەلی کورد بە واتای چوار دەیە دۆزەخ و نەهامەتی و سەرکوت و کوشتار و دواکەوتوویی بووە و بە دڵنیاییەوە هەتا ئەو ڕێژیمە بمێنێ ئەو دۆزەخ و چارەڕەشییە هەر درێژەی دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٩

## دەسەڵاتی تاج و مەندیل لە قانوونی ئەساسیی ئێراندا



**عومەر باڵەکی**

٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ چل ساڵ بە سەر ڕووخانی نیزامی پاشایەتی و هاتنەسەر دەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامی تێپەڕ دەبێ. چل و یەک ساڵ لەوە پێش گەلانی ئێران بە هیوا مەبەستی دەستەبەری ژیانێکی باشتر و سەردەمیانەتر لە بواری سیاسی و ئابووری و تەنانەت پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا و بە دروشمی نان، مەسکەن، ئازادی و بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی ڕژانە سەر شەقام. ئیرادەی گەلانی ئێران بۆ ئەم ڕاپەڕینە دوای نیزیک بە ساڵێک بەسەر سپای پۆشتەوپەرداخ و دەزگای دڕندەی ئەمنیەتیی ڕێژیمی پاشایەتیدا سەرکەوت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە هەلومەرجی ئەوکاتدا گەلانی ئێران سەرمەستی سەرکەوتن بوون و کەم کەس هەبوو بیر لەوە بکاتەوە کە سیستمی سیاسیی داهاتووی ئێران چۆن دەبێ. لەو هەلومەرجەدا ڕۆحانییەتی شیعە وەک دەورانی شۆڕشی مەشرووتە هاتنەوە مەیدان و سواری هەست و سۆزی خەڵک بوون و سیستمێکیان هێنا کایەوە کە لە بواری ساختارییەوە، هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ ڕێژیمی پێشوو، و تەنیا ناوەکان گۆڕدرابوون و تاج و تەخت جێی خۆی دابوو بە شاقەل و مەندیل و پشتی؛ بەڵام دەسەڵات هەمان دەسەڵات و سەرچاوەی مەشرووعییەتیش هەمان سەرچاوە.

بۆ ڕوونترکردنەوەی ئەو بابەتە پشت بە ئەسڵ و بڕگەکانی موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشرووتە و قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی دەبەستین، چونکە کاتێک ئەو ئەسڵ و بڕگانە لە تەنیشت یەکتر دادەنێین، بەتەواوی بۆمان دەردەکەوێ کە گەلانی ئێران لە ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتیدا نەک قازانجیان نەکردووە بەڵکوو زیانمەند بوون. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە ڕێژیمی پاشایەتی لە کۆماری ئیسلامی باشتر بووە، بەڵکوو بەو مانایە دەسکەوتی گەلانی ئێران نەک بارتەقای ئەو هەموو خوێن و قوربانییە نەبووە کە بۆ ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی

بەراوردێکی خێراش لەنێوان چەند ئەسڵی موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشرووتە و قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی پێمان دەڵێ کە کۆماری ئیسلامی و سیستمی پاشایەتیی ئێران جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، تەنیا ئەوەندە نەبێ شای ئێران وای خۆ نیشان دەدا کە سیستمی سیاسی و بەڕێوەبەریی وڵات لائیکە و دەیهەوێ ئێران بەرەوە دەروازەکانی تەمەدون و پێشکەوتن بەرێ، بەڵام سیستمی کۆماری ئیسلامی و خودی ڕێبەر ئەو تایبەتمەندییەیان تێدا نییە و لە پێناو بەهەشت و بەختەوەریی ئەم دنیا! سەری شەڕیان لەگەڵ هەمووی جیهانی پێشکەوتوو هەیە.

ئەسڵی یەکی موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشرووتە باس لە دین و مەزهەبی ڕەسمی وڵات دەکا کە ئیسلام و مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامییە و، تەئکید دەکا کە دەبێ پاشا هەڵگری ئەو مەزهەبە بێ و لە هەمان کاتدا تێ بکۆشێ بۆ پەرەپێدانی ئەو مەزهەبە.

ئەسڵی ١٢ی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی دەڵێ: «دینی ڕەسمیی ئێران، ئیسلام و مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامییە و بەپێی ئەسڵەکانی ٥ و ١٠٩ و ١١٥ی قانوونی ئەساسی؛ ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و سەرکۆماری ئێران دەبێ هەڵگری ئەو دین و مەزهەبە بن».



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەسڵی دووی موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشرووتە باس لەوە دەکا کە، مەجلیسی شووڕای میللی نابێ قانوونێک پەسند بکا کە لەگەڵ قانوونەکانی دین و مەزهەبی ڕەسمیی وڵات دژایەتی هەبێ و، بۆ ئەوەی چاودێری بەسەر مەجلیسدا بکەن هەر لەو ئەسڵەدا باس لە پێویستیی هەیئەتێکی ٥ کەسی لە زانایانی مەزهەبی شیعە دەکا کە مەجلیس هەڵیان دەبژێرێ و، ڕاستەوخۆ دەبنە ئەندامی ڕەسمیی مەجلیس. هەروەها تەئکید دەکاتەوە لەسەر ئەوە کە هەر قانوونێک لە مەجلیسدا پەسند کرا پێش ئەوەی بکەوێتە خانەی جێبەجێکردنەوە لەسەر سەرۆکی مەجلیس واجبە بدرێ بەو ٥ کەسە بۆ ئەوەی ئەگەر پێچەوانەی دین و مەزهەبی ڕەسمیی وڵات بێ، هەڵوەشێتەوە. تەنانەت بە پێداگرییەوە دەڵێ ئەو ئەسڵە هەتا دەرکەوتنی ئیمامی زەمان وەک خۆی دەمێنێتەوە و هیچ ئاڵوگۆڕێکی بە سەردا نایە. ئەسڵی ٤ی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیش باس لەو هەیئەتە دەکا بەڵام ئەو جار بە شێوە و ڕوخسارێکی دیکە و دەڵێ: «هەموو قانوونەکانی مەدەنی، سزادان، ماڵی، ئابووری، ئیداری، فەرهەنگی، نیزامی و سیاسی دەبێ بەپێی ڕێوشوێنی ئیسلامی بێ و... و دیاریکردنی ئەوە لە ئەستۆی شووڕای نیگەهبانە و هەروەها لە ئەسڵی ٩٣دا دەڵێ مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی بەبێ شۆڕای نیگەهبان ئیعتباری قانوونیی نییە.

ئەسڵی ٣٥ی موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشرووتە باس لە پێگەی پاشا دەکا و دەڵێ: «سەڵتەنەت دیارییەکی خودایە کە لە لایەن میللەتەوە دەدرێ بە پاشا. لە ئەسڵی ٥٦ی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیدا دەڵێ: «حاکمییەتی ڕەها بەسەر جیهان و ئینسان ئی خودایە و هەر ئەوە ئینسانی بەسەر چارەنووسی خۆیدا حاکم کردووە ... میللەت ئەو مافەی خوا پێی داوە لەو ڕێگایانە کە لە ئەسڵەکانی دوایەدا دین بەڕێوەی دەبا».

ئەسڵی ٤٧ لە موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشروتە باس لە دەسەڵاتی پاشا دەکا بۆ بردنە سەرێی پلەوپایەی فەرماندەهانی نیزامیی سپا و دەڵێ: «بەخشینی پلەی نیزامی و نیشان و ئیمتیازاتی ئیفتخاری بە لەبەرچاوگرتنی قانوونی تایبەت بە پاشایە». لە ئەسڵی ١١٠ی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیدا، لە خاڵی ٦دا هاتووە کە دانان و لابردن و قبووڵی دەستلەکارکێشانەوە سەرۆکی ناوەندیی هاوبەشی هێزەچەکدارەکان، فەرماندەی گشتیی سپای پاسداران، فەرماندەکانی بەرزی هێزە نیزامی و ئینتزامییەکان، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ڕێبەر دایە. هەروەها ئەسڵی ٥٠ی موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشرووتەدا باس لەوە دەکا، کە پاشا فەرماندەی هەموو هێزە چەکدارەکانی ویشکایی و دەریاییە و لە قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی، ئەسڵی ١١٠ خاڵی ٤ و ٥دا هاتووە کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، فەرماندەی هەموو هێزە چەکدارەکانە و ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاشتی و ئامادەباشی هێزە چەکدارەکان لە ئەستۆی ڕێبەرە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

***لە موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشرووتە لە ئەسڵی ۲۷دا سیستمی بەڕێوەبەریی وڵات بە سێ بەشدا پۆلین دەکا:***

**١- دەزگای قانووندانان کە تایبەتە بە داڕشتنی قانوون و چاودێری بەسەر بەڕێوەبردنی قانوون کە پێکدێ لە خاوەن شکۆ، شای شاهان و مەجلیسی شۆڕای میللی و مەجلیسی سەنا کە هەر کام لەو سەرچاوانە مافی نووسین و داڕشتنی قانوونیان هەیە؛ بەڵام دەوامی ئەو قانوونە بەستراوەتەوە بەوە کە دژایەتیی نەبێ لەگەڵ پێوانەکانی شەرع و پەسندکراوەکانی مەجلیسەکان و ئیمزای شاهانە.**

**٢- دەزگای دادوەری**

**٣- دەزگای بەڕێوەبەریی وڵات (قوەی مجریە) تایبەت بە پاشایە، بەو مانایە کە قانوونەکان و فەرمانەکان بەهۆی وەزیرەکان و مەئموورینی دەوڵەت بەناوی پاشاوە بەڕێوە دەچن؛ بەو شێوەیە کە قانوون دیاری دەکا. ئەسڵی ٥٧ی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر ئەو بابەتە دەڵێ: «دەزگای بەڕێوەبەریی وڵات پێکهاتوون لە سێ دەزگای قانووندانان (مقننە)، بەڕێوەبەری (مجریە)، دادوەری (قضاییە) کە لە ژێر نەزەری ویلاتی ڕەها و ئیمامی ئۆمەت بە پێی ئوسوولەکانی دوایە ئەو قانوونە بەڕێوە دەچێ. ئەو سێ دەزگایە لە یەکتر جیاوازن و بە شێوەی سەربەخۆ لە یەکتر کار دەکەن.**

**دەبینین هەم لە موتەممەمی قانونی ئەساسیی مەشرووتەدا و هەم لە قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیدا، پاشا یا ڕێبەر بە تەنیا دەتوانن هەم قانووندانەر بن و هەم چاودێری قانوون، ئیمزای پاشا لە سەر هەر بەڵگەیەک حوکمی قانوونی هەبووە و قسە و ئیمزای ئێستای ڕێبەریش دەبێتە حوکمی حکوومەتی.**

**لە سەردەمی حکوومەتی پاشایەتیدا، ئێران خاوەنی پاشایەک بوو کە وەکی باسمان کرد پاشایەتییەکەی دیاریی خودا بوو، کە لەلایەن خەڵکەوە پێی درابوو. لەو سەردەمدا شوعار ئەوە بوو کە شا سێبەری خوایە لە سەر زەوی و، لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا هەتا پەیدابوونی ئیمامی زەمان ڕێبەری جیهانی ئیسلام بە تایبەتی دنیای شیعە لە ئەستۆی ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە و؛ ئەو نوێنەری ئیمامی زەمانە و؛ بە مانایەکی دیکە نوێنەری خوایە لە سەر زەوی.**

**لە سەردەمی حکوومەتی پاشایەتیدا ئێران دوو مەجلیسی هەبوو، مەجلیسی شووڕای میللی و سەنا کە شۆڕای میللی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەزاهیر وەک ئێستای کۆماری ئیسلامی لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردران و مەجلیسی سەنا کە لە ٦٠ کەس پێک هاتبوو. ئەو ٦٠ کەسە ٣٠ کەسیان لە لایەن خودی پاشاوە هەڵدەبژێردران و٣٠ کەسەکەی دیکە لە لایەن خەڵکەوە. لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا دوو مەجلیسی قانووندانان هەیە، مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و شووڕای نیگەهان، کە مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی دوای تێپەڕبوون لە پاڵوێنی شۆڕای نیگەهبان لە لایەن خەڵکەوە دەنگی پێ دەدرێ، بەڵام مەجلیسی شۆڕای نیگەهبان کە لە ١٢ کەس پێک دێ ٦ کەسیان ڕاستەوخۆ لە لایەن ڕێبەرەوە هەڵدەبژێردرێن و ٦ کەسی دیکەش لە لایەن سەرۆکی دەزگای دادی ئێران (کە بۆخۆی هەڵبژاردەی ڕێبەرە.

ئەو چەند خاڵەی سەرەوە پێکگرتنێک بوو لە نێوان دوو قانوونی بنەڕەتیی وڵات کە مەودای سەد ساڵیان جیاوازی هەیە، بەڵام ئەو خوێندنەوە پێمان دەڵێ کە لە دوای ئەوە کە مەزهەبی ڕەسمیی وڵات بوو بە مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی، هەموو کات ڕێبەرانی ئایینیی شیعە هەوڵیان داوە لە لووتکەی دەسەڵاتدا بن و یا دەسەڵات و دەسەڵاتدار لەژێر دەستیاندا بن. بۆیە چ لە سەردەمی شۆڕشی مەشرووتە و چ لە شۆڕشی ساڵی ٥٧دا، ئاخوند و ئایەتوڵڵاکان ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە و، نەیانهێشتووە بەناوی شۆڕش و ئینقلاب و دێموکراسی و مافی خەڵک؛ وڵات و دەسەڵاتیان لە دەست بچێ.

ئەگەر لە سەردەمی نیزامیی پاشایەتیدا، ئێران ببوو بە زیندانی نارازییەکان و فەسادی ئیداری و ماڵی تانوپۆی حکوومەت و بەتایبەتی بنەماڵەی پاشای گرتبوو و، دەزگای ئەمنییەتیی شا (ساواک) ڕۆژانە دەستێوەردانی لە ژیانی خەڵکدا دەکرد و قسەکردن و ڕەخنەگرتن لە سیستمی بەڕێوەبەریی وڵات بقە و قەدەغە بوو؛ ئێستا لە کۆماری ئیسلامیدا گەندەڵی لە نێو دامودەزگای دەوڵەتیدا بەدامەزراوە کراوە و، هەژاری و کەم داهاتی بە ڕادەیەک پەرەی گرتووە کە وەک بۆمبی لێ هاتووە ق، هەر ئان و ساتێک بە ڕووی دەسەڵاتدارانی تاراندا ئەگەری تەقینەوەی هەیە. دەزگا ئەمنیەتییەکانیش بەردەوام نارەزایەتییەکان سەرکوت دەکەن و خەڵک دەخنکێنن. نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕادەی سەرسوڕهێنەر زیادی کردووە و سەرەڕای هەموو ئەوانە و دەیان بابەتی دیکە، سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامی کە هەناردەکردنی شۆڕشە؛ بۆتە بەڵای گیانی گەلانی ئێران. بەکورتی دەتوانین بڵێین بە ڕووخانی نیزامی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری نیزامی کۆماری ئیسلامی لە کۆلکە ڕەویونەوە بە سەر بەرازیدا کەوتوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕەوتی ڕوداوەکان و کاریگەری ئیمام خومەینی لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران ١٩٧٨- ١٩٧٩



نوسینی: ئەرکان ئەحمەد جاف، ماستەر لە مێژوو

## پێشەکی:

شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ بە ڕیبەرایەتی (ئیمام خومەینی)، بووە هۆی ڕوخاندنی سیستمی میراتی بنەماڵەیی پادشایی ٢٥٠٠ ساڵەی ئێران، بەیەکێک لە روداوە گرنگەکانی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو دادەنرێت. محمد ڕەزا شا، دووەم پادشای بنەماڵەی پەهلەوییە کە دوای دورخستنەوەی ڕەزاشای باوکی لە ئێران، لایەن بەریتانیەکانەوە لە ساڵی ١٩٤١، لەتەمەنی ٢٢ ساڵیدا دەبێتە شای ئێران(١)، لەسەرەتادا باسی لەوە دەکرد کە هەڵەکانی باوکی دوبارە ناکاتەوە، هەربۆیە لەسەرەتاکانی فەرمانڕەواییدا، تارادەیەک مەودای ئازادیەکان لە ئێران فراوان دەبێت.

بەڵام دوای ئەنجامدانی کودەتای ١٩ ئابی ١٩٥٣ و کەنار خستنی دوکتۆر محمد مصدق و دروستکردنی کابینەی نوێ بەسەرۆکایەتی فەزلولای زاهیدی و گەڕانەوەی محمد ڕەزا شا بۆ ئێران، هێدی هێدی دەسەڵاتی دیکتاتۆری خۆی جیگیر دەکات. بەمەش زەمینەی هەژاری و ناڕەزایی خەڵک فراوان دەبێت و تا دەگاتە ئەوەی کە لەساڵی ١٩٧٩، کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی بهێنرێت(٢).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەم تویژینەوەیە دا هەوڵ دراوە کە باس لە پێگە و دەسەڵاتی محمد ڕەزاشا لە سەروبەندی ساڵی ١٩٧٨، دواتر فراوان بوونی خۆپیشاندانەکان و توند بوونی ناڕەزایەتیەکان و دەرکەوتن و کاریگەری ئیمام خومەینی لە سەرکردایەتی کردنی شۆڕشی ئێران، تا سەرکەوتنی لە ١١ شوباتی ١٩٧٩، بکرێت. توێژینەوەکە بەگشتی لە پێشەکی و پێنج تەوەر و دەرەنجام پێکهاتووە، کە تیایاندا، باس لە گرنگترین ڕوداوەکان و کاریگەریان لەسەر بەرەوپێشچونی شۆڕش و فراوانبوونی نارەزایەتیەکان کراوە.

دیارترینی ئەو ڕوداوانەش بریتین لە: سەردانی کارتەری سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا بۆ تاران، بڵاوکردنەوەی وتارێکی سوکایەتی ئامێز بە ئێمام خومەینی لە ڕۆژنامەی ئیتلاعات، سوتاندنی سینەما رکس لە ئابادان، بوون بە سەرۆک وەزیرانی شەریف ئیمامی و هەوڵدانی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و نزیک بوونەوە لە پیاوانی ئاینی، کۆچی دوایی مصطفی، کوڕی ئیمام خومەیەنی لە شاری نەجەف و تاوانبارکردنی دەزگای ساواک، ڕوداوی کوشتاری مەیدانی ژاڵە، دەرکردنی ئیمام خومەینی لە عێراق و ڕۆشتنی بۆ فەرەنسا، سەرۆک وەزیرانی شاپور بەختیار و جێهێشتنی ئێران لەلایەن محمد ڕەزاشا، گەڕانەوەی ئیمام خومەینی بۆ ئێران و سەرکەوتنی شۆڕش.

## تەوەری یەکەم:

### حکومەتی شاهنشاهی لە سەروبەندی ساڵی ١٩٧٨ دا.

سەرەڕای هەبوونی ناڕەزایەتی و چەندین خۆپیشاندانی نێوچەیی، بەڵام محمد ڕەزاشای ئێران، لە ڕەوشێکی تاڕادەیەک ئارامدا، پێدەنێتە ساڵی نوێی ١٩٧٨. دەزگا سیخوڕیەکانی ئێران، هەواڵی ئارامی و جێگیری سیاسی ئەو وڵاتەیان بە پادشای وڵات دەگەیاند، بەهیچ شێوەیەک باسکردن لە ڕودانی شۆڕش لەئارادا نەبوو، هیچکەس لە ئێراندا پێشبینی ڕودانی شۆڕشی نەدەکرد، تەنانەت بە وتەی حسین فیردوست: (باسکردنی روخانی شا وەک بەزم و گاڵتەکردن سەیر دەکرا) (٣).

ئەمە لە کاتێکد بوو کە لەساڵی ١٩٧٦، نوسەرێکی جولەکە بە نێوی (پاول ئی. ئێردمان/ Paul E. Erdman) کتێبێک بە زمانی ئینگلیزی، بە ناونیشانی (هەرەسی ١٩٧٩ /// ١٩٧٩ the Crash of) دەنوسێت، تیایدا پێشبینی ڕوخانی شای لە ساڵی ١٩٧٩ کردبوو (٤)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەهەمان کاتیشدا پەیوەندیەکانی ئێران و ئەمریکا لەوپەڕی باشیدا بوو، تەنانەت شەش هەفتە دوای سەردانی شای ئێران بۆ ئەمریکا، جیمی کارتەری سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا، کە تەنها لەماوەی سەڵتەنەتی محمد ڕەزاشا دا، کارتەر هەشتەمین سەرۆکی ئەمریکا بوو ئەو پۆستەی وەرگرتبوو، لە سەفەرێکدا بۆ چەند وڵاتێکی ئەوروپی، لە ٣١ - ١٢ - ١٩٧٧ خۆی دەگەیەنێتە تاران و بۆ شەوی گۆڕینی ساڵ، دەبێتە میوانی شای ئێران(٥).

کارتەر لە کۆشکی نیاوەران لەشاری تاران پێشوازی لێدەکرێت و لەیەکەم وتاریدا بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێی ١٩٧٨، ڕو لەشای ئێران دەکات و دەڵێت: (..... بە هۆی لێهاتویی و فەرمانڕەوایی بێوێنەیی شاهنشا، ئێران بووەتە دورگەیەکی ئارام لە نێو شڵەژاوترین ناوچەی دونیا، خاوەن شکۆ، ئەمەش بەهۆی (کاریزمایی) جەنابتان و ئەو ڕێزوخۆشەویستیەی جەنابتانە کە لە نێو گەلەکەت هەتانە...) (٦). بەڵام زۆرناخایەنێت کە نارەزاییەکان بە توندی سەرهەڵدەدەن و شەقام و زانکۆ و بازاڕ و ناوەندە ئایینیەکان دەبنە مەیدانی ململانێکان و ئەمەش بەردەوام دەبێت تا کۆتایی هێنان بە سیستمی میرایەتی پاشایەتی لە ئێران.

## تەوەری دووەم:

### *کاردانەوەکان بەرامبەر دەرکەوتنی ئایەتوڵا خومەینی وەک ڕێبەری شۆڕش و وەرگرتنی نازناوی ئیمام.*

خومەینی، ناوی (روح الله)یە و لە بنەماڵەیەکی ساداتی ئاینی خوراسانە و باپیرەگەورەی (دین علی شا) کۆچی کردووە بۆ کشمیر و هیند و باپیری بە (سەید ئەحمەد هیندی) ناوبانگی دەرکردووە، دوای تەواوکردنی خوێندنی ئاینی لە نەجەف، وەک مامۆستا دەچێتە ناوچەی (خومەین) لە ئێران و لەوێ هاوسەرگیری دەکات و دوای سێ کچ، کوڕێکی بە نێوی (مصطفی) لەدایک دەبێت و دواتر نازناوی (خومەینی) وەردەگرێت(٧).

روح الله، لە ٢٠ جەمادی دوەمی ١٣٢٠ کۆچی دێتە دونیا و بچوکترین منداڵی مصطفی دەبێت و کاتێک تەمەنی ٤ مانگ و ٢٢ رۆژ دەبێت، باوکی کۆچی دوایی دەکات(٨). دواتر دەخرێتە بەرخویندنی ئاینی و دوای تەواو کردنیشی لە حەوزەی ئایینی شاری قوم دەبێتە مامۆستاو وەک پیاوێکی ئاینی ناوبانگ دەردەکات(٩)، لەوماوەیەدا بەهۆی دەربڕینی نارەزایەتی و ڕەخنە گرتن لە کارەکانی حکومەت و شای ئێران، چەندجارێک دەستگیر دەکرێت، سەرەنجام حکومەت سزای دورخستنەوەی بەسەردا جێبەجێدەکات و لە ٤ نوامبەر ١٩٦٤ (١٣ ئابان ١٣٤٣) جارێکی دیکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستگیر دەکرێت و ڕاستەوخۆ دەگوێزرێتەوە بۆ فڕۆکەخانەی میهراباد و لەوەێوە ڕەوانەی وڵاتی تورکیا دەکرێت(١٠).

پاش ماوەیەک مانەوەی لە تورکیا، بەچەند مەبەست و هۆکارێک ڕەوانەی شاری نەجەف دەکرێت(١١) کە دیارترینیان بریتین لە: دابڕینی ئیمام خومەینی لە خەڵکی ئێران و سەرقاڵ کردنی بە کاروباری ئایینی وونکردنی لە نێو پیاوانی ئایینی دیاری عەرەب زمانی شیعە لەنەجەف، نەبوونی ئازادی و بەرتەسکی چالاکی سیاسی لە عێراق، بارودۆخی مەزهەبی نەجەف کە پیاوانی ئاینی ئەو حەوزەیە بڕوایان بە جیاکردنەوەی دین لە سیایەت هەبوو، فەرمانڕەوای سونە و لاوازی پێگەی شیعە لەعێراق(١٢). بەڵام ئەم بۆچوونانە پێچەوانە دەبێتەوە و لەوێ دەست بە وانە وتنەوە دەکاتەوە و تیۆریای حکومەتی ئیسلامی (ویلایەتی ڕەهای فقیە) گەڵاڵە دەکات(١٣)، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی سەڵتەنەتی بە ناشەرعی و خۆسەپێن دادەنێت(١٤)، ئیدی لەوکاتە بەدواوە وتارەکانی بەشێوەی دەنگی دەگیردرێن و بە کاسێت دەبرێنەوە ئێران و بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی مەزهەبی ئێرانی دروستدەکەن(١٥)، هەربۆیە نەوشیروان مصطفی لەیاداشتەکانیدا، بە (شۆڕش بەهۆی شریتەوە) باسی لێوە دەکات(١٦).

لەڕاستیدا مردنی لەناکاو و گوماناوی (مصطفی خومەینی) کوڕی ئیمام خومەینی لە ٢٣ - ١٠ - ١٩٧٧ (١ئابان ١٣٥٦) لەشاری نەجەف(١٧)، کە خەڵکی دەزگای (ساواک)یان بە بکوژ دەزانی، خاڵی وەرچەرخانی توندبوونی ناڕەزایەتیەکان و بەهێزبوونی پێگەو ناوبانگی ئیمام خومەینی بوو، هەربۆیە لەڕۆژی بەخاک سپاردنیدا لە شاری نەجەف، لە زۆربەی شارەکانی ئێران خۆپیشاندان ئەنجام دەدرێت و توندوتیژی فراوانی لێدەکەوێتەوە(١٨) و ٧٠ کەس لە خۆپیشاندەران دەکوژرێن و هەر لەو ڕۆژەدا ئەوانیش لە ئێران ئەسپەردەی خاک دەکرێن(١٩).

خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکان لە ئێران بە تەواوی فراوان دەبن و لەزۆربەی شارەکان پرسەی بۆ دادەنرێت و خەڵکێکی زۆر بەشداری دەکەن و ئەمەش نیگەرانی حکومەتی لێدەکەوێتەوە و لە ڕێگەی ساواک و دەزگا و هێزەکانی شارەوانیەوە هێرش دەکرێتە سەر پرسەگێران و بڵاوەیان پێدەکرێت و پرسەکان دادەخەن(٢٠). یەکێک لە دیاترین پرسەکان لە شاری تاران لە مزگەوتی ئەرەک لە ٣٠ - ١٠ - ١٩٧٧ (٨ ئابان ١٣٥٦) دەبێت، کە تیایدا حسن ڕوحانی (سەرۆک وەزیرانی ئێستای ئێران) وتارێکی توند پێشکەش دەکات(٢١)، بۆ یەکەم جار وشەی ئیمام بۆ (ڕوح الله خومەینی) بەکار دەهێنێت و لەوکاتەوە نازناوی (ئیمام)(*) ی پێدەدرێت و بەتەواویی لە نێوخۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێران و بگرە دونیاش، وەک ڕێبەری ناڕازی و خۆپیشاندەرانی دژە حکومەت و شا، دەناسرێت(٢٢).

هەربۆیە حکومەتی ئێران بەردەوام هەوڵی شکاندنی شکۆی ئیمام خومەینی دەدا، بۆ ئەو مەبەستەش لەڕێگەی دەستەودایرەکەی خۆیەوە، وتارێک بە ناوی خوازراوی (احمد رشیدی مطلق) و بەناونیشانی (ایران و استعمار سرخ و سیا(**) - ئێران و داگیرگەری سور و ڕەش) لە ڕۆژنامەی (اطلاعات)، ژمارە (١٥٥٠٦)ی ڕۆژی ٧ - ١ - ١٩٧٨ (١٧ دی ١٣٥٦)، بڵاودەکاتەوە، کە سەراپا جوێن بوو بە ئیمام خومەینی و بزوتنەوەی مەزهەبی، کە تیایدا لەگەڵ ئەوەی ئیمام خومەینی بە کەسێکی هیندی و بێگانە بەئێران دەزانی، بە خیانەتکار و داردەستی بێگانەش باسیکردبوو(٢٣). ئەمەش دەبێتە هۆی خۆپیشاندان و نارەزایەتی فراوان و دوو ڕۆژ دواتر بازاڕ و دوکانەکان دادەخرێن و لەشاری قوم خۆپیشاندانی فراوان ئەنجام دەدرێت و ژمارەیەکی زۆری خۆپیشاندران دەستگیر و دەکوژرێن(٢٤)، خۆپیشاندەران هێرش دەکەنە سەر نوسینگەکانی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە شاری قوم و شارەکانی دیکە و لە هەندێک شاریش نوسینگەکان دەسوتێنن(٢٥). هەربۆیە هەندێک کەس بڵاو بوونەوەی ئەم وتارە بە یەکەم تروسکایی شۆڕشی ئیسلامی ناو دەبەن(٢٦).

بەهۆی کوشتاری شاری قوم، ئیمام خومەینی لە شاری نەجەف بەیاننامەیەک بڵاودەکاتەوە و بەخێرایی لە تەواوی شارەکانی ئێراندا بڵاودەکرێتەوە و تیایدا شای ئێرانی بە (شازادەی بێ ئەقل، ناپیاو و ناپاک، یاخی، پیس، گڵاو...) ناودەبات و داوا لە خەڵکی ئێران و پیاوانی ئاینی دەکات بێدەنگ نەبن و مژدەی کۆتایی هاتنی بنەماڵەی پەهلەوی بۆ خەڵکی ئێران ڕادەگەیەنێت(٢٧). هەرچەند ساواک لە ڕاپۆرتێکیدا بۆ شا، ژمارەی خوێندکارانی خوێندنگە ئاینیەکان بە ٣٥٠ هەزار کەس مەزەندە دەکات و تیایدا باس هەژمونی فراوانی ئایەتوڵا خومەینی لە نێو دەزگا دینیەکاندا دەکات، بەڵام محمد ڕەزاشا هیچ نرخێک بۆ هەژمونی پیاوانی ئاینی دانانێت و بەبێ باکانە لە نارەزاییەکانی دەڕوانی(٢٨).

رۆژی ١٩ شوبات ١٩٧٨ (٢٩ بەهمەن ١٣٥٦)، بە بۆنەی یادی چلەی خۆپیشاندان و کوژراوانی شاری قوم، دیارترینی پیاوانی ئاینی وەک: گوڵپایگانی، مەرعەشی نەجەفی، شەریعەتمەداری، کە لە پلەی ئایەتوڵا و مەرجەعی تەقلید (فقیه) بوون، بەیاننامەیەک بڵاودەکەنەوە و داوای ڕاگەیاندنی پرسە و مانگرتنی سەرتاسەری دەکەن(٢٩).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە شاری تەبریز کە زادگای خودی شەریعەتمەداری بوو(٣٠)، خۆپیشاندانی بەرفراوان ڕێکدەخرێت و پەیکەری شا دەشکێنن و چەندین دوکانی مەشروب فرۆشی و سینەما دەسوتێنن(٣١)، تەنانەت دەست بەسەر بارەگای سەرەکی حیزبی (ڕستاخیز) و چەندین هوتێل و دامودەزگای حکومی و بنکەی پۆلیس و چەند بانکێک دەگرن و خۆپیشاندانەکە توندوتیژی لێدەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی کوژران و بریندار بوونی چەندین کەس(٣٢). دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڕوداوەکە، ئیمام خومەینی بەیاننامەیەک بڵاودەکاتەوە و تیایدا، سەرەڕای هاندانی زیاتری خەڵک بۆ بەردەوامی و فراوانکردانی ناڕەزایەتیەکان، پرسەو سەرەخۆشی ئاڕاستەی کەس و کاری کوژراو و بریندارەکان دەکات و لەبەشێکی بەیاننامەکەیدا دەڵێت: (محمدڕەزای پەهلەوی و باوکی ڕورەشی، ڕوی تەواوی فەرمانڕەوا سەرکوتکارەکانیان سپی کردووە) (٣٣). بەمەش ناڕەزایەتیەکان فراوانتر دەبن و تەواوی شارەگەورەکانی دیکەی ئێران دەگرێتەوە.

## تەوەری سێیەم:

### *سوتاندنی سینەما (رکس)ی ئابادان و فراونبونی ناڕەزایەتیەکان(٢٨ مرداد ١٣٥٧ - ١٩ ئابی ١٩٧٨).*

بەهاتنی نەورۆزی ساڵی ١٩٧٨ کە هاوکات بوو بە سەرەتای ساڵی نوێی کۆچی هەتاوی لەئێران (١ - ١- ١٣٥٧)، ناڕەزایەتیەکان تا دەهات فراوانتر دەبوون، محمد ڕەزاشا هەوڵی دەدا لە ڕێگەی گۆڕینی هەندێک لە بەرپرسەکان و تەنانەت خودی سەرۆک وەزیران و پێکهێنانی کابینەی نوێ، مەودای ناڕەزایەتیەکان کەم بکاتەوە و سەرەنجام کۆنترۆڵی بکات، هەربۆیە لە ١٩ - ٧ - ١٩٧٨ (٢٨ تیر ١٣٥٧) نەصیری سەرۆکی دەزگای ساواک لەکار دەخات و جێگرەکەی (ناصر مقدم) لە شوێنی دادەنێت(٣٤). لەلایەکی دیکەشەوە، پێشتر لە ٧ - ٨ - ١٩٧٧ (١٦موارداد ١٣٥٦) یش ئەمیرعەباسی هوەیدا کە نزیکەی سیانزە ساڵ پۆستی سەرۆک وەزیرانی لە ئەستۆ بوو، ناچار دەکات دەستلەکار بکێشێتەوە(٣٥) و لەهەمان ڕۆژیش جەمشید ئاموزگار سکرتێری حیزبی (ڕەستاخیز) ڕادەسپێرێت کە کابینەی نوێ پێکبهێنێت(٣٦).

ئەمەلەکاتێکدا بوو کە گۆڤاری (اخبار)ی ئەمریکی لە ژمارەی ڕۆژی ٢٦ - ٦ - ١٩٧٨ (٥ تیر ١٣٥٧)، چاوپێکەوتنێکی شای ئێرانی بە ناونیشانی (کەس ناتوانێت من سەرنگون بکات، من هێزم هەیە) بڵاو کردبوویەوە کە تیایدا شای ئێران دەبێژێت: (... کەس ناتوانێت من سەرنگون بکات، من خاوەنی پشتیوانی هیزێکی ٧٠٠ هەزار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەکدار و ژمارەیەکی زۆر کرێکارم،... من هێزم هەیە و نەیارەکانم هەرگیز ناتوانن ڕوبەڕوی هێزەکەی من ببنەوە) (٣٧).

ناڕەزایەتیەکان لە ئابی ١٩٧٨ کە هاوکات بوو بە مانگی ڕەمەزان، فراوان دەبن و خۆپیشاندەران سەر هەڵدەدەنەوە و لەشاری ئەسفەهان توندو تیژی لێدەکەوێتەوە و چەندین هوتێل و سینەما و بانک و دامودەزگای حکومی دەسوتێنرێن و دەبێتە هۆی کوژران و بریندار بوونی ژمارەیەک خۆپیشاندەر(٣٨). ئەمەش بە هەڵوێستی توندی ئیمام خومەنی ڕوبەڕو دەبێتەوە و لە بەیاننامەیەکیدا، ئەو کارەی حکومەت ئیدانە دەکات و ڕایدەگەیەنێت: (... تا حکومەتی ئەم ستەمکارە (محمد ڕەزاشا) بەردەوام بێت، کارەسات دوای کارەسات، موصیبەت دوای موصیبەت، ڕوداو دوای ڕوداو بەردەوام دەبێت)( ٣٩).

ئاموزگار لە ١٦ ئابی ١٩٧٨ لە چەندین شار حکومی سەربازی ڕادەگەیەنێت و بەمەش خۆپیشاندانەکان فراوان دەبن و پێکدادانی توند لەنێوان خۆپیشاندەران و هێزە چەکدارەکان و ڕودەدات و لە ١٩ ئاب بەسوتاندنی سینەما ڕکس لە شاری ئابادان، کارەساتی لێدەکەوێتەوە و تیایدا ژمارەیەک خەڵک دەسوتێن و گیان لەدەست دەدەن(***). هەرچەندە حکومەت هەوڵی زۆریدا ئەم ڕوداوە بخاتە ئەستۆی پیاوانی ئایینی، بەلاّم سەرکەوتوو نابێت(٤٠)، بەڵکو لە بەرامبەردا خەڵک دەزگای سیخوڕی ساواکی ئێرانی بە سوتاندنی سینەماکە تاوانبار دەکەن و کارەساتەکە دەخەنە ئەستۆی حکومەت(٤١). بۆڕۆژی دواتر بەشدار بووانی مەراسیمی بەخاکسپاردنی کوژراوەکان، خۆپیشاندانی بەرفراوان ئەنجام دەدرێت و بە ئاشکرا چەندین دروشمی دژی شا، وەک (مردن بۆ شا، شا دەبێت بڕوات) دەڵێنەوە(٤٢)، ئەم ڕوداوەش دەبێتە هۆی فراوانبوونی ناڕەزایەتیەکان و شا بە ناچاری لە ٢٧ ئابی ١٩٧٨ (٥ شەهریوەر ١٣٥٧)، دەستلەکار کێشانەوەی ئاموزگار لە پۆستی سەرۆک وەزیرانی و سکرتێری حیزبی ڕەستاخیز پەسەند دەکات(٤٣).

## تەوەری چوارەم:

### *کابینەی شەریف ئیمامی و ئاڵۆز بوونی ڕوداوەکان دوای (٢٧ اوت ١٩٧٨ - ٥ شەهریوەر ١٣٥٧).*

دوای ڕوداوی سوتاندنی سینەما ڕکسی ئابادان و توند بوونی ناڕەزایەتیەکان، محمد ڕەزا شا بەمەبەستی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێورکردنەوەی بارودۆخەکە، نامەی دەستلەکار کێشانەوەی (ئاموزگار) پەسەند دەکات و بەفشاری ئەمریکا لە ٢٧ ئابی ١٩٧٨ (٥ شەهریوەر١٣٥٧) جەعفەر شەریف ئیمامی ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ(٤٤)، ئیمامی بە مەبەستی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە، دروشمی کابینەکەی بە (ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی) ڕادەگەیەنێت و بەڵێنی جێبەجێکردنی دەستور و بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی و ڕێزگرتن لە دروشمە ئاینیەکان دەدات(٤٥).

لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی نزیک بوونەوە لە پیاوانی ئایینی دەدات و بەمەبەستی ڕازی کردنیشیان، چەند کارێک ئەنجام دەدات، وەک: گۆڕینی ڕۆژ ژمێری ئێران لە شاهنشایی بۆ کۆچی هەتاوی، داخستنی چەندین گازینۆ و قومارخانەکان(٤٦)، لابردنی وەزارەتی کاروباری ژنان و دامەزراندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی(٤٧)، ئازادکردنی گیراوە مەزهەبیەکان، بڕینی هاوکاریەکانی حیزبی ڕەستاخیز، لەگەڵ ئەوەشدا داوای لە هەندێک لە ئەندامانی بنەماڵەی سەڵتەنەتی کرد کە بۆ ماوەیەک ئێران بە جێبهێڵن...هتد(٤٨)، تەنانەت ئامادەیی خۆی و حکومەتی بۆ گەڕاندنەوەی ئیمام خومەینی بۆ ئێران و پێشوازی لێکردنی دەردەبڕێت(٤٩).

هەربۆیە فەرەح پەهلەوی شاژنی ئێران، ئەم هەنگاوانەی حکومەت بە یەکەم پاشەکشەی ڕژێمی پاشایەتی لەبەرامبەر ڕادیکاڵی ئیسلامی لە قەڵەم دەدات(٥٠).
لەگەڵ ئەوەشدا بەمەبەستی گفتوگۆ لەگەڵ ئیمام خومەینی، دەستەیەک دەنێرێت بۆ شاری نەجەف و لەو ڕۆژانەدا ڕۆژنامەکانی ئیتلاعات و کەیهان دوای چەندین ساڵ، وێنەی ئیمام خومەینی لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەیان چاپ دەکەن و تیراژی ملیۆنی لێ بڵاو دەکەنەوە و تیایدا باس لە ڕۆشتنی ئەو دەستەیە بۆ شاری نەجەف دەکەن(٥١). بەڵام ئیمام خومەینی گەڕانەوە بۆ ئێران ڕەت دەکاتەوە و ئەمە بە فێڵی شەیتانیی محمدڕەزاشا ناودەبات و لە بەیاننامەیەکدا داوا لە گەلانی ئێران دەکات کە بەردەوام بن لە نارەزایەتیەکان(٥٢). هەربۆیە سەرەڕای هەڵنەوەشاندنەوە و بەردەوای باری نائاسایی، بەڵام ناڕەزایی و خۆپیشاندانەکانی خەڵک لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران بەردەوام دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا، ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە ڕۆژی ٢ ئەیلول ١٩٧٨، بەمەبەستی ئەنجامدانی نوێژی جەژنی ڕەمەزان(٥٣) بە ئیمامەتی دوکتۆر موفەتیح لە شاری تاران کۆدەبنەوە و دواتر خۆپیشاندان ئەنجامدەدەن و تا ڕۆژی ٧ ئەیلول ١٩٧٨ بەردەوام دەبێت. بڕیار دەدرێت کە بەیانی ڕۆژی دواتر کە هاوکات دەبێت بە ڕۆژی هەینی، لە مەیدانی ژاڵە کۆببنەوە و خۆپیشاندانی بەرفراوان ئەنجام بدرێت، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە شەریف ئیمامی باری نائاسایی و هەموجۆرە کۆبوونەوەیک لەتاران و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەهەمان کاتیشدا حکومەتی سەربازی لە تاران و چەند شارێکی دیکە ڕاگەیاندبوو، بەڵام خەڵک بەبێ گوێدانە هۆشداریەکانی حکومەت، خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن و هێزی چەکداریش لە مەیدانی ژاڵە ئامادە دەبێت و توندوتیژی لێدەکەوێتەوە(٥٤) و نزیکەی ٣ تا ٥ هەزار کەس دەکوژرێن(٥٥). یان بە وتەی ڕۆژنامەنوسێکی ئەوروپی کە دەنوسێت: (لەو ڕۆژەدا هەلیکۆپتەرەکان لەدوای خۆیان کێوێک تەرمیان بەجێهێشت) (٥٦). بۆیە لەدوای وتارەکەی ڕەشیدی مطلق، ئەم ڕوداوە بە دووەم زەنگی پڕمەترسی بۆ شا و سەڵتەنەتی شاهنشاهی دێتە هەژمار، تەنانەت باس لەوەدەکرێت کە ئیدی دوای ئەو دو ڕوداوە، خەندە و خۆشی لە ڕوخساری شا نەدەبینرا(٥٧).

ئەمەلە کاتێکدایە کە فەیلەسوفی فەڕەنسی (میشێل فۆکۆ) کە ئەوکات لە ئێران بووە و کاری بۆ ڕۆژنامەیەکی ئیتاڵی کردووە، باس لەوە دەکات کە ئەو ڕۆژە نزیکەی (٤٠٠٠) کەس کوژراون، بەڵام حکومەت ناوی ٨٧ کوژراوی لە تەواوی شاردا نوسیوە(٥٨). لەگەڵ ئەوەشدا لایەنگران و کاربەدەستانی حکومەت ژمارەی قوربانیەکان زۆر لەوە بە کەمتر دەزانن و لەوبارەیەوە، ئەردەشێری زاهیدی کە ماوەیەک وەزیری دەرەوەی ئێرانی شاهنشایی و دواتر باڵوێزی ئێران لە ئەمریکا و لەهەمان کاتدا زاوای شا بووە، لە یاداشتەکانیدا باس لەوە دەکات کە ئەم کوشتارە دەرەنجامی بڕیاری هەڵەی حکومەت بووە و تیایدا ١٣٠ کەس کوژراوە(٥٩). وەهەروەها ئەشرەفی خوشکی شا لەیاداشتەکانیدا باس لە کوشتنی ٨٥ کوژراو و ٢٠٠ برینداردەکات(٦٠)، هەرچۆنێک بێت، ژمارەیەکی زۆر خۆپیشاندەر دەکوژرێن وبریندار دەبن و لەو کاتە بەداواوە و لەمێژوی ئێراندا ئەڕۆژە بە هەینی ڕەش دەناسرێت(٦١).

ئەم ڕوداوە بە هەڵوێستی توندی ئیمام خومەینی ڕوبەڕوو دەبێتەوە و لە بەیاننامەیەکدا تەواوی ڕوداوەکە دەخاتە ئەستۆی شا و داوا لە خەڵک دەکات کە ناڕەزایەتیەکانیان بەردەوام بن و لەهەمان کاتیشدا داوا لە تەواوی پیاوانی ئایینی دەکات کە ببنە پێشەنگی خەڵک و ڕێبەری و ڕینوێنی بزوتنەوەی ناڕەزایی خەڵک بکەن(٦٢).

دوای ڕودانی کوشتاری هەینی ڕەش و بەیاننامەی ئیمام خومەینی، خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکان تەواوی شارەکانی ئێران دەگرێتەوە و کرێکارانی کارگە و پاڵاوگە و بەندەرەکان ماندەگرن(٦٣) و بەرهەم و پاڵاوتنی نەوت بەتەواوی کەمدەکات(٦٤). بەڕادەیەک کە بەرهەمی نەوت لە پێنج ملیۆن و نیو بەرمیلی ڕۆژانە کەمدەکات بۆ ١٠٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەزار بەرمیلی ڕۆژانە و بەتەواوی ئابوری ئێران ئیفلیج دەبێت(٦٥).

دوای ئەوەی شەریف ئیمامی و شای ئێران لە ڕێکەوتن لەگەڵ خومەینی شکست دێنن و پەی بەوە دەبەن کە ناتوانن کاریگەری وتار و بەیاننامەکانی کەم بکەنەوە، بۆیە هەوڵدەدەن کە لە سنورەکانی ئێران دوری بخەنەوە(٦٦) بۆ ئەو مەبەستەش باڵوێزی ئێران لە عێراق داوا لە دەوڵەتی عێراق دەکات کە یان ئیمام خومەینی بێدەنگ بکەن، یان لە وڵاتەکەیان دەری بکەن(٦٧). بۆیە خودی ئیمام خومەینی دەڵێت: (لەنێوان بێدەنگ بوون و هیجرەت کردندا، هیجرەتم هەڵبژارد) (٦٨).

سەرەتا بریار وایە کە ئیمام خومەینی لەڕێگەی وڵاتی (کوێت)ەوە بڕوات بۆ سوریا(٦٩)، بەڵام دوای ئەوەی کە لەسەر سنوری کوێت ڕێگەی پێنادەن، دواجار بڕیاری ڕۆشتن بۆ فەرەنسا دەدات(٧٠) و سەرەنجام لە پێش نیوەڕۆی ٦ - ١٠ - ١٩٧٨ (١٥ مهر ١٣٥٧) بەفڕۆکەیەکی عێراقی سەفەری وڵاتی فەرەنسا دەکات(٧١) و هەریەک لە سەید ئەحمەدی کوڕی، د. ئیبراهیم یەزدی، فیردەوسی پور و ئیملائی هاوڕێیەتی دەکەن(٧٢) و دواتر لە ناوچەیەکی نزیک پاریس بەناوی (نوفل لوشاتو) نیشتەجێ دەبێت(٧٣).
شیاوی باسە کە حکومەتی فەرەنسا لەسەر داوای شا و حکومەتی ئێران ڕازی بە وەرگرتنی ئیمام خومەینی دەبێت، ئەم داوایەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە شای ئێران پێی وابوو ئیمام خومەینی لە ئەوروپادا ون دەبێت و ئیدی بە هیچ شێوەیەک دەنگی بە ئێران ناگات و بەهاوکاری ئەمریکا دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت(٧٤). بەڵام ئەمە پێچەوانەی بۆچوونەکانی شا و بەرپرسانی ئێرانی دەبێت و لەبەرژەوەندی ئیمام خومەینی کۆتایی دێت(٧٥)، بەڕادەیەک کە وەک چۆن ئەشرەف پەهلەوی دەڵێت: (بازاری وتاردانی دژی شا گەرمتر بوو)( ٧٦) ، هەرچەندە دواتر ئەمریکا لە ڕێگەی فەڕەنساوە هەوڵی زۆر دەدات تا ئیمام خومەینی لەبەرامبەر کابینەکەی بەختیار بێدەنگ بکەن، بەڵام سەرکەوتوو نابن(٧٧). هەربۆیە فەڕەنسا دەبێت بە ناوەندی ڕیبەری کردنی ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئێران(٧٨).

پیتەر گالبرایت لەو باوەڕەدایە کە ئیمام خومەینی لەو شوێنە دورەوە لە فەرەنسا، بەشێوەیەک ڕێبەرایەتی نارەزایەتیەکانی دژی شای لە ئێران دەکرد، کە هەرگیز لە دەوڵەتێکی پۆلیسی وەکو عێراقدا توانای ئەو کارەی نەدەبوو(٧٩). هەروەها محمد حسنین هەیکەل باس لەوەدەکات کە کاتێ ئیمام خومەینی لە نوفل لوشاتو بووە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆربەی کاتەکانی لەبەردەم کامێراکاندا بووە و ڕۆژانە ٤ یا ٥ چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی هەبووە(٨٠).

بەگشتی ئیمام خومەینی لە ماوەی ١١٨ ڕۆژ کە لە فەرەنسا نیشتەجێ بوو، بەردەوام سەرقاڵی ئەنجامدانی چالاکی دژی شا بوو کە بریتی بوون لە ٤٠ پەیام و ڕاگەیەندراو، ٦٥ وتار، ٢٧ نامە، ١١٧ چاوپێکەوتن(٨١)، کە کۆتایی تەواوی چاوپێکەوتنەکانیشی دەیوت: (شا دەبێت بڕوات!!!) (٨٢).

خاڵی وەرچەرخان لە بزوتنەوەی دژی شا و بەهێزبوونی بەرەی نارەزایەتیەکان، بریتی بوو لە ڕێکەوتنی جەبهەی میلی و ئیمام خومەینی، ئەوەش لە دوای ئەوە هات کە دوکتۆر کەریمی سەنجابی ڕیبەری باڵای جەبهەی میلی، دوای مانگێک لە گەیشتنی ئیمام خومەینی بۆ فەرەنسا، لە ٥ - ١١ - ١٩٧٨ (١٤ ئابان ١٣٥٧) سەردانی دەکات و ڕێکەوتنێکی سێ مادەیی لەگەڵ واژۆ دەکات کە تیایدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەسەڵاتی شاهنشاهی لە ئێران دەسەڵاتێکی ناشەرعیە و نابێت هیچ لایەکیان حکومەتی لەگەڵ پێک بهێنن(٨٣)، لەهەمان کاتیشدا لەسەر حکومەتی دوای شا ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە حکومەتیکی نیشتیمانی لەسەر بنەمای پێوەرە ئیسلامی و دیموکراسی و سەربەخۆ لە ڕێگەی دەنگدانی گشتیەوە پێک بهێنن(٨٤).
ئەم ڕێکەوتنە بە گورزێکی کوشندە دادەنرێت کە بەر حکومەتی شای ئێران دەکەوێت، هەربۆیە دوای بێئومێد بوون لە شەریف ئیمامی لە چارەسەر کردنی کێشەکانی ئێران، لەدوای ٦٨ ڕۆژ ئیمامی ناچار بە دەستلەکار کێشانەوە دەکات و حکومەتێکی سەربازی بەسەرۆکایەتی جەنەراڵ غولام ڕەزا ئێزهاری لە ٦ - ١١ - ١٩٧٨ (١٥ ابان ١٣٥٧) پێک دەهێنێت(٨٥).

## تەوەری پێنجەم:

### حکومەتی بەختیار و سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە (١١ شوباتی ١٩٧٩ - ٢٢ بەهمەن ١٣٥٧)

دوای نائومێد بوونی محمد رەزا شا لە ئیمامی و دامەزراندنی کابینەی سەربازی لەلایەن جەنەرال ئێزهاری، لەهەمان ڕۆژدا شا لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە وتارێک پێشکەش دەکات و دان بە هەڵەکانی ڕابردوی خۆی و ئیدارەدانی وڵاتدا دەنێت وسوێند دەخوات کە ئیدی هەڵەکانی ڕابردوو دوبارە نەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پشتگیری خۆی بۆ خۆپیشاندەران ڕادەگەیەنێت و باس لەوە دەکات کە پەیامی شۆڕش و نارەزاییەکانی ئەوانی بیستووە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵێنی چاکسازی ڕیشەیی و لەڕیشە دەرهێنانی گەندەڵی و گەندەڵکاران دەدات(٨٦). لەبەرامبەریشدا ئیمام خومەینی ڕایدەگەیەنێت کە ئەگەر شای ئێران پەیامی خۆپیشاندەرانی بیستووە، ئەوا پێویستە بەزوترین دەست لەکار بکێشێتەوە و بڕواتە بەردەم دادگایەکی ئیسلامی، لەگەڵ ئەوەشدا هوشداری بە هەمو لایەنەکان دەدات کە کەس بەشداری کابینەی ئیزهاری نەکات و بەشدار بووان بە خیانەتکار و دوژمنی گەل ناودەبات(٨٧). زۆری پێناچێت کە ئیزهاری تەندروستی تێکدەچێت و دوچاری جەڵدە دەبێت(٨٨). هەرچەندە فیردوستی بەرپرسی باڵای ساواک، ئەم نەخۆشیە بە فێڵی خودی ئیزهاری دەزانێت و پێی وایە بەمەبەستی خۆ دەربازکردن خۆی نەخۆش خستووە(٨٩).

ئیدی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕەوشی شارەکانی ئێران بەتەواوی ڕولە توندبوون دەکات و خۆپیشاندانەکان و مانگرتنەکان فراوانتر دەبن و فەرمانبەرانی وەزارەتەکان و کارمەندانی حکومی ماندەگرن، کۆمپانیای فڕۆکەوانی نیشتیمانی سەفەرکانی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە، دوکان و بانک و زۆربەی ڕۆژنامەکان دادەخرێن و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتی سەربازیەوە بەڕیوە دەبرێت(٩٠)، مانگرتنی کرێکارانی نەوت دەگاتە ڕادەیەک کە هەناردەی نەوت ڕابگیرێت(٩١).

ئیمام خومەینی بەیاننامەی دژی حکومەتی سەربازی دەردەکات و دژایەتی خۆی بۆ حکومەت ڕادەگەیەنیت و لە بەیاننامەیەکی دیکەی لە ١٥ - ١١ - ١٩٧٨ (٢٤ ئابان ١٣٥٧)، مانگرتنی فەرمانبەرانی کۆمپانیای نەوت بەرز دەنرخینێت و هوشداریش دەداتە ئەمریکا کە فشارەکانی بێ ئەنجام دەبێت، هەروەها داواش لە ئەمریکا دەکات کە چیدی پشتی شا نەگرێت(٩٢). لەگەڵ ئەوەشدا، لە ٢٩ - ١٢ - ١٩٧٨ (٨ دی ١٣٥٧) جارێکی دیکە فەرمانێکی نوێ دەردەکات و بەو پێیەش ڕێگە بە کرێکارانی کۆمپانیای نەوت دەدات کە بەپێی پێویستی ناوخۆ نەوت بەرهەم بهێنرێت، بۆ ئەو مەبەستەش ئەندازیار مەهدی بازرگان ڕادەسپێرێت کە لیژنەیەک دروست بکات و بڕواتە خوزستان و سەرپەرشتی بەرهەم هێنانی نەوت بکات بە مەرجی ئەوەی کە:

*١- سەرباز و هێزە چەکدارەکان لە کێڵگە نەوتیەکان بڕۆنە دەرەوە.*

*٢- نەوت و بەرهەمەکانی، تەنها بە پێی پێویستی ناوخۆ بەهەم بهێنرێت و هەنارده کردن ڕابگیرێت.*

*٣- لەشکر و هێزە چەکداریەکانی دیکە بڕی نەوتی بەرهەم هێنراوی ناوخۆیی پاوان نەکەن و بۆ پێویستی گشتی*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەکار بهێنرێت(٩٣).

ئەمەش بەتەواوی ئابوری ئێرانی ئیفلیج کرد و بزوتنەوەی جەماوەری بە تەواوی لە دەستی حکومەت و شا دەردەچێت، هەربۆیە شا دەکەوێتە بیری ئەوەی کە حکومەتی هاوپەیمانی نیشتیمانی پێک بهێنێت، بۆ ئەو مەبەستەش داوا لە چەند کەسایەتیەکی نیشتیمانی و بێلایەنی وەک: دوکتۆر ئەمینی، ئەندازیار مەهدی بازرگان، دوکتۆر کەریم سەنجابی و دوکتۆر غولامحسەین صدیقی دەکات کە حکومەتی نیشتیمانی پێک بهێنن، بەڵام هەریەکەیان بە بیانویەک داواکەی شا ڕەت دەکەنەوە(٩٤). بەم شێوەیە سەرەنجامی ئەم قەیران لە دوای قەیرانانە دەگۆڕێت بۆ شۆڕشێک کە کۆتایی بە فەرمانڕەوایی شاهشاهی لە ئێران دەهێنێت(٩٥).

سەرەنجام محمد ڕەزاشا داوا لە شاپور بەختیار کە ئەندامی جەبهەی میلی بوو دەکات کە حکومەت پێک بهینیت و ئەویش بەچەند مەرجێک قبوڵی دەکات کە بریتین لە:

١- ئازادی چاپەمەنی. ٢- هەڵوەشاندنەوەی ساواک. ٣- ئازاد کردنی زیندانیانی سیاسی. ٤- گواستنەوەی موڵک و دارایی ڕیکخراوی (دامەزراوە) پەهلەوەی بۆ دەوڵەت. ٥- هەڵوەشاندنەوەی لیژنەی چاودێری شاهنشاهی کە وەک حکومەت لە نێو حکومەت، دەستی وەردەدایە تەواوی کارەکانی حکومەت. ٦- خۆی مافی دیاریکردنی تەواوی وەزیرەکانی هەبێت. ٧- شا سەفەر بکات بۆ دەرەوەی ئێران(٩٦). کە لە ڕاستیدا فەرەحی شاژنی ئێران هەڵوەشاندنەوەی دەزگای سیخوڕی ساواک بە زەبری کۆتایی دەزانێت کە لە پەیکەری ڕژێمی پاشایەتی ئێران درابێت(٩٧).

ئەمە لەکاتێکدا بوو کە دوای ئەوەی ڕەوشەکە بە تەواوی ئاڵۆز دەبێت، سولیڤانی باڵوێزی ئەمریکا لە تاران سەردانی شا دەکات و داوای لێدەکات ئێران بەجێ بهێڵێت(٩٨)، لەو کاتەدا سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەستی دەکات و بە شا دەڵێت: (ئێستە ئێران بەجێ بهێڵیت، باشترە لەوەی کە کاتژمێرێکی دیکە دوابکەویت) (٩٩). لە لایەکی دیکەشەوە بە وتەی فەرەحی هاوسەری شا، ئەمریکا و بەریتانیا داوا لە شا دەکەن کە حکومەت ڕادەستی شاپور بەختیار بکات و ئێران بەجێ بهێڵێت(١٠٠).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرنجام و بەناچاری، محمد ڕەزاشا بە مەرجەکانی بەختیار ڕازی دەبێت و لە ٣٠ - ١٢ - ١٩٧٨ (٩ دی ١٣٥٧) فەرمانی بون بە سەرۆک وەزیرانی بۆ دەردەکات(١٠١) و ئەمەش نارەزایەتی خێرای جەبهەی میلی بەدوای خۆیدا دەهێنێت و بە پێی فەرمانێک لە ڕۆژی شەممە ڕیکەوتی ٩ دی ١٣٥٧ شاپور بەختیار لە ڕیزەکانی خۆی دەردەکات(١٠٢)، بەڵام بەختیار لەکارەکانی خۆی بەردەوام دەبێت و لە ٦ - ١ - ١٩٧٩ کابینەی حکومەتەکەی پێک دەهینێت و لە وتارێکی تەلەفزیۆنیدا لە ١١ - ١ - ١٩٧٩، کە وێنەیەکی د. مصدق ڕیبەری پێشوی جەبهەی میلی لەپشت سەرەوە هەڵواسیبوو، چەندین بڕیار دەدات لەوانە، ئەنجامدانی چاکسازی هەڵوەشانەوەی حکومەتی سەربازی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد، هەڵوەشاندنەوەی ساواک، دەستبەسەرداگرتنی داراییەکانی دامەزراوەی پەهلەوی... هتد، لەگەڵ ئەوەشدا ڕایدەگەیەنێت کە ئیمام خومەینی (گاندی ئێران) دەتوانێت بگەڕێتەوە ئێران(١٠٣). هاوکات ئامادەیی خۆشی دەردەبڕێت کە بڕوات بۆ فەرنسا و گفتوگۆ لەگەڵ ئیمام خومەینی بکات، بەڵام ئیمام خومەینی بە مەرجی دەستلەکار کێشانەوە ئامادە بوو پێشوازی لێبکات(١٠٤).

ئیمام خومەینی ڕۆژێک دوای پێکهێنانی کابینەی شاپور بەختیار، ڕاگەیەندراوێک بڵاو دەکاتەوە و تیایدا حکومەتی بەختیار بە نایاسایی و خائین و داردەستی بێگانە ناودەبات و لەوەش زیاتر دەڕوات و مامەڵەکردن لەگەڵی بە حەرام دەزانێت(١٠٥)، وە هەروەها بە پێی فەرمانێک لە ١٢ - ١ - ١٩٧٩ (٢٢ دی ١٣٥٧)، (شورای انقلاب اسلامی - ئەنجومەنی شۆڕشی ئیسلامی) دادەمەزرێنێت و ڕیکارەکانی چۆنیەتی گواستنەوەی حکومەت دیاری دەکات(١٠٦).

*دوای سەرکەوتنی شۆڕش ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە ئاشکرا دەبن کە بریتی بوون لە: (بەنی صدر، بازرگان، یەزدی، قطب زادە، بەهەشتی، مطهری، رفسنجانی و باهونەر) (١٠٧). لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەفسنجانی لە یاداشتەکانیدا ناوی چەند کەسێکی دیکەی وەک (دوکتۆر سەحابی، موسوی ئەردەبیلی) دەبات و باس لەوەش دەکات کە دواتر چەند کەسێکی دیکەی وەک، دوکتۆر شەیبانی، تیمسار قەرەنی و موهەندیس سەحابی، بوون بەئەندامی ئەنجومەنەکە و ئیدی ئەم ئەنجومەنە سەرپەرشتی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دکرد(١٠٨).*

محمدڕەزاشا لە ١٦ - ١ - ١٩٧٩ بەچاوی گریانەوە و بەسەفەرێکی بێ گەڕانەوە ئێران بەجێدەهێڵێت(١٠٩) و لە لایەن ئەفسەر و بەرپرسە باڵاکانی وڵات و و ئەندامانی کابینەی نوێیەکەی بەختیارەوە ماڵ ئاوایی لێدەکرێت (١١٠)، ئەمەش دەبێتە هۆی دڵخۆش بوونی خەڵک و ژمارەیەکی زۆری خەڵک دەرژێنە سەرشەقامەکان(١١١)، ڕۆژی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٢ - ١ - ١٩٧٩ (٢ بەهمەن١٣٥٧)، نوسینەگەی ئیمام خومەینی لە نۆفل لوشاتۆ ی فەرەنساوە، ئامادەیی ئیمام خومەینی بۆ گەڕانەوە بۆ ئێران ڕادەگەیەنێت(١١٢). ئەمەش دەبێتە هۆی نیگەرانی ئەمریکا(١١٣).

سەرەنجام و دوای چەند ڕۆژ داخستنی فڕۆکەخانەی مهرابادی تاران لەلایەن شاپور بەختیار، ئیمام خومەینی لەگەڵ ١٥٠ ڕۆژنامەنوسی بیانی لە ڕۆژی ١ شوباتی ١٩٧٩ (١٢ بەهمن ١٣٥٧) بە فڕۆکەی ژمارە ٧٤٧ی کۆمپانیای (ئێرفرانس) فەرەنسی دەگاتەوە شاری تاران(١١٤) و لەلایەن زیاتر لە ٣ ملیۆن کەس پێشوازی لێ دەکرێت(١١٥) و دواتر لەوێوە و لەنێو ئاپۆڕای جەماوەردا دەڕواتە بەهەشتی زەهرا(١١٦) و لە وتارێکیدا بڕیاری خەبات دژی حکومەتی بەختیار و دامەزراندنی دەوڵەتی نوێ ڕادەگەیەنێت(١١٧) و دواتر لەڕۆژی ١١شوبات (٢٢بەهمەن) شۆڕش بە تەواوی سەرکەوتنی خۆی ڕادەگەیەنێت(١١٨).

ئەم سەرکەوتنە کاتێک بەدیهات کە (عەباس قەرەباغی) سوپاسالاری ئێران بێلایەنی سوپا لە کێشە نێوخۆیی و سیاسیەکانی ئێران ڕادەگەیەنێت(١١٩)، ئەمەش لەکۆبونەوەیەکی باڵای هێزە چەکدارەکانی ئێران بە بەشدای ٢٧ کەس لە فەرماندە باڵاکان و فەرماندەی هێزەکانی شاهنشاهی، لە ڕۆژی ١١ شوبات ١٩٧٩ (٢٢ بەهمەن ١٣٥٧) بێلایەنی هێزە چەکدارەکان ڕادەگەیەنن و ڕاگەیەندراوێک بڵاو دەکەنەوە و تیایدا هاتووە کە: (لەشکری ئێران ئەرکی پاراستنی سەربەخۆیی و سنورەکانی وڵاتی لەسەرشانە و تا ئێستا هەوڵی داوە کە بەپشتیوانی حکومەتی یاسایی وڵات، ئەرکی خۆی بە باشترین شێوە ڕاپەڕێنێت. بە سەرنجدان لە گۆڕانکاریەکانی ئەم دواییەی وڵات، ئەنجومەنی باڵای لەشکر لە کاتژمێر ١٠:٣٠ی ڕۆژی ٢٢ بەهمەن ١٣٥٧کۆبونەوەی خۆی ئەنجامداو بەمەبەستی ڕێگری لە ڕژاندنی خوێن و سەرهەڵدانی ئاشوب، بەکۆی دەنگ بڕیاری بێلایەنی خۆی لە ململانێ سیاسیەکانی ئێستای وڵات ڕادەگەیەنێت و فەرمان بە یەکە سەربازیەکان کراوە کە بگەڕێنەوە بارەگاکانی خۆیان. لەشکری ئێران هەمیشە و بەردەوام پشتیوانی گەلی نەجیب و بەشەرەفی ئێران بووە و بەو شێوەیەش دەمێنێت و بەتەواوی توانامانەوە پشتیوانی لە داواکاری مافەڕەواکانی گەلەکەمان دەکەین)( ١٢٠). بەم شێوەیە دوای ڕاگەیاندنی بێلایەنی هێزە چەکدارەکان، لە دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژدا، شۆڕش لەڕێگەی ڕادیۆ تارانەوە دوایین هەواڵی سەرکەوتنی خۆی ڕادەگەیەنیت(١٢١) و بە کۆتایی هاتنی کابینەی ٣٧ ڕۆژەی شاپور بەختیار، تەمەنی ٢٥٠٠ ساڵەی سیستمی میراتی شاهنشاهی لە ئێران دەپێچرێتەوە(١٢٢).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دەرەنجام:

*لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە:*

بەرز بوونەوەی دەنگی ناڕەزایی لە ئێران دژی ڕژێمی میراتی پاشایەتی لەو وڵاتە، قۆناغ بە قۆناغ بووە و تیایدا پیاوانی ئاینی ڕۆڵێکی باڵایان هەبووە لە کۆکردنەوەی جەماوەر و بەرز کردنەوەی دەنگی ناڕەزایی و بەمەش لە ساڵی ١٩٧٨ بەدواوە، قۆناغەکانی خێراتر بوون و هێدی هێدی بە لوتکە دەگات، تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە کۆتایی بە ڕژێمی پاشایەتی بهێنرێت.

گرنگی نەدان بە ڕۆڵ و پێگەی پیاوانی ئاینی لە لایەن خودی شا و بەرپرسەباڵاکانی دیکەی ئێران و تەنانەت هەندێکجاریش کاردەگەیشتە ئەوەی کە سوکایەتیان پێبکرێت، چاپکردنی وتاری (استعمار سرخ و سیا) باشترین نمونەیە کە تیایدا قسەی ناشرین بە خودی ئیمام خومەینی درابوو، ئەمەش بوویە هۆی نیگەران کردنی پیاوانی ئاینی و فراوان بوونی ناڕەزایەتیەکان، تەنانەت هەندێک لە شارەزایانی مێژووی ئێران بە یەکەم پریشکی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئێران ناوی دەبەن. کە ئیدی لەوکاتە بە دواوە کەسایەتی ئیمام خومەینی وەک ڕێبەری شۆڕش لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران، ناوبانگی دەرکرد.
بێباوەڕ بوونی دام و دەزگاکانی حکومەت لەلای خەڵک، تەنانەت لە ڕوداوەکانی وەک سوتاندنی سنەما ڕکسی ئابادان و مردنی مصطفی ی کوڕی ئیمام خومەینی و کوشتنی خۆپیشاندەرانی مەیدانی ژاڵە، کە حکومەت هەرچەندە خۆی بە بێتاوان دەردەخست، بەڵام لە شەقامی ئێرانیدا بە تاکە تاوانبار دەناسرا، هەربۆیە خەڵکی بەگشتی بەشداری پرسەی کوژراوانی مەیدانی ژاڵە و کوڕی ئێمام خومەینی دەکەن و تەنانەت لە ئێرانیش پرسە بۆ مصطفی خومەینی دادەنێن و هەر لە یەکێک لەو پرسانەدا، بۆ یەکەمجار نازناوی ئیمام بە خودی ئیمام خومەینی دەبەخشرێت و کاریگەری زۆری لەسەر دروستکردنی یەکدەنگی و یەکڕیزی خۆپیشاندەران دەبێت.

هەروەها بوونی کەسایەتی کاریزمایی و خاوەن بڕیاری ئیمام خومەینی وەک سەرکردەی ناڕەزاییەکان، بەتایبەت دوای سەفەر کردنی بۆ فەڕەنسا، کە ئیدی لەگەڵ جەبهەی میلی ڕێکەتننامە واژۆ دەکات و لەوێوە پەیام و ڕاگەیەندراوەکانی دەگەیەنێتە ئێران، لەگەڵ ئەوەشدا تێکەڵکردنی بابەتە سیاسیەکان بە پرسە دینیەکانەوە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنانەت هەندێک جار ڕاگەیەندراوەکانی وەک فەتوا دەردەکرد و تیایدا هەمو جۆرە هاوکاریکردنێکی لەگەڵ حکومەت و سیستمی پاشایەتی لە ئێران بە حەرام دادەنا.

## بەڵگەنامەی ژمارە (١)

***ڕاگەیەندراوی د. کەریم سەنجابی، سەرۆکی جەبهەی میلی ئێران***

**سەرچاوە:**

***غلامرضا نجاتی (سرهنگ): تاریخ بیست و پنج ساله ایران (از کودتا تا انقلاب)، مؤسسه خدمات فرهنگی رسا، چاپ نهم، تهران، ١٣٩٠، ص١١٣١.***

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢)

***پەیامی ئایەتوڵا خومەینی بۆ موهەندیس مەهدی بازرگان، دەربارەی دابینکردنی بەرهەمە نەوتیەکان بە مەبەستی بەکارهێنانی ناوخۆ***



ابلاغیه قائد اعظم امام خمینی درباره «نفت داخل»

۲۸ محرم / ۹۹
۸ دی ۱۳۵۷

بسم الله الرحمن الرحیم

جناب آقای مهندس بازرگان

پس از اهداء سلام و تهنیت بطوریکه مسبوق هستید کارگران و کارمندان محترم شرکت نفت به منظور همکاری و همگامی با مبارزات ملت مسلمان ایران به منظور جلوگیری از صدور نفت به خارج دست به اعتصاب زده اند اما دولت غاصب وغیرقانونی نظامی با تهاجمات سبعانه خود و اعمال زور و ارعاب می خواهد این اعتصابات را جهت ادامه غارت نفت بشکند وهمچنین در حالیکه نفت و فرآورده های نفتی برای مصارف داخلی تولید می شود و یا موجود می باشد از پخش آن در داخل جلوگیری نموده و سعی مینماید تا ایجاد فشار و ناراحتی های بیشتری را برای مردم بنماید. برای مقابله با این برنامه های دولت غاصب و تامین نیازهای مردم در مرحله تحقق شرایط زیر لازم است:

۱ ــ نظامیان از مناطق و مراکز نفتی بیرون بروند و دخالتی در امور مربوطه ننمایند و از ایجاد هرگونه ارعاب در بین کارکنان خودداری نمایند.

۲ ــ نفت و فرآورده های نفتی فقط به اندازه مصرف داخلی تولید شود و از صدور نفت به خارج تا سقوط رژیم غیرقانونی فعلی بطور کامل جلوگیری بعمل آید.

۳ ــ ارتش و نظامیان حق احتکار مواد نفتی را که برای مصرف داخلی تهیه می شود ندارند و از آن باید جلوگیری شود.

با توجه به مراتب بالا مقتضی است جنابعالی که در اداره صنایع عظیم نفت دارای سوابق و تجارب فراوان هستید یک هیئت ۵ نفری مرکب از جناب آقای حجة الاسلام شیخ اکبر هاشمی رفسنجانی وجناب آقای مهندس مصطفی کتیرائی و دو نفر دیگر را با نظر خودتان و مشورت آقایان تعیین نمائید و این هیئت تحت سرپرستی جنابعالی مناطق نفتی را بازرسی نموده و در امر تولید نفت با احراز شرایط ذکر شده در بالا نظارت نمائید وضمن ابلاغ مراتب تشکر ملت ایران از کارگران زحمتکش و کارمندان محترم، عده لازم را به بازگشت به سر کار و ادامه تولید در حد مصارف داخلی دعوت فرمائید و شرایط بالا را به کارمندان و کارگران تذکر دهید که اگر دولت غاصب هریک از شرایط بالا را نقض نمود جریان نفت بکلی قطع گردد و به سایر اعتصابیون ملحق گردند. در این صورت مسئولیت قطع نفت صرفاً متوجه دولت خواهد بود و از مدیران صنعت نفت انتظار داریم که در این امر مهم حیاتی و در این مرحله حساس کنونی با هیئت اعزامی همکاری همه جانبه وصادقانه بنمایند.

از خداوند تعالی استقلال و عظمت کشور و توفیق ملت را برای بدست آوردن آزادی و استقلال خواستارم.

والسلام علیکم
روح الله الموسوی الخمینی




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرچاوە:

***غلامرضا نجاتی (سرهنگ): تاریخ بیست و پنج ساله ایران (از کودتا تا انقلاب)، مؤسسه خدمات فرهنگی رسا، چاپ نهم، تهران، ۱۳۹۰، ص۱۱۳۸.***

**بەڵگەنامەی ژمارە (۳)**

***ڕاگەیەندراوی جەبهەی میلی، بەمەبەستی دورخستنەوەی د. شاپور بەختیار لە ڕیزەکانی خۆی***



بنام خدا

استقرار حاکمیت ملی
هدف جبهه ملی ایران است

هم میهنان

اطلاعیه

طبق گزارشهای رسیده آقای دکتر شاپور بختیار عضو جبهه ملی ایران بدون رعایت انضباط سازمانی ماموریت تشکیل دولت را پذیرفته اند.

جبهه ملی ایران بدان سان که اعلام داشته است، نمی‌تواند با وجود نظام سلطنتی غیر قانونی با هیچ ترکیب حکومتی موافقت نماید.

شورای مرکزی جبهه ضمن تقبیح شدید اقدام آقای دکتر شاپور بختیار به آگاهی همگان میرساند که در این شرایط تشکیل دولت از طرف ایشان بهیچ روی با مصوبات آرمانی و سازمانی جبهه ملی ایران سازگاری ندارد و بهمین دلیل از عضویت جبهه ملی ایران برکنار می‌شوند.

شنبه نهم دی ماه ۱۳۵۷

شورای مرکزی
جبهه ملی ایران

سەرچاوە:

غلامرضا نجاتی (سرهنگ): تاریخ بیست و پنج ساله ایران (از كودتا تا انقلاب)، مؤسسه خدمات فرهنگی رسا، چاپ نهم، تهران، ۱۳۹۰، ص۱۱۳۸.

سەرچاوە:

١- اشرف پهلوی: خاطرات اشرف پهلوی، بەکوشش پژمان ازادفدا، انتشارات به افرین، چاپ چهارم، تهران، ۱۳۹۰، ل۷۸.
٢- حسين فردوست: ظهور و سقوط سلطنت پهلوی (خاطرات ارتشبد سابق حسين فردوست)، ويراسته، عبدالله شهبازی، انتشارات اطلاعات، مؤسسه مطالعات و پژوهشهای سياسی، جلد اول، چاپ بيست و هشتم، تهران، ۱۳۸۸، ص ٥٦٣.
٣- حسين فردوست: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦٤.
٤- محمـود طلـوعی: داسـتان انقـلاب، نشـر علـم، چاپخانـه مهـارت، چـاپ ششـم، تهـران، ١٣٨٤، ص٢٤٤.
٥- غلامرضا نجاتی: تاريخ بيست و پنج ساله ايران (از كودتا تا انقلاب)، مؤسسه خدمات فرهنگی رسا، چاپ نهم، تهران، ١٣٩٠، ص٦١٨؛ ماورين زونيس: شكست شاهانه (روانشناسی سخصيت شاه)، ترجمه، عباس مخبر، انتشارات طرح نو، چاپ و صحافی سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٠، ل٣٠٥.
٦- اشرف پهلوی: سەرچاوەی پێشوو، ص٢٩٠.
٧- محسن بهشتی سرشت (دكتر): زمانه و زندگی امام خمينی، انتشارات پژوهشكده امام خمينی و انقلاب اسلامی، چاپ مؤسسه چاپ و نشر عروج، چاپ اول، تهران، ١٣٩١، ص٣٦- ٣٧؛ سجاد راعی گلوجه: بازتاب و پيامدهای رحلت اسرار اميز مصطفی خمينی به روايت اسناد، مركز اسناد انقلاب اسلامی، چاپ و صحافی چاپخانه مركز اسناد و انقلاب اسلامی، چاپ دوم، تهران، ١٣٩١، ل١٧.
٨- سجاد راعی گلوجه: بازتاب و پيامدهای رحلت اسرار اميز مصطفی خمينی به روايت اسناد، مركز اسناد انقلاب اسلامی، چاپ و صحافی چاپخانه مركز اسناد و انقلاب اسلامی، چاپ دوم، تهران، ١٣٩١، ل١٨؛ محسن بهشتی سرشت: هەمان سەرچاوەی پێشو، ل٤٦.
٩- سجاد راعی گلوجه: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦- ٣٧.
١٠- محمود طلوعی: دوايين شای ئێران (نهينی گەلێک لە ژيان و ڕۆژگاری محمد ڕەزاشای پەهلەوی)، و، ئەرکان ئەحمەد جاف، چاپخانەی گەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٣٣٩؛ محمدهادی فلاح زاده: جمهوری اسلامی ايران، اشنايی با كشورهای اسلامی (٤)، انتشارات مؤسسه فرهنگی مطالعات و تحقيقات بين المللی ابرار معاصر ايران، چاپ و صحافی باقری، چاپ دوم، تهران ١٣٨٦، ل٦٥.
١١- پيتراوری و... ديگران: تاريخ ايران كمبريج دوره پهلوی (قسمت دوم )، ترجمه، دكتر تيمور قادری، انتشارات مهتاب- ابفام، جلد هفتم، چاپ اول، تهران، ١٣٨٨، ل١١٧؛ محمدهادی فلاح زاده: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٢- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: اکبر فلاحی: تاریخ شفاهی زندگی و مبارزات امام خمینی در نجف، انتشارات مرکز اسناد انقلاب اسلامی، چاپ و صحافی چاپخانه مرکز اسناد و انقلاب اسلامی، چاپ اول، تهران، ١٣٩٠، ل٢٣- ٣٠؛ سجاد راعی گلوجه: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

١٣- اکبر فلاحی: سەرچاوەی پێشوو،ل ١٤٨.

١٤- احمد علی مسعود انصاری: سرگذشت خاندان پهلوی در دوران اوارگی (خاطرات احمد علی مسعود انصاری)، مؤسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی، چاپ هفتم، تهران، ١٣٨٨، ل١١٢؛ فەرەح پەهلەوی: نهێنیەکانی شا و فەرەح، و، مەجید مارابی، چاپخانەی گەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١١، ل٤٨٢.

١٥- پیتراوری و... دیگران: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

١٦- نەوشیروان مصطفی ئەمین: لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ (دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥- ١٩٧٨)، بەرلین، ١٩٩٧، ل٣٥.

١٧- اسمیه چانو: التاج الایرانی، نشر مکتبه مدبولی، الطبعه الاولی، بیروت- لبنان، ١٩٨٧، ص١٢٢؛ محمدهادی فلاح زاده: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦؛ اکبر فلاحی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٤.

١٨- حسن روحانی (دکتر): خاطرات دکتر حسن روحانی، انتشارات مرکز اسناد انقلاب اسلامی، جلد اول، چاپ و صحافی چاپخانه مرکز اسناد انقلاب اسلامی، چاپ اول، تهران، ١٣٨٨، ل٤١٣؛ اسمیه چانو: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢.

١٩- اسمیه چانو: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢.

٢٠- فریده دیبا: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٦.

٢١- سجاد راعی گلوجه: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨- ٥٩؛ حسن روحانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٤.

*. حسن ڕوحانی لە وتارەکەیدا ژیانی روح الله خومەینی بەراورد دەکات بە ژیانی حەزرەتی ئیبراهیم و دواتر ئاماژە بەوە دەکات کە هەردوکیان کوڕی خۆیان لە ئاوارەییدا کردووەتە قوربانی، هەربۆیە بە خوێندنەوەی ئایەتی (١٢٤)ی سورەتی (البقره) کە بە حەزرەتی ئیبراهیم دەفەرموێت (انی جاعلک للناس اماما)، باس لەوە دەکات کە گەلی ئێرانیش (روح الله خومەینی)ی بە ئیمامی خۆیان دەزانن و بۆیە دەڵێت (ئیمام خومەینی)، ئیدی لەوکاتەوە بە ئیمام خومەینی دەناسرێت و ناو دەبرێت، بۆ خوێندنەوەی دەقی تەواوی وتارەکە، بڕوانە: حسن روحانی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦٩- ٦٨٩.

٢٢- اکبر فلاحی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥١؛ حسن روحانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٧.

**. دەربارەی نوسین و نوسەری ئەم وتارە چەند بۆچونێکی جیاواز هەیە. فەریدەی دیبا، دایکی فەرەح و خەسوی شا لەوبارەوەڕەدایە کە لە لایەن (ئەمیر عەباسی هوەیدا)وە نوسراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، فریدە دیبا: فریده دیبا: دخترم فرح (خاطرات فریده دیبا مادر فرح پهلوی)، ترجمه، الهه رئیس فیروز، انتشارات به افرین، چاپ شانزدهم، تهران، ١٣٩٠، ل٣٨٥- ٣٨٧؛ هەروەها داریوش هومایون، وەزیری ئیتلاعاتی ئەوکات، لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی (بی بی سی) باس لەوە دەکات کە بەبێ ئاگاداری خودی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شا، کەس ناتوانێت شتی لەو جۆرە بنوسێت و بڵاوی بکاتەوە. بڕوانە: محسن بهشتی سرشت: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٣؛ ئەمە لەکاتێکدایە کە داریوش لە یاداشتەکانیدا باس لەوە دەکات کە ئەم وتارە بە فەرمانی شا و لە نوسینگەی هوەیدا، ئامادە کراوە، بڕوانە: غلامرضا نجاتی: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢٤؛ بەڵام هەندێکی دیکە لەو بڕوایەدان کە پەرویز نیکخوا نوسەری ئەم وتارەیە و ئابراویش دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لەسەر هەمان تۆمەت لەسێدارە درا، بڕوانە:

محمود طلوعی: داستان...، ل٢٨٤.

٢٣- امال کامل السبکی (دوکتۆر): مێژووی سیاسی ئێران لە نێوان دوو شۆڕشدا (١٩٠٦- ١٩٧٩)، و، شەماڵ ئەحمەد، چاپخانەی گەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٩٤؛ یراوند ابراهامیان: تاریخ ایران مدرن، ترجمە، محمد ابراهیم فتاحی ولیلایی، نشر نی، چاپ و صحافی علی، چاپ نهم، تهران، ١٣٩٢، ل٢٨٢.

٢٤- یراوند ابراهامیان: تاریخ ایران مدرن، ترجمە، محمد ابراهیم فتاحی ولیلایی، نشر نی، چاپ و صحافی علی، چاپ نهم، تهران، ١٣٩٢، ل٢٨٢؛ حسین فردوست: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧٥؛ پیتراوری و... دیگران:

سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.

٢٥- مظفر شاهدی: مظفر شاهدی: حزب رستاخیز؛ اشتباه بزرگ، مؤسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی، جلد دوم، چاپ اول، تهران، ١٣٨٢، ل٣٣١؛ فەرەح پەهلەوی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٤.

٢٦ماورین زونیس: شکست شاهانه (روانشناسی سخصیت شاه)، ترجمه، عباس مخبر، انتشارات طرح نو، چاپ و صحافی سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٠، ل٤٤١؛ احمد علی مسعود انصاری: سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.

٢٧محمود طلوعی: دواین شا...، ل٣٧٢.

٢٨- حسین فردوست: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦٧.

٢٩- محسن بهشتی سرشت: سەرچاوەی پێشو، ل٣١١.

٣٠- یراوند ابراهامیان: تاریخ ایران.....، ل٢٨٣.

٣١- فریده دیبا: دخترم فرح (خاطرات فریده دیبا مادر فرح پهلوی)، ترجمه، الهه رئیس فیروز، انتشارات به افرین، چاپ شانزدهم، تهران، ١٣٩٠، ل٣٣٩؛ رابرت هایزر: مأموریت در تهران (خاطرات ژنرال هایزر)، ترجمه. علی اکبر عبدالرشیدی، انتشارات اطلاعات، چاپ و صحافی مؤسسه اطلاعات، چاپ ششم، تهران، ١٣٨٩، ل١٣٥.

٣٢- یراوند ابراهامیان: ایران بین دو انقلاب (درامدی بر جامعه شناسی سیاسی ایران)، ترجمه، احمد گل محمدی و محمد ابراهیم فتاحی ولیلایی، نشر نی، چاپ غزال، چاپ سیزدهم، تهران، ١٣٨٧، ل٦٢٥؛ امال کامل السبکی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٦.

٣٣- محسن بهشتی سرشت: سەرچاوەی پێشو، ل٣١١.

٣٤- غلامرضا نجاتی: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣٩.

٣٥- محمود طلوعی: داستان...، ل٢٦٣.

٣٦- ماورین زونیس: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٧؛ محمود طلوعی: دواین شا...، ل٣٦٩.

٣٧- محمود طلوعی: داستان...، ل٣١٠.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣٨- حسن روحانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٣؛ محسن بهشتی سرشت: سەرچاوەی پێشو، ل٣١٢.

٣٩- محسن بهشتی سرشت: سەرچاوەی پێشو، ل٣١٣.

*** . لەبارەی ژمارەی سوتاوەکانەوە، بۆچوونی جیاواز هەیە، ئەشرەفی خوشکی شا لە یاداشتەکانیدا بە (٤٧٧)کەس باسی دەکات. بڕوانە: اشرف پهلوی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٣؛ غوڵامرەزا نەجاتی بە (٢٧٧) کەس باسی دەکات. بڕوانە: غلامرضا نجاتی: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤٠؛ ابراهامیان و روحانی لە نوسنەکانیاندا ئاماژە بە (٤٠٠) کەس دەکەن. بڕوانە: یراوند ابراهامیان: تاریخ ایران.....، ل٢٨٤؛ حسن روحانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٢.

٤٠- عەبباسی میلانی: مەتەڵۆکەی هوەیدا، و، عەبدوڵڵا حەسەن زادە، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، کوردستان، ٢٠١٠، ل٤٩٦.

٤١- یراوند ابراهامیان: تاریخ ایران.....، ل٢٨٤؛ عەبباسی میلانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٦.

٤٢- یراوند ابراهامیان: ایران بین...، ل٦٣٣.

٤٣- پیتراوری و... دیگران: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٨؛ محمود طلوعی: دواین شا...، ل٣٧٢.

٤٤- اشرف پهلوی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٣؛ پیتراوری و... دیگران: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٩.

٤٥- حسن روحانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٢؛ حسین فردوست: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧٩.

٤٦- احمد علی مسعود انصاری: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨؛ اشرف پهلوی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٣؛ حسین فردوست: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧٩.

٤٧- عەبباسی میلانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٠.

٤٨- یراوند ابراهامیان: ایران بین...، ل٦٣٤.

٤٩- محسن بهشتی سرشت: سەرچاوەی پێشو، ل٣١٤؛ محمود طلوعی: داستان...، ل٣١٨.

٥٠- فەرەح پەهلەوی: نهێنیەکانی شا و فەرەح، و، مەجید مارابی، چاپخانەی گەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١١، ل٤٥١.

٥١- احمد علی مسعود انصاری: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠.

٥٢- محسن بهشتی سرشت: سەرچاوەی پێشو، ل٣١٤.

٥٣- احمد علی مسعود انصاری: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩؛ حسن روحانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٥.

٥٤- حسن روحانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٥؛ محسن بهشتی سرشت: سەرچاوەی پێشو، ل٣١٦؛ ماورین زونیس: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥١.

٥٥- محسن بهشتی سرشت: سەرچاوەی پێشو، ل٣١٦.

٥٦- وەرگیراوە لە: یراوند ابراهامیان: ایران بین...، ل٦٣٦.

٥٧- احمد علی مسعود انصاری: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٩.

٥٨- یراوند: ابراهامیان تاریخ ایران.....، ل٢٨٥.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٥٩- اردشیر زاهدی: اردشیر زاهدی و رازهای ناگفته سلسله پهلوی، بە کوشش، سعید قانعی، انتشارات مهتاب، چاپ دوم، تهران، ١٣٨١، ص٢٣.

٦٠- اشرف پهلوی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٦.

٦١- عەبباسی میلانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٥؛ اشرف پهلوی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٦؛ حسن روحانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٦.

٦٢- محسن بهشتی سرشت: سەرچاوەی پێشو: ل٣١٧.

٦٣- امال کامل السبکی: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٩؛ یراوند ابراهامیان: ایران بین...، ل٦٣٨.

٦٤- محسن بهشتی سرشت: سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٧؛ یراوند ابراهامیان: ایران بین...، ل٦٣٨.

٦٥- اشرف پهلوی: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠١.

٦٦- محمود طلوعی: دواین شا...، ل٣٧٣.

٦٧- امال کامل السبکی: سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٦.

٦٨- اسمیه چانو: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦.

٦٩- حسن روحانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦١؛ اکبر فلاحی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٨- ٢٦٠.

٧٠- بڕوانە، اکبر فلاحی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٨- ٢٦٠.

٧١- محمدهادی فلاح زاده: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

٧٢- محسن بهشتی سرشت: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٤.

٧٣- حسن روحانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٢.

٧٤- حسین فردوست: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦٩.

٧٥- پیتراوری و... دیگران: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٥؛ حسین فردوست: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨٤.

٧٦- اشرف پهلوی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٢.

٧٧- رابرت هایزر: مأموریت در تهران (خاطرات ژنرال هایزر)، ترجمه. علی اکبر عبدالرشیدی، انتشارات اطلاعات، چاپ و صحافی مؤسسه اطلاعات، چاپ ششم، تهران، ١٣٨٩، ل١٠٢.

٧٨- بڕوانە: نورالدبن کیانوری: خاطرات نورالدین کیانوری ١٢٩٤- ١٣٧٨، انتشارات اطلاعات، چاپ و صحافی مؤسسه اطلاعات، چاپ چهارم، تهران، ١٣٨٨، ل٤٩٣.

٧٩- پیتر گالبرایت: پایان عراق، چگونه بی کفایتی امریکا جنگ نافرجامی رقم زد؟، ترجمه. محمد زمان راستگو، فرج الله ایزدی، مؤسسه فرهنگی هنری و انتشارات مرکز اسناد انقلاب اسلامی، چاپخانه مرکز اسناد انقلاب اسلامی، چاپ اول، تهران، ١٣٩٢، ص٣٢.

٨٠- نەوشیروان مصطفی ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن (دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩- ١٩٨٣)، بەرلین، ١٩٩٧، ل٢٠.

٨١- محسن بهشتی سرشت: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٣- ٣٥٥.

٨٢- غلامرضا نجاتی: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠٣.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٨٣- یراوند ابراهامیان: ایران بین...، ل٦٤١؛ حسن روحانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧١.

٨٤- بۆ دیتنی دەقی تەواوی ڕیکەوتننامەکە بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (١).

٨٥- اسمیه جانو: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦؛ ماورین زونیس: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٩.

٨٦- عەبباسی میلانی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩٨؛ محمود طلوعی: دواین شا...، ل٣٧٥؛ هەروەها بۆ خوێندنەوەی تەواوی دەقی وتارەکەی شا بڕوانە: محمود طلوعی: داستان...، ل٣٤٤- ٣٤٦.

٨٧- یراوند ابراهامیان: ایران بین...، ل٦٤١.

٨٨- احمد علی مسعود انصاری: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣؛ فەرەح پەهلەوی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٨؛ ماورین زونیس: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٣.

٨٩- حسین فردوست: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧٠.

٩٠- غلامرضا نجاتی: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩٧؛ رابرت هایزر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

٩١- یراوند ابراهامیان: ایران بین...، ل٦٤٥؛ رابرت هایزر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

٩٢- محسن بهشتی سرشت: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٦.

٩٣- محسن بهشتی سرشت: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٨. بۆدیتنی دەقی ڕاگەیەندراوەکە بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٢).

٩٤- غلامرضا نجاتی: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨٧- ٧٩٦؛ فەرەح پەهلەوی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٦- ٤٩٧؛ حسین فردوست: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩٠- ٥٩١.

٩٥- ماورین زونیس: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠.

٩٦- غلامرضا نجاتی: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠٥.

٩٧- فەرەح پەهلەوی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٨.

٩٨- اشرف پهلوی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨؛ اردشیر زاهدی: سەرچاوەی پێشوو، ل٣١؛ فەرەح پەهلەوی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٥؛ رابرت هایزر: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

٩٩- اردشیر زاهدی: سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

١٠٠- فریده دیبا: دخترم فرح، ل٣٩٧.

١٠١ یراوند ابراهامیان: ایران بین...، ل٦٤٧.

١٠٢- بۆ دیتنی دەقی ڕاگەیەندراوەکە، بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٣).

١٠٣- محسن بهشتی سرشت: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٢؛ یراوند ابراهامیان: ایران بین...، ل٦٤٧.

١٠٤- هاشمی رفسنجانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٨- ٣٢٩؛ رابرت هایزر: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٣.

١٠٥- رابرت هایزر: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣١؛ هەروەها بۆ خوێندنەوەی دەقی ڕاگەیەندراوەکە بڕوانە:

غلامرضا نجاتی: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠٦- ٨٠٧.

١٠٦- بۆ خوێندنەوەی دەقی ڕاگەیەندراوەکە بڕوانە: محمود طلوعی: داستان...، ل٤٢٩- ٤٣١.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٠٧- يراوند ابراهاميان: ايران بين...، ل٦٥١.

١٠٨- هاشمی رفسنجانی: دوران مبارزه (کارنامه و خاطرات هاشمی رفسنجانی، خاطرات، تصويرها، گاه شمار)، به اهتمام، مهندس محسن هاشمی، نشر معارف انقلاب، چاپ غزال، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٦، ل٣٢٣.

١٠٩- فريده ديبا: سەرچاوەی پێشو، ل٣٩٨- ٣٩٩؛ احمد علی مسعود انصاری: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣؛ محمود طلوعی: دواين شا...، ل٣٧٦؛ رابرت هايزر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٥.

١١٠- ماورين زونيس: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧.

١١١- عەبباسی میلانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٥١١.

١١٢- محسن بهشتی سرشت: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٨- ٣٩١.

١١٣- رابرت هايزر: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

١١٤- غلامرضا نجاتی: سەرچاوەی پێشوو، ٩٢١- ٩٢٢.

١١٥- يراوند ابراهاميان: تاريخ ايران.....، ل٢٨٧.

١١٦- هاشمی رفسنجانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٢؛ رابرت هايزر: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٧.

١١٧- اسميه چانو: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣؛ رابرت هايزر: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٧.

١١٨- نورالدبن كيانوری: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠٢؛ محمدهادی فلاح زاده: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

١١٩-. فەرەح پەهلەوی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٦.

١٢٠- هادی نخعی؛ يكتا حسين: پيدايش نظام جديد (بحرانهای داخلی و تولد نيروهای مسلح انقلاب ٢١ بهمن ١٣٥٧ تا ١٦ ارديبهشت ١٣٥٨، روزشمار جنگ ايران و عراق- زمينەسازی، مركز اسناد و تحقيقات دفاع مقدس، كتاب اول، چاپ قلم اذين، چاپ سوم، تهران، ١٣٩١، ص ٥٨.

١٢١- يراوند ابراهاميان: تاريخ ايران.....، ل٢٨٨؛ يراوند ابراهاميان: ايران بين...، ل٦٥٢.

١٢٢- احمد علی مسعود انصاری: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤؛ حسين فردوست: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠٤.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی میللەت پریس - ڕێکەوتی: ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شۆڕشی ١٣٥٧ و ڕووحانییەتی شیعە



**سمایل بازیار**

چەندین هۆکاری جۆراجۆر بۆ بەرپابوونی شۆڕشێ ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ لەلایەن لێکۆڵەران و خاوەن ڕایان هاتۆتە بەرباس، وەک: پەرەسەندنی نارێک، ئیستبدادی نەفتی، نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یان بە بۆچوونی سەڵتەنەت تەڵەبەکان پیلانی دەرەکی (کۆنفرانسی گواد لۆپ) بە هۆی گرتنەبەری سیاسەتی سەربەخۆخوازانەی حەمەڕەزا شا، کە ئەمەیان بە بڕوای من کەمتر لە عەقڵدا دەگونجێ. بێگومان شۆڕشێکی لەم چەشنە بەربەرین و جەماوەری وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی مێژوویی ناتوانێ «تەک سەبەبی» بێ و هەموو هۆکارەکانی کە ئاماژەیان پێ کرا کەم و زۆر ڕۆڵیان هەبووە لە هەڵگیرسانی ئەم شۆڕشەدا.

لە نێو ئە فاکتەرانەدا، فاکتەری تەزادی سوننەت و مودێرنە لە کۆمەڵگەی ئێراندا یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانە، بەم چەشنە کە پرۆژەی مودێرنیزاسیونی شا بە خێرایی دەرگای بە تەواوی بەڕووی والاکرا، ئەوەش بەبێ دیقەت و زەرافەت لەگەڵ ستراکتۆرە نەریتییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانیی (ئیسلامی - شیعە) کە پێککەوتن و ئەمە کێشەی گەورەی نایەوە. ڕووحانییەتی شیعە لەم تەزادە گەورەترین کەڵکی وەرگرت و بە شێوەیەکی لێزانانە ئەم پێکدادانەی قۆستەوە و لە هەستی ئایینیی خەڵک کەڵکی خراپی وەرگرت بۆ مەرامە سیاسییەکانی خۆی، ئەگەر لە بیرمان بێ لە ڕەوتی شۆڕشدا خۆپیشاندەران پێش هەموو شوێنێک هێرشیان دەبردە سەر سینەماکان، مەشروب



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فروشی و بارِ و کابارەکان، وەک شوێن گەلێک کە هەڕەشە بوون بۆ کولتوور و فەرهەنگی ئیسلامی. لە ڕاستیدا ئێستاشی لە گەڵ بێ تەزادی سەرەکیی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئیسلامی هەر ئەمەیە و «ئیسلامی سیاسیش» بەرهەمی ئەم تەزادەیە. «ئیسلامی سیاسی» دژکردەوەیەکە بە هاتنی کولتوورو فەرهەنگی ڕۆژئاوا وڕووحانییەتی شیعەش دروشمی پاراستنی کولتووری ئیسلامیی کە کەوتوتە بەر هێرش کولتووری بێگانە و کافرانی بەرز کردوە، هەروەک ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی لە وڵاتانی دیکە کە ئەمە بە ئەرکی خۆیان دەزانن.

ڕووحانیەتی شیعە لە مێژووی سیاسی - کۆمەڵایەتی ئێراندا پاشخانێکی چەند سەد ساڵەی هەبوو. لە ساڵی ١٥٠١ی زایینییەوە کە مەزهەبی شیعە بە هۆی بنەماڵەی سەفەوییەوە بە زەبری شمشیر بوو بە مەزهەبی ڕەسمی، لەو کاتەوە کولتووری سیاسیی ئێران لە سەر دوو کۆڵەکەی مەزهەب و دەوڵەت ڕاوەستاوە. ڕووحانییەتی شیعە کە نوێنەرایەتیی مەزهەبی دەکرد لەوکاتەوە لەگەڵ دەوڵەت هاوتەریبی یەکتر خاوەن نفووز و پێگە و دەسەڵات بوون. پەیوەندیی ئەم دوو دامەزراوەیە، واتە دەوڵەت(شایەکان) و ڕووحانییەتی شیعە هەندێک جار دۆستانە و هەندێک جار دوژمنانە بووە و لە مەترسی کەوتنی بەرژەوەندییەکانیان یا پاراستنیان شێوازی ئەم پەیوەندییەی دیاری کردوە. شایەکانی ئێران ئەگەر مەشرووعیەتی مەزهەبییان نەبا وەک قاجارەکان، دەبوو دەستەوداوێنی ڕووحانییەت بن و باجیان پێ دابان. سەفەوییەکان کە شەجەرەی خۆیان بردبۆوە سەر ئیمام موسا کازم پێویستییان بە شەرعیەت وەرگرتن لە ڕووحانییەت نەبوو - هەڵبەت ئەم شەجەرەسازییەش ئەسڵ و ئەساسی نەبووە - بەڵام قاجارەکان لەم مەشروعییەتە بێبەش بوون و بە ناچار پەنایان بۆ ڕووحانییەت بردوە. ڕووحانییەت لەسەردەمی قاجارەکان بە نیسبەت ڕابردوو هێزێکە، کە بەتەواوی شان لە شانی شا دەدا. ڕووحانییەت بۆتە چینێکی خاوەن زەویی گەورە کە لە سەردەمی سەفەوییەوە زەوییەکانی «وەقف» پێ بڕاوە و هەم شەرعیەتی بە شا داوە بۆ حوکمرانی. ئەم ئۆتوریتە و هێزی ڕووحانییەت بەدەسپێکی شەڕەکانی قاجارەکان لە گەڵ ڕووسیە (١٨٠٣ - ١٨١٣) و (١٨٢٦ - ١٨٢٨) ئەوەندەی دیکە پەرەی ستاند، چونکە شا بۆ هاندان و بەسیجی خەڵک بۆ بەرەکانی شەڕ پەنایان بۆ ڕاگەیاندنی جیهادی ڕووحانیەت لە دژی «ڕووسە کافرەکان» برد! و ئەمە ئەوەندەی دیکەی وەسەرخستن و مەیدانیان درایە.

بزاڤی تووتن یا ڕووداوی «ڕژی» (١٨٨٠ ز) یەکەم بزاڤی سیاسی بوو لە ئێراندا. ڕووحانیەتی شیعە لەم کاتەوە تا ساڵی ١٣٥٧(١٩٧٩ز) لە هیچ ڕووداوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا نەبووە کەم و زۆر ڕۆڵی نەبێ و ئەم ڕۆڵ بینە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆرجار دواکەوتووانە و لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بووە، بەڵام مۆرک و نیشانی خۆیان لە ڕووداوەکە داوە. لێرەدا مەجالی ئەوە نیە بە وردی ئاماژە بە هەمووان بکەم، بەڵام وەک نمونە: هەر لە بزاڤی توتندا ڕووحانییەک بە ناوی میرزای شیرازی بە حەرام ڕاگەیاندنی بەکارهێنانی توتن و تەنباکۆ دەوڵەتی ناچاربە هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیای تالبۆتی بەریتانیا کرد. ڕووحانییەت لە بزاڤی مەشرووتەشدا ڕۆڵی بەرچاویان بینی، وەک ئەوەی شیخ فەزڵوڵڵای نوری بە هێنانە ئارای «مەشرووتەی - مەشرووعە« هاتە گۆڕەپانەکە. ڕووحانییەت ئەوکات مەبەستیان بوو کە یاساکانی شەرع لە کۆمەڵگەدا جێبەجێ بکرێ کە بەهۆی وشیاریی ڕووناکبیرانی ئەوسەردەم سەری نەگرت. بە ڕێکەوت نەبوو خومەینی دەیگوت «شۆڕش عولەما کردیان و ڕووناکبیران لێیان دزین»! لە ساڵی ١٣٠٣ ئێران لە یەک هەنگاویی گوڕینی سیستمی پادشایی بۆ کۆماری بوو، بەڵام دژایەتیی ڕووحانییەتی شیعە لەگەڵ سیستمی کۆماری - چونکە لە تورکیە ڕووحانیەت لە سیستمی کۆماری زەرەرمەند ببوون - ڕەزاخانی نەخوێندەوار بەڵام زیرەکی لە هەڵگرتنی ئەم دروشمە پاشگەزکردەوە. ڕووحانییەتی شیعە لە قۆناغی ١٣٢٠ - ١٣٢٢ لە پشتی «ڕێکخراوی فیداییانی ئیسلام» بوون، ئەو گرووپەی کە تیرۆرە سیاسیەکانیان دەکرد. لە بزاڤی خۆماڵی کردنی نەوتیشدا، حەمەڕەزاشا لە ڕێکەوتی ٩ی ڕەشەممەی ١٣٣١ئێرانی بەجێ دەهێشت، چونکی موسەدیق قەناعەتی پێ هێنابوو کە بۆ ماوەیەک ئیران بەجێ بێڵێ؛ بەڵام ئایەتوڵڵا بێهبەهانی و کاشانی نەیانهێشت. لە ڕاستیدا لەو قۆناغەدا ١٣٢٠ - ١٣٣٢ پەیوەندیی ڕووحانییەت و سەڵتەنەت کەمتر گرژیی تێکەوتووە، چونکی مەترسیی کۆمۆنیزم، ئەوانی هان دەدا بۆ پاڵوێکدان. هاندانی خەڵک بۆ ڕاپەڕینی ٣٠ی پووشپەری ١٣٣١ و پشتیوانی لە کودەتای حەمەڕەزاشا لە دژی موسەدیق و دواجار ڕاپەڕینی ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢ کە ئیتر بۆخۆیان بەتەنیا ڕێبەرایەتییان کرد و دیاردەی خومەینیی لێ کەوتەوە و بە دوای مردنی بروجێردیدا - کە بە پێچەوانەی «مودەڕیس»و «کاشانی» سیاسەت پیشە نەبوو - مەرجەعی گەورەی شیعەکان ئەستێرەی بەختی درەوشایەوە. لە ڕاستیدا وەک چۆن ڕووداوی «ڕژی» تەمرینێک بوو بۆ بزاڤی مەشرووتە، ئەم ڕاپەرینەش خۆ ئامادە کردنی ڕووحانیەت بوو بۆ شۆڕشی ١٣٥٧.

### ڕووحانیەتی شیعە چۆن توانیان لە یەک ساڵەی شۆرشدا جڵەوی خۆپیشاندانەکان و شۆرش بەدەستەوە بگرن؟

ڕووحانییەت بە لەبەرچاو گرتنی ئەو پاشخانە سیاسی - کۆمەڵایەتییەی کە هەیان بوو و دووجار هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، لە بزاڤی مەشرووتەدا هەوڵیان دا بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی شەرع لە کۆمەڵگەدا و لە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢دا قەڵەمبازێکی جیددیان هاویشت بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات. ڕووحانیەت هەر لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەتاوە بەرنامە و ئامانجی دیاریکراویان هەبوو بۆدامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە سەر بنەمای «ویلایەتی فەقیە ». لە سەردەمی فەتحعەلیشای قاجارەوە، واتە لە ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەردا ئەحمەد نەراقی باسی لە «ویلایەتی فەقیە» کردبوو. خومەینی لە نەجەف و لە کۆتایی چلەکاندا تێزەکەی خۆی لەم بارەوە نووسی و لە چەندین شوێندا ئاماژەی بە قسەکانی ئەحمەد نەراقی دەکا؛ بەڵام ئەمەیان زیرەکانە بە پەیرەوی لە »تەقیە»ی شیعەکان ئاشکرا نەدەکرد. دروشمەکانیان دیار بوون: «ئیستقلال، ئازادی؛ حکومەتی ئیسلامی»، «نهضت ما حسینی، رهبر ما خمینی». پەیڕەوییان لە ڕێبەرێکی تاقانە و لێبڕاو دەکرد. خومەینی بە هیچ جۆر لەگەڵ شا سازشی نەکرد. ئیمکاناتی ماڵیی بەرفراوانیان لە بەر دەستدا بوو. ڕووحانیەتی شیعە بە هۆی کەڵکوەرگرتن لە داهاتی وەک «سهم امام» یا «وجوهاتی شەرعی» هەمیشە بێ نیاز بوو لە دەوڵەت و هیچ حەوجێیەکی پێی نەبووە. تورێکی پەیوەندیی بەربڵایان لە بەردەستدا بوو و قسە و گوتاریان بە هۆی مزگەوتەکان و مەلاکان کە دەگەیشتە هەموو شوێنێک تەنانەت کوێرە گوندەکانیش، بە سەرتاسەری ئێراندا بڵاو دەبۆوە. لە شوێنە یاساییەکان وەک مزگەوت، حوسێنییە و دامەزراوە خێرخوازەکان بۆ ڕێکخستن و کۆبوونەوەکانیان کەلکیان وەردەگرت. کەڵکوەرگرتن لە بۆنە جۆراجۆرەکانی ئایینی و هەروەها ئۆستوورە و سیمبولەکانی ئایینی شیعە فاکتەرێکی دیکەی بەهێزبوونی ئەوان بوو. لە بەرامبەردا گرووپەکانی دیکەش پرش و بڵاو و بە دروشمی جیاواز و تەنانەت دژ بە یەک بوون.

***ئێستا پرسیارێکی بە جێ دێتە گۆڕێ، لەم ڕووداوەدا «چەپ» لە کوێ بوو؟***

لە ڕاستیدا لە خەبات بەدژی ڕێژیمی حەمەڕەزاشادا هێزەکانی چەپ لە خاکرێزی هەرەپێشەوەدا بوون، تەلەفاتی هێزەکانی چەپ بە بەراورد بە هێزە ئیسلامییەکان یەک بە دەیە، تەنانەت دەکرێ بڵێین پتریش. ئەگەر لە ساڵی ١٣٣٢ «وارتان»ەکان لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لە دەست دەدا و دەبوونە ئیلهامی شێعری «نازلی» بۆ ئەحمەد شاملوو، لەلایەن ڕووحانییەتەوە بارانی برووسکەی پیرۆزبایی بۆ گەڕانەوەی شای شیعە بۆ سەر تەخت و تاج دەچوو. وەچەی دووهەمی چەپ لە دەیەی چلدا خۆی بە ئاو و ئاگردا دەکرد و گاڵتەی بە مردن دەهات و هاوڕێ لەگەڵ ئارمانخوازەکانی کوردی ٤٧ - ٤٦ دوڕگەی ئارامی شایان شڵەژاند. بەڵام تا ساڵی ١٣٥٥ شا بەهۆی دەزگای ساواک و پۆلیسەوە تەفروتونای کردبوون. ڕێبەرانیان یا کوژرابوون، یا گیرابوون. حیزبی توودەش کە ڕێبەرەکانی لە پەنا دیواری بێرلین و لایپزیک پاڵ کەوتبوون، دووراودوور سەیری ڕووداوەکانیان دەکرد. پێگەی سەرەکیی چەپ لە نێو خوێندەوار و زانکۆییدا بوو و ئەمانەش مەگەر سەتا چەندی پێکهاتەی دانیشتووانی ئێرانیان پێک دەهێنا؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە بیرمان نەچێ لە ساڵی ١٣٥٧دا هێشتا پتر لە نیوەی دانیشتووانی ئێران لە گوندەکاندا دەژیان. کەس زانی کە ڕێبەری بە ڕابردووترین حیزبی چەپی ئێرانی بە کوێدا و کەی گەڕاوە بۆ وڵات؟ دواتر زانیمان لە پاش سەرکەوتنی شۆڕش و لە مانگی ڕەشەممەدا گەڕابۆوە ئێران و بینیشمان کە خومەینی لە ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧دا لە نێو ئەفیانووسێکدا کە بە دروشمی «دیو چو بیرون رود فرشته در آید» چوبوونە پێشوازی، گەڕایەوە. فریشتەیەک! کە ئەو پێشوازییە مەزنەش هەستی نەجووڵاند و گوتی: «هیچ احساسی ندارم» و ماڵم حەقە زۆر زووش چەنگاڵەکانی ئەو دێوەزمەیە لە ژێر باڵی فریشتەدا دەرکەوتن. لێرەدا «بیژەنی جەزنی»مان دێتەوە یاد، کەسایەتیی ناسراوی سەر بە وەچەی دووهەمی چەپ و دامەزرێنەری ڕێکخراوی چریکە فیداییەکان کە ساڵی ٤٦ گیرا و ساڵی ٥٤ لە زینداندا کوژرا. ئەو لە کتێبی «تاریخی سی ساله»دا کە هەر لە زینداندا نووسی، دەڵێ: «خومەینی لە نێو جەماوەردا بە تایبەتی لەنێو توێژەکانی کاسبکاری وردەبۆرژوازیدا خۆشەویستییەکی کەم وێنەی هەیە و لە ئەگەری چالاکیی سیاسیی تا ڕادەیەک کراوەدا، پێشوازی و سەرکەوتنێکی گەورە وەدەست دێنێ.»

ڕووحانییەتی شیعە توانی بە هۆی «عەلی شەریعەتی» بۆشایی نفووز لەنێو لاوەکان و زانکۆکانیشدا پڕ بکاتەوە. شەریعەتی بێ ئەوەی خۆی بیهەوێ ئاوی لە ئاشی ڕووحانییەت کرد، لەبەر ئەوەی خۆیشی ڕووحانییەتی پێ دواکەوتوو بوو. شەریعەتی بە خوێندنەوەیەکی شۆڕشگێرانە لە ئیسلام و بونیاتنانەوەی ڕادیکاڵانە لە ئیسلام توانی سەرنجی لاوەکان و خوێندکاران ڕابکێشێ. ئەو بە قەرزوەرگرتن لە مارکسیزم، ئێگزیستانسیالیزمی سارتەر و لەژێرکاریگەریی «فرانس فانۆن» لە داهێنانێکی وشیارانەدا خوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ ئیسلام کرد، واتە »تشیع علوی و تشیع سەفەوی». مێهدی فەتاپوور، یەکێک لە ڕێبەرانی فداییان دەڵێ: «ساڵی ١٣٥٠ کە گیرام کەش و هەوای زانکۆ لە ژێر گۆتاری چەپدا بوو، بەڵام ساڵی ١٣٥٥ کە ئازاد بووم ئەو هاوسەنگییە وەک خۆی نەمابوو و ئیسلامییەکانیش حزووری بەرچاویان هەبوو». ئەم تێکچوونی هاوسەنگییە بێ ئەملاوئەولا بۆ کاریگەریی شەریعەتی دەگەڕێتەوە.

ئێستا کە ٣٩ ساڵ لەم ڕووداوە ڕادەبرێ، وەبیر وتەیەکی بە نرخی «ئەحمەد کەسرەوی» دەکەومەوە کە خۆیشی بوو بە قوربانیی دەمارگرژیی ڕووحانییەتی شیعە و ساڵی ١٣٢٤ لەلایەن فیداییانی ئیسلامەوە تیرورکرا. کەسرەوی دەڵێ: ***«دەبێ ڕووحانییەت لە ئێراندا بە دەسەڵات بگەن هەتا خەڵک نێوەرۆکی ڕاستەقینەی ئەوانی بۆ دەرکەوێ».*** ئەمن ئەو وتەیە گشتگیرتر دەکەم و دەڵێم؛ ***ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئیسلامی هەتا***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*تاقی نەکرێتەوە، لەو کۆمەڵگەیانەدا بە کەڵکوەرگرتن لە هەستی ئایینیی کۆمەڵانی خەڵک و دروشمی پۆپۆلیستی و ئیسلامخوازانە و شکستی مۆدیلەکانی پێشوو، ژمارەی دەنگەکانی لە سەرووی هەموو هێزەکانی دیکە دەبێ. ئەوە لەتاقیکاریی دەستەڵات دایە کە ئیسلامی سیاسی فەشەل دێنێ، ئەوە نیە لە ئێراندا و لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا دەبینین کە خەڵک چۆن سەرەکیترین بنەماکانی دەسەڵاتی ئیسلامی تور هەڵ دەدەن و چیتر بە دروشمەکانی ڕیفۆرمخوازەکان هەڵناخەڵەتێن.*

ئەم واقعییەتە لە زمانی خۆشیان دەبیستریّ کە دەڵێن ٧٥ لەسەدی خەڵک ناڕازییە. ئەم ئەزموونکردنەش تێچووی زۆری هەیە لە ئێراندا کە پێشەنگی هاتنەسەر دەسەڵاتی «ئیسلامی سیاسی» بوو. لە ڕاستیدا شۆرشی ساڵی ٥٧ شۆڕشی ئیسلامی بوو و ڕووحانییەتی شیعە مودیرییەت و ڕێبەریی کرد و تائێستا بە نرخی تەمەنی دوو وەچە تەواو بووە.

چی لەگەڵ دەکریّ کە ئەمە واقعییەتێکی تاڵ و ڕەقی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئیسلامییە.

(لە ژمارەی ٧٢١ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٨

---

*کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی*

*ڕێبەندانی ٢٠١٨ی کوردی - فێبریوێری ٢٠١٩ی زایینی*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org







کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org